البديل OCAL
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

# ڕەوت

ژمارە ٨
نۆڤەمبەری ٢٠٢٠
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

## بەرەنگاری لە نێو جەرگەی کەرتی کارەباوە..



دوای ماوەیەک لە کۆبونەوەو بیروڕا گۆڕینەوە لە نێو یەکدا، کرێکاران وکارمەندانی کەرتی کارەبای سلێمانی لە ڕۆژی ١٠.١٧. ٢٠٢٠ لە بەردەم باخی گشتی لە سلێمانی کۆبونەوەیەکی نارەزایەتی و کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەرییان ئەنجامدا. کۆبونەوە نارەزایەتیەکە هاودەنگێەکی جەماوەری فراوانی لە کوردستان کوکردەوە و وەک پێشەنگی خەباتێکی جەماوەری فراوان بەگشتی ڕاوەستانەوە لەبەرامبەر سیاسەتی فرۆشتنی کەرتی کارەبا بە سەرمایەداری کەرتی تایبەت وە لەهەمانکاتدا لەبەامبەر دواخستنی کرێ و دابینکردنی دەرماڵەکان و هەلومەرجی کاردا نارەزایەتیان دەربڕی. شایانی وتنە ئەم جوڵانەوە نارەزایەتیەی کرێکاران و کارمەندانی کەرتی کارەبا لە سلێمانی لەلایەن زۆرێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاوکرایەوە و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ هەلسوڕاواندا ئەنجامدا( ڕۆژنامەی ڕەوت چاوپێکەوتنی لەگەڵ چوارلە هەلسوڕاوانی ئەم نارازەیەتیە ئەنجامدا.

## ڕاپەرینی ئۆکتۆبەر ،"پەرەی سپی" و نیولیبرالیزم لەعیراقدا

گفتوگۆ ی ڕۆژنامەی "ڕەوت" لە گەڵ موئەیەد ئەحمەد .......... ل٣

## نابێ کوردستان بکرێتە مەیدانی شەڕی کۆنەپەرستانەی پارتی و پەکەکە

بە دوای ئەو ڕێکەوتننامەیەی نێوان دەوڵەتی مەرکەزی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر مەسەلەی شەنگال، کێشە و ئاڵۆزیەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) چووە قۆناغێکی توندوتیژی ترەوە. ئەڵبەتە ماوەیەکە جەنگێکی میدیاییان دژی یەکتر بەرپا کردوە و هەموو ئاڕاستەکان ئاماژە بەوە ئەدەن کە ئەم شەڕی ڕاگەیاندنە بەرە و پەلاماردانی سەربازی دەچێ.

بەرژەوەندیە سیاسی و سەربازیەکانی پارتی و پە کە کە و ستراتیژیان هەر چیەک بێت، وە پاڵپشتیی و هاوئاهەنگی سیاسی و سەربازی پارتی لە گەڵ تورکیا و دەوڵتی مەرکەزی عێراقدا هەر جۆریک بێت، شەری نێوان پارتی و پەکە کە لە جەنگیکی کۆنەپەرستانە و دژ بە ویست و ئارەزوەکانی خەڵکی کوردستان زیاتر شتێکی تر نیە. شەڕێکی لەم جۆرە مایەی ماڵوێرانی و کوشتن و بڕینی خەڵکی کریکار و زەحمەتکێشی کوردستان و دانیشتوانی ئەو ناوچانەیە کە ئەم شەڕە ئەیانگرێتەوە.

پارتی، کە ئەمڕۆ لەبەرامبەر تاکە نەیارەکەی خۆیدا لە کوردستان، (یەکیەتی)، زوربەی جومگەکانی دەسەڵاتی کەوتۆتە دەست و وەک هێزی یەکەم خۆی نمایش دەکا، لە ناو قەیرانێکی قوڵی ئابوری و سیاسی کۆمەڵایەتیدا گیری خواردوە و دەستە وەستانە لە ئاقاریدا، ئەمەش بۆتە یەکێک لە هۆکاری هەڵگیرسانی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە بەمەبەستی خەفە کردن وسەرکوتکردنی هەر دەنگێکی ناڕازی لە کوردستاندا و شانخاڵی کردنەوە لە بەرامبەر هەر جۆرە بەرپرسیارەتیەک لە ژیان وگوزەرانی خەڵکی کوردستان و پاراستنی تەندروستیان لە پەتای کۆرۆنا. ئەمە لەلایەک، و لەلایەکی تر، بە درێژایی 30 ساڵ لە دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی خۆی بۆتە سەری ڕم بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی دەوڵەتی کۆنەپەرستی تورکیا لە ناوچەکە.

پەکەکەش وەک هێزێکی تری بورژوا ناسیۆنالیستی کورد و بزوتنەوەی کۆنەپەرستی کوردایەتی، نابەرپرسانە ژیان و گوزەرانی خەڵکێکی زۆری ئەو ناوچانەی کەوتونەتە ژێر کۆنترۆڵیەوە، خستۆتە ژێر هەڕەشەی بەردەوامی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە بەتایبەت تورکیا، و ئارامی و ئاسایشی بۆ ئەو خەڵکە نەهێشتۆتەوە. لەباری فکری و سیاسیشەوە لەشکرێکی لە باڵی چەپی ئەم بزوتنەوە کوردایەتیە پێکهێناوە کە ڕۆڵێکی مەترسیدار دەگێڕن لە چەواشەکردنی جەماوەر لە ژێر پەردەی "نمونەیەکی جیاواز لە دەسەڵات و حوکمڕانی" ، وەک ئەوەی لە کوردستانی سوریا پیادەی دەکا .

جەماوەری کوردستان مێژوویەکی تاڵیان هەیە لەگەڵ سیاسەتی پەلامردانی یەکتری کە بەردەوام حزبەکانی کوردایەتی پەنایان بۆ بردوە ، چونکە لە دوا جاردا هەر ئەوان باجەکەیان داوە .

کرێکاران و زەحمەتکێشان و جەماوەر لە کوردستان بەگشتی هیچ بەرژەوەندیەک نایان بەستێتەوە بە سیاسەت وبەرژەوەندی پارتی و پەکەکە و هێزەکانی بۆرژواناسیۆنالیستی کوردی بەگشتی. هەر بۆیە جیاکردنەوەو ڕاگرتنی ڕیزی سەربەخۆی خۆیان لە بەرامبەر سیاسەتی شەڕەنگێزانەی ئەم هێزە کۆنەپەرستانە، مەسەلەیەکی حەیاتیە بۆیان.

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق، لە کاتێکدا کە سەرکۆنەی هەر پێکدادانێکی سەربازی نێوان ئەم لایەنانە دەکا، بانگەوازی هەموو لایەن و حزب و گروپە چەپ و سۆشیالیستەکان وخەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و عێراق و ناوچەکە دەکا تا بە دژی هەڵگیرسانی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە بوەستن.

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لەعێراق

2020/ 11 / 6

البديل OCAL
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

## فرۆشتنی دامەزراوەی کارەبا بە کەرتی تایبەت

نەوزاد بابان

کرێکاران و کارمەندانی کەرتی کارەبا کە لە کاتی خۆیدا دەیان جار نارەزایەتیان دەربڕیوە تا سیستمی موچە و دەرماڵەکانیان وەک هی ناوەڕاست و خواروی عێراقی لێبێت، وە چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە ئەم خواستەیان بێتەدی، بەڵام نەک هەر نەهاتەدی بەڵکو حکومەتی هەرێم موچەکانیانیشیانی بەناوی پاشەکەوتی زۆرە ملێیەوە دواخست و هەر بە چەند مانگ جارێک موچەیەک وەردەگرن.

ئەوەمان بیر نەچێ کەرتی کارەبا هەزاران قوربانی داوە لە پێناوی ڕوناکیدا و کەرتە خزمەت گوزاریەکانی تر هەمووی بەم کەرتەوە بەستراوەتەوە، بەڵام ئەم دەسەڵاتە بێدەربەست و میلیشیایە بەهیچ شێوەیەک پێزانین و ئاوڕدانەوەی بۆ ئەم کەرتە حەساس و پڕ خزمەت گوزاریە نەبووە کە قوربانیەکی زۆریشی داوە ئەویش بەهۆی دابین نەکردنی پێداویستیەکانی سەلامەتی شوێنی کار. ئەم حکومەتە لەگەڵ ئەوەدا بە ملوێنەها دۆلار سەرف دەکا بۆ مشەخۆرانی سەردیوار و بندیواری حزبی بەڵام موچەی کارێکاران و کارمەندانی کارەبا چەندین مانگ دوادەخات، دەرماڵەی مەترسی خەرج ناکات و پێداویستیەکانی سەلامەتی کار دابین ناکات.

جا هەر لە بەردەوامی شانخاڵی کردنی حکومەتی هەرێم لە بەرپرسیارەتی خزمەتگوزاریەکان و بردنەپێشی سیاسەتی خەسخەسەدا، وە دوای ئەوەی ئەم سیاسەتی خەسخەسەیە بنکۆڵی کەرتی پەروەردە و خوێندن و تەندروستی بەتەواوەتی کردووە، ئێستا نۆرەی کەرتی کارەبایە کە حکومەتی هەرێم لە زمان بریکاری وەزارەتی کارەباوە، لە دووی ئەم مانگی ئۆکتۆبەرەدا، ڕایگەیاند، کە تا کۆتایی مانگی دوانزەی ئەمساڵ کەرتی کارەبا ڕادەستی سەرمایەدارانی کەرتی تایبەت دەکەن.

دیارە بەتایبەتی کردنی کەرتی کارەبا هەلومەرجی کارکردن و ژیانی کرێکاران و کارمەندانی ئەم کەرتە هەرچی زیاتر سەخت دەکاتەوە ئەویش بۆ بەدەستهێنانی قازانج و سودی هەرچی زیاتری کۆمپانیا ئەهلیەکان کە وەبەرهێنان دەکەن لەم کەرتەدا. بەڵام ئەم هێرش و دەستدرێژیە هەر بۆسەر کرێکاران و کارمەندانی کارەبا نیە بەڵکو بۆسەر تەواوی هاوڵاتیان و خەڵکی زەحمەتکێش و کەم دەرامەتی کوردوستانیشە کە باری گوزەرانیان خەراپتر دەکات، هەروەک لە خەسخەسەی کەرتی تەندروستی و وێرانکردنی خەستەخانە گشتیەکان و هەروەها کەرتی خوێندنیشدا دەیبینین کە چ بارگرانیەکی خستۆتە سەر خەڵکی ئەم وڵاتە.

هەر ئەم سیاسەتی خەسخەسەشە بەدێژایی سێ دەیە سەروەت و سامانی کۆمەڵگەی لەدەست کەمایەتیەکی خاوەن کۆمپانیا زەبەلاحەکاندا کۆکردۆتەوە کە هەر خۆشیان خاوەن دەسەڵاتی هەرێمەکە و فەرمانڕەوان لەڕێگەی هێزە میلیشیاکانیانەوە و زوربەی هەرەزۆری خەڵکی

بۆ ل٢

## لەم ژمارەیەدا:

● کرێکارانی کەرتی کارەبای سلێمانی بۆ ڕۆژنامەی ڕەوت ئەدوێن.... ..ل٢
● شەنگاڵ ئەوبرینەی تا ئەمڕۆش خوێنی لێ دەچۆڕێ !
عەبدوڵا صالح................................... ...ل٤
● ئەو کاروانەی بۆ هەواری ئێمە نەچوو، چاوپێکەوتن لە گەڵ سالار ڕەشید..............................ل٩
● هێزی دەربڕین لە جەنگی ئازادیدا
جەمال کۆشش.................................... .ل١٠
● لەڕوانگەی چینایەتیەوە ....عوسمان زیندانی...... ..ل١٠
● دەست لەناو دەست ، با پێکەوەڕاپەڕین بەرەو سەرکەوتن بەرین !.................................ل١١
● هیچ ئەگەرێک لە پێشماندا نەماوە، تەنها سەرکەوتن نەبێت! ..........ل١١

بانیژەی ئەدەب و کلتوور
ئامادەکردنی/ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) و جەمال کۆشش
ل٥

# کرێکارانی کەرتی کارەبای سلێمانی بۆ ڕۆژنامەی ڕەوت ئەدوێن

**ڕۆژنامەی ڕەوت:** سوپاس هاوڕێ هەلمەت ، ماندوو نەبن ودەستی خەباتکارانەت دەگوشین، دەمانەوێت سەبارەت بەکۆنگرە ڕۆژنامەگەرییەکەی ڕۆژی ١٧.١٠.٢٠٢٠ هەندێک پرسیارت ئاراستە بکەین ، یەکەم پرسیارمان ئامانجیتان لە م کۆنگرە ڕۆژنامەوانیە چی بوو؟

**هەڵمەت :** سوپاس بۆ ئێوە، ئامانجمان

بە ئاگاهێنانەوەی حکومەت بوو کە چینێک لە کارگەر هەیە لە کەرتی کارە با لە



سۆنگەی ئەوە وە کە کارە با پیویستە یەکی سەرەکیە لە دابین کردن و پێشکەش کردنی خزمەت گوزاریەکانی تر وەک تەندروستی و ئاسایش و ئاو

کاتێ کارەبا نەبێ ئەوانیش بەشێوەکی ڕێک و پێک بەر جەستە نابێ

بۆیە بە حکومەتمان گووت ئێمە لە کەرتی کارە با رۆڵێکی کاریگەر دەگێڕین و لە کاتێکا کە کۆمەڵگە کەرەنتینی کرا و هەتا ئێستاش کارمەندانمان لەم کەرتە بەبێ دابڕان دەوامی خۆیان کردووەو کارەبایان لەبەرهەم هێنان و دابەش کردن و چاکسازیش دا بە شیوەیەکی باش پێشکەش کردوە بۆیە ناکرێ لە ڕیزی کەرتە هەستیارەکاندا هەژمار نەکرێ .

**ڕۆژنامەی ڕەوت :** ئێوە کۆمەڵێ خاڵی پێشنیار کراویتان خستە بەردەم ڕای گشتی و دەسەڵات وەک داواکاری ئێوە یەکێک لەو خاڵانەی کە بەتوندی لەدژی وەستانەوە بەتایبەتی کردنی کەرتی کارەبا بوو دەکرێ لەسەر ئەم خاڵە رونکردنەوەی پێویست بدەی ؟

**هەڵمەت:** سەبارەت بە تایبەت کردنی کەرتەکەمان

بە تایبەت کردنی کارەبا بەشیوەیەکی گشتی بارگرانیەکی ترە بۆ سەر گوزەرانی هاولاتیان لە نێویشیاندا هەژاران و کەم دەرامەتەکان وەک کەرتی تەندرووستی و خویندن و تارادەیەکیش ئاو و خۆڵ و خاشاک ڕشتن کە ئەمانە باری گوزەرانی خەڵکیان گران کردوە جۆرێک لە بێمتمانەیشی دروست کردوە لە کەرتە گشتیەکان

بۆیە کارە باش وەک پێداویستیەکی هەنوکەیی بۆ هاوولاتی بارگرانی دروست دەکات چونکە بەبێ گومان نرخ وەک خۆی نامێنێ ئەگەر چی دەلێن ونابێت ئەمە لەلایەک لایەکی تر لە نیو کارمەندانی کەرتی کارە بادا لە سەدا حەفتا لەسەر کار دەمێننەوە واتە لە سەدا سی بە زیادە دادەنین بۆیە حکومەت مەجبوور دە بێت بەسەر فەرمانگەکانی تردا دابەشیان بکا هەر چەند دووربێت لە پسپۆری و یارەزووی کارە وە کارمەند دەبێ قبوڵی بکات

جا ئەو لە سەدا حەفتایەی دەمێنێتەوە دەبێ کارە کانی ئەوانیتریش واتە لە سەدا سی یەکە ڕا پەڕێنێت بە واتایەکی تر

ئەرکەکەیان قورستر دە بێت

**ڕۆژنامەی ڕەوت:** ئایا ئەو داواکارییەی ئێوە ، داواکاری سەرجەم کرێکاران وکارمەندانی کارەبایە؟.

**هەڵمەت:** بۆ وەڵامی سێ یەم پرسیارتان بێ گومان وەک هەستان بە کاری ڕاپەڕاندن و هۆشیار کردنەوە لە هەموو جییەک و کارێک هەر کۆمەڵێ لە خەڵکی نوخبە پێی هە ڵدەسێ بەڵام وەک داواکاری بێ گومان لە وەی داوای گشتیە

**ڕۆژنامەی ڕەوت :** لە کۆتاییدا دەتانەوێت چی بەکارمەندو خەڵکی لەسەر بەتایبەتیکردنی کەرتی کارەبا بڵێن ؟

**هەڵمەت :** ئێمە داواکارین لە هەموو کارمەندانی کەرتەکەمان بە ئەندازیار و تەکنیکار و کرێکارانیشەوە بێنە مەیدان بۆ دروست کردنی ئەنجوومەنێکی هەڵبژێردراو لە خۆیان بە خواستی خۆیان دوور لە هە موو ئەجندەیەکی حزبی بۆ خستنە ڕوو وە ڕێکخستنی هەر داواکاریەک لە کاتی پێویستدا .

●●●

**ڕۆژنامەی ڕەوت:** سڵاو هاوڕێ سەرکۆ، دەمانەوێت پرسیارێکی گشتگیرت لێبکەین، سەبارەت بەکۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەی ڕۆژی ١٧.١٠.٢٠٢٠ لەبەردەم باخی گشتی سلێمانی، ئێوە ئامانجتان لەو کارە چی بوو؟ ئەتانەوێت چی بەدەسەڵات بگەیەنن و داواکارییەکانتان چین؟

**سەرکۆ:** سوپاس بۆ ئێوە، دەبێت هەموو لایەک ئەوە بزانن سێکتەری کارەبا یەکێک لەو فەرمانگە خزمەتگوزارییانەیە لە ئاستی



دونیادا ئەژمار دەکرێت . وە ئەوەش دەزانن کە دەزگاکانی کارەبا وبەشەکانی بە کاری ڕۆژانەی هاوڵاتیانەوە گرێدراون ، ژیانی دانیشتوانەکان بەنەبوونی کارەبا توشی چ کارەساتێک دەبێت. بەڵام دەسەڵات لەم کوردستانە، ئەم ئەرکە دەستەڵاتی کوردی خستویەتە سەر ئەستۆی کارمەندەکانی کارەبا و بێدەربەستانە بەکارییان دەهێنێت. بەشەکانی چاککردنەوە، بەشی گواستنەوەی کارەبا بەبەشەکانی تروە بێدەربەستانە کارەکەیان پێ جێبەجێ دەکات، بێئەوەی گوێیان بۆ ڕادێری و موجەکەشیان وەک پێویست بۆ دابین ناکات. لە کاتێکدا بەشەکانی کارەبا داهاتێکی بێ ئەژماریان هەیە لەسەر دەستی کارمەندو کرێکارانەوە دێتە بەرهەم وکۆشدەکرێتەوە.

گەلێک سەیرە دەسەڵات وحکومەت وەک پاداشت نادات، دریغی لە کڕینی کەلوپەلی سەلامەتی دەکات، لەسەرووی ئەمانەوەش .....خاڵێکی تر بەرزکردنەوەی پلەیی لە هەموو کارمەندو کرێکاران فەرامۆشکردووە، تەنها لەبەر ئەوەی موچەی کارمەند بەندو بەست بکات یانی ئەمە خۆی بڕینێکی تری

نایاسایی یە بە شێوەیەکی تر.

داوامان لە کرێکاران و کارمەندان ئەوەیە کە ریزەکانیان یەکبخەن و بتوانن دەنگی نارەزایەتی دەربڕین و لەئاست ئەو ناعەدالەتیەی کە بەرامبەر کرێکاران وکارمەندانی کارەبا بەتایبەت دەکرێت بوەستینەوە. خاڵێکی جەوهەری وگرنگ بەلای ئێمەوە ئەوەیە ڕۆژانە کارمەندو کرێکارانی کارەبا بەر چزوی تەوژمی کارەبا لەکاتی کارکردندا دەکەویت، ئەوەش بەهۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی پێویستی کەلوپەلی سەلامەتی ، ئیدی روداوی دڵتەزێنی وەک شەهیدبوون و برینی دەست وپەلەکان وبریندار بونی لێدەکەوێتەوە. زۆر جار ئەو بارە تەندروستی یە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مووچە دوو مانگ جارێک یان زیاتر دەدرێت کە بەشی بژێوی منالەکانی ناکات وەک کرێ ی پاداشتی ماندوبونەکەی.

●●●

**ڕۆژنامەی ڕەوت :** سڵاو هاوڕێ ئازاد ئەمانەوێت پرسیارەکانمان بەگشتی لە سەر کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەی ڕۆژی ١٧.١٠.٢٠٢٠ بەردەم باخی گشتی سلێمانی بێت، ئێوە چەند داوا وخواستێکتان لە چەند خاڵێکدا کۆکردبووەوە، ئێمە پرسیارەکانمان لەسەر هەندێک ئەو خاڵانەیە. پرسیاری یەکەم بۆ بڕیاری وەزارەتی کارەبا بۆ تایبەتیکردنی کەرتی کارەبا پێویستە دەستبەجی هەلوەبوە شێتەوە؟



**ئازاد:** بەڵی، یەکێک لەداواکانمان هەڵوەشانەوەی بڕیاری تایبەتیکردنی کەرتی کارەبا بوو. لەبەر ئەوەی ئەم بڕیارە لەبەرژەوەندی کارمەندان وخەڵکدا نیە و ئەبێت هەڵوەبوەشێتەوە، کە ئەمە داوای سەرەکی ئێمە بوو. تایبەتیکردنی کەرتی کارەبا بە مانای مردنی ئەم کەرتە هەستیارە ، دەبێ خەڵکی کوردستان ڕێگا نەدەن وە کارمەندانیش.

**ڕۆژنامەی ڕەوت:** یەکێک لەداواکانتان گەڕانەوەی موچە پاشەکەتکراوەکانتان بوو، دەکرێت لەو بارەوە ڕوونکردنەوەی زیاترمان پێبدەی؟

**ئازاد:** ئەو پێنج مانگەی موجەکانمان پاشەکەوتکراوە ، دەبێت حکومەت بەزوترین کات سەقفێکی زەمەنی دانێ بۆ گەڕاندنەوەیان کە حەقی مەشروعی خۆمانە و حکومەت بەزۆری موچەکانی پاشەکەوت کردووە بەڵام بەهیچ جۆرێک کات وسات وچۆنیەتی دانەوەی باس نەکردووە، بۆ یە ئەمە یەکێک لە داواکارییەکانمان.

**ڕۆژنامەی ڕەوت:** داواتان کردووە موجەکانتان هاوتا بکرێتەوە لەگەڵ ستانداردی موچەی ناوەڕاست وخوارووی عێراق، مەبەستان لەم داوایە چیە؟

**ئازاد:** ئیمە چەندین جار داوامان کردووە موجەکانمان هاوتای موجەی عێراق بێت، چونکە لەوێ ئەو موچەخۆرانەی لەناو کارەبادا کاردەکەن، دەرماڵەکانیان زۆر زیاترە لە هی کوردستان، بۆیە داوای هاوتای دەکەین. بۆ ئەم مەبەستە چەند جارێک نارەزایەتیمان دەربڕیوە و چەند جارێک بەڵێنیان داوە ، بەڵام وا دەرنەچووە.

**ڕۆژنامەی ڕەوت :** ئێوە داواتان کردووە و ئەگەر وەڵامتان نەدرێتەوە هەڵوێستی ترمان دەبێت، ئایا هیچ هیچ بەرنامەیەکتان بۆ داهاتوو هەیە؟

**ئازاد:** حەتمەن بەرنامەی ترمان هەیە و لەهەوڵی خۆ ریکخستنی خۆماندایین و لەهەوڵی ئەوە داین کە فشار دروست بکەین بۆ هێنانەدی داواکارییە ڕەواکانمان.

**ڕۆژنامەی ڕەوت:** ئیوە ئەم گردبوونەوە و نارەزایەتیانە بەرێکخراو ئەنجامدەدەن یان هەر وەکو باقی خۆپیشاندانەکانی تر بۆ کارێکی دیاریکراوە ودواتر دەچنە ماڵەوە یاخود بڵێم ئێوە هیچ هەنگاوێکتان بۆ ڕێکخراوبوون ناوە؟

**ئازاد:** ئێمە هەنگاوەکانمان بۆ ڕێکخستنەکانمان درێزە پێدەدەین تا دەگەین بە دروستکردنی سەندیکایەک کە لەسەرجەم کێشەکانمان داکۆکی بکات وچارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە.

●●●

**ڕۆژنامەی ڕەوت :** سڵاو کاک کاوە ، ئێوە وەک کرێکاران و کارمەندان ١٧/١٠/٢٠٢٠لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا مەسجێکتان دابەدەسەڵات کەچەند خاڵێکی لەخۆگرت بوو مەبەستان لەناوەرۆکی ئەو خاڵانە چی بو؟ ئامانجتان لەوداواکاریانە چیە؟

**کاوە :** سلاوت سە رچاوم ، ئامانجمان ئە وە یە ئە م دە سە لاتە گوێ لە داوە کاریە کانمان بگرێت، دا وا کاري ئیمە هە قي رە وا ي خۆمانە کە لە جە نە خاڵدا کۆمان کردۆتە وە ئاراستە ي وەزارەتی کارەباو دەسەڵات دارانمان کردوە کەگوێ لەخواست و داواکانمان بگرێت کەسەرجەم داواکان

مافێکی سەرەتایی خۆمانە .

**ڕۆژنامەی ڕەوت:** لەدوای ئەوکۆنگرە ڕۆژنامەوانیە هەنگاوی داهاتوتان چی دەبێ؟

**کاوە:** یێمەوە وەک هەنگاویی یەکەم بەباشمان زانی مەسجێک بەدەسەڵات داران بدەین کەئێمە بەهیچ شێوەیەک لەسەرماف وخواستەکانمان سازش ناکەین ئەگەرئێوە جواب بە داواکانریەکانمان نەدەنەوە لەداهاتوداهەڵوێستی ترمان دەبێ



**ڕۆژنامەی ڕەوت:** تائێستا دەسەڵات بەم داواکانتانەوە هاتوە ؟

**کاوە** :نەخێرتاکوئێستا جواب نەدراوینەتەوە ئێمە باش دەزانین کەئەم حکومەتە لەتەواویی خواستە جەماوەری و کرێکاریەکان بێ دەربەستە تەنهابە هاتنەمەیدانی تەواویی کارمەندان و کرێکارانی کارەبا دەتوانین پاشەکشە بە دەسەڵات بکەین و خواستەکانمان بەدەست بێنین .

**ڕۆژنامەی ڕەوت :** پەیامی ئێوە چیە بۆتەواوی کارێکاران وکارمەندانی کارەبا؟

**کاوە** :بە یامي ئێمە زۆر رونە وەداواکاریەکانمان داوا کار ي سەرجەم کا رمە نداني کارە بایە بێ جێیاوازي هە لوێستی تر مان دە بێت ناجارین لەداهاتودا نا رە زایە تیە کانمان بە رینە سە رشە قام

## فرۆشتنی دامەزراوەی کارەبا بە .......پاشماوەی ل١

کوردستانیشیان لە برسیەتی و بێکاری و هەژاریدا ڕاگرتووە. ئەم هەژاری و برسیەتیە ئاکامی ئەوە نیە کە سەروەت و سامان کەمبێت لە کوردستاندا بەڵکو بە پێچەوانەوە ئاکامی ئەوەیە کە سەروەت و سامانێکی یەکجار زۆر هەیە لەم کۆمەڵگەیەدا و لەلایەن کەمایەتیەکی سەرمایەدارەوە و قورخکراوە و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانی لێ مەحروم کراوە.

بەرگرتن بەم بارودۆخە تراژیدیایە و گێڕانەوەی ئەم سەروەت و سامەنە زەوتکراوە بۆ خەڵکی، پێویستی بە وەستانەوەیەکی جەماوەری و بەرەیەکی بەرفراوانی ڕەتکردنەوەی سیاسەتی خەسخەسە و پیادەکردنی ڕێبازی نیولیبرالیزم هەیە لە کوردستاندا، چونکە حکومەت و دەسەڵاتدارانی هەرێمەکە ئاگاهانە و بەپێی نەخشە و ستراتیژ و پلان، وە بە پشتیوانی (سندوقی دراوی نێودەوڵەتی) و (بانکی نێودەوڵەتی) هەنگاو دەنێن لەبواری پیادەکردنی خەسخەسە و شانخاڵی کردن لە هەموو خزمەتگوزاریەکان..لەم نێوەدا کرێکاران و کارمەندانی کەرتی کارەبا بەتایبەت لە ئێستادا لەبەردەم ئەرکێک و ڕۆڵێکی مێژوویدان کە دەستپێشکەری بکەن بۆ خۆڕێکخراوکردن و وەستانەوە بەهێزی یەکگرتوویان دژ بە پیادەکردنی ئەم پلان و نەخشە ماڵوێرانکەرەی حکومەتی سەرمایەداران و کۆمپانیا ئەهلیەکانی، وە ئەمە بکەنە خاڵێکی وەرچەخان بۆ شکڵگیری بزوتنەوەیەکی بەرفراوانی جەماوەری دژ بە سیاسەتی خەسخەسە و نیولیبرالیزم و ڕادەستکردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ دەستی کەرتی تاتیبەت لەسەر حیسابی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کەمدەرامەت و زەحمەتکێش و هەژارکراوی کوردستان.

ئەگەر بێت و خۆمان واتە کرێکاران و کارمەندانی کارەبا و خەڵکی ناڕازی و ئازادیخواز دەست بەسەر ئەم کەرتە دابگرین، دڵنیابن کە هەم دەتوانین موچەکانمان دابین بکەین هەم ئەم کەرتە ببوژێنینەوە و هەم ٢٤کات ژمێرکارەبا بە تەوایی خەڵکی کوردوستانیش بدەین. بۆیە تا ڕۆژێک زوتر خۆمان ڕێکبخراوکەین و بەهێزی یەکگرتووی خۆمان دەست و باڵی ئەم دەسەڵاتە مافیایی و فەرهودچیە بگرین، ئەوا ڕۆژێک زوتر لە دەست ئەم نەهامەتی و تراژیدیایانەی ئەم دەسەڵاتە ڕزگارمان دەبێت.

٤-١٠-٢٠٢٠

ڕەوت البديل OCAI ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لەعێراق
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر"پەڕەی سپی" و نیولیبرالیزم لەعیراقدا

## گفتوگۆ ی ڕۆژنامەی "ڕەوت" لە گەڵ موئەیەد ئەحمەد

**سیاسەتی ئەم دوایانەی حکومەتی هەریمی کوردستان بۆ پرایڤەتایزەکردنی(تایبەتیکردن) کەرتی بەرهەمهێانان و گواستنەوەوە و دابەشکردنی کارەبا، دریژەی هەمان سیاسەتی سەرمایەداری نیولیبرالیزمە کە کوردستانی بۆ چەندین دەیەیە کردوە بە شۆینگەی تاڵانوبڕۆیی و چەوساندنەوە و دژایەتی جەماوەری کرێکار و نەدار.**

**ڕۆژنامەی ڕەوت: سوپاس هاوڕی موئەیەد کەبوارت بۆ ئەم گفتوگۆیە لەگەڵمان ڕەخساند. دەمانەوێت لەبارەی چەند بابەتێکی سیاسەتی ڕۆژەوە بوچوون و تێڕوانینەکانت بە خوێنەران و خەڵکی کوردستان بگەیەنین. پرسیاری یەکەمان، لەسەر خۆپیشاندانەکانی بەغدا و شارەکانی ترە، بەسرە و دیوانیە و حلە و ناسریە،...دەتوانیت بە گشتی وێنەیەکمان لە سەر بارودۆخی ڕاپەرینی ئوکتۆبەر پێبدەیت ؟**

**موئەیەد:** سوپاس بۆ ئیوە. خۆپیشاندانەکانی یادی یەکساڵەی ڕاپەرین کە لە ١ ئوکتۆبەر و دواتر لە ٢٥ ئوکتۆبەری ئەم ساڵدا بەڕێوە چوو، نمایشێکی تری هەمان ئەو ڕاپەرینە نەپچڕاوەی پارە و هەر تەنها یادکردنەوەی نیە، هەر بەوپێیەش خۆپێشاندانی ناو خۆدی ڕاپەرینەکەن. ئەمەش بە سادەیی لە بەر ئەوەیە کە هەموو ئەو هۆکارە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی کە بونەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم ڕاپەرینە، نەک هەر لە شوێنی خۆیاندان بەڵکو توندو تیژ تر و فراوانتر بونەتەوە، وە هیچ کێشەیەکی ئابوری و کۆمەڵایەتی جەماوەری ڕاپەڕیو و ئامانج و داوکاریەکیان نەهاتۆتە دی.

ئاشکرایە کە هێزی سەرەکی و بزوێنەری ڕاپەرینی ئوکتۆبەر بریتی بوو لە بەشیک لە چینی کریکار، زیاتر کرێکارانی کاری ڕۆژانە و ناجێگیر، ریزی بەرینی زەحمەتکێشان و بێکارکراوان، گەنجانی کچ و کوڕی ئازادیخواز، ژنان و قوتابیان. ئیستاش هەموو ئەم هیزە کۆمەڵایەتی و چینایەتیانەی ڕاپەرین بە شیوازی جۆراجۆر و لە ئاستی جیاوازدا نارەزایەتیاکانیان دەر ئەبڕن و بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسیەکانیان و داواکاریە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانیان تێدەکۆش.

گەشەدان بە ئامادەیی سیاسی و ریکخراوەیی و فیکری ڕاپەرین مەسەلەیەکی هەرەگرنگە، و لە ئیستادا، ئەتوانم بڵیم، لە پرۆسەیەکدا چۆتە پێشەوە، وە بەردەوام بوونی ڕاپەرین خۆی لە خۆیدا بوەتە هۆی بەردەوام بوونی هەوڵەکان و خەبات بۆ خۆریکخستن و یەکخستنی هیزەکانی ڕاپەرین، بە تایبەت لە ناو ئەو گروپانەی کە سوورن لە سەر وەلانانی رژیم و فەراهەم هینانی ئالۆگۆری ریشەیی. ئەمەش بۆ خۆی دەستکەوتێکی بایەخدارە نەک هەر بۆ هێزەکانی ڕاپەرین بەڵکو بۆ سەرجەم بزوتنەوەی شۆرشگێرانە لە عیراقدا.

قەیرانی ئابوری و کۆمەڵایەتی ئیستای عیراق و سیاسەتی نیولیبرالی ئابوری حکومەتی کازمی و هێرشی بۆ سەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و کارمەندان و سەرجەم خەڵکی نەداری کومەڵگە، و کارەساتە جوراوجۆرەکانی پەتای کۆرۆنا، نەک هەر زەمینەی کۆمەڵایەتی بەردەوام بوونی ڕاپەرینی فراوانتر و ریشەدار تر کردووە، بەڵکو سیما و کارەکتەری ڕاپەرینیشی بە جۆرێک گۆریوە، و بەرێوەیە ئالۆگۆریکی چۆنایەتی بە سەردا بهێنێت. لە ئیستادا باس کردن لە ڕاپەرین بەدەر لە ئەگەرەکانی ئەم ئالوگۆرە چۆنایەتیە ناتوانی باسێکی دروست بێت و ڕاپەرین بە دیقەتەوە پیناسە بکات لە ساڵی دووهەمیدا. نەک هەر ئەمەش، بەڵکو ناتوانرێ باس لە بەرەوپێشچوونی خەباتی سیاسی شۆرشگێرانە و ڕاپەرین بکرێت بەجیا لە بەرەپێشچوونی بزوتنەوەی کرێکاری و هەوڵ و تەقەلا بۆ بەهێزبوونی ڕیزەکانی و پەرەسەندنی ریکخراو و نەقابە و فیدراسیۆنە کرێکاریەکان ، و گەشەدان بە بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی ژنان و گەنجان و قوتابیان.

ڕاپەرین نەک هەر حکومەتی عادل عبدالمهدی روخاند و قەیرانێکی سیاسی گەورەی لە رژێمەکەدا فەراهەم هێنا بەڵکو عەرشی ئیسلامی سیاسی لە عیراقدا لەرزاند، و لەم راستایەشدا دەور و نەخشی دژە شۆرشیی و تەبعیەتی سەدریەکانی بۆ رژێمی ئیسلامی لە ئێران لە ئاستێکی فراواندا ریسوا کرد. هەروەها ڕاپەرین هەڵوێستی شۆرشگێرانەی لە بەرامبەر هەردوو دەوڵەتانی ئەمریکا و ئێڕان لە خۆپێشاندانکانیدا راگەیاند. دەسکەوتە هەرە گرنگەکانی تری ڕاپەرین: بەرجەستە بوونی رۆلی ژنان و هاتنە مەیدانی سیاسیان، وەک هیزێکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ ، گۆرکردنی تایفە گەریەتی و دەمارگیری نەتەوەیی، هیوا پەیداکردن بە خەباتی شۆرشگیرانە، پاراستنی یەکیەتی ریزەکانی ڕاپەرین، و چەندین دەسکەوتی تری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەری پێشکوتنخوازانە و شۆرشگیڕانەی تر. لە گەڵ ڕاپەرین و بەردەوام بوونی، هەموو ئەمانە بوون بە بەشیک لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کۆمەڵگەی عێراق و کەس ناتوانی ئەم دەستکەوتانە بەئاسانی لە ناو بەرێ.

ئەمرۆ گەر کەسێک بە دروست باسی ڕاپەرین لە عێراقدا بکات ناتوانی هەموو ئەو دەستکەوتانەی ڕاپەرین لە نەزەر نەگرێت، نەک هەر ئەمەش بەڵکو ناتوانی خەباتی سیاسی و کێشمەکێشی چینایەتی لە ناو ئەم کۆمەڵگەیەدا بە دروستی ببینێت بەبێ مۆرکی ئەو ئاکامانەی ڕاپەرین لە سەریان. ئەو دەستکەوتانە بەشێکن لە سیاسەت و دینامیزمی کیشمە کێشی سیاسی و فیکری وکۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی عیراق.

ڕیکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عیراق بە درێژایی ساڵێ رابردوو، بە دەرکردنی نەشریەی ڕۆژانەی و چالاکی سیاسی و فکری و ڕێکخراوەیی بەردەوام و بە پلاتفۆرمی رۆشن و شۆرشگیرانەوە و بە شیعاری "هەموو دەسەڵات بۆ جەماوەری ڕاپەریو"، لە جەرگەی ئەم ڕاپەریندا بووە و لە هەوڵی بەرەوپێشچوون و سەرکوتنیدایە.

**ڕۆژنامەی ڕەوت: لەم ماوانەدا حکومەتی عیراق نەخشەیەکی بەناوی "پەڕەی سپی" یەوە دارشتوە، جەوهەری لەم پلانەدا چیە؟**

**موئەیەد:** ئەم دۆکیومێنتە کە بە ناوی "پەرەی سپی" یەوە بڵاو کراوەتەوە لە ڕاستیدا پلان و نەخشەیەکی دیراسە کراوە بۆ بە یاسایی کردنی سیاسەت و مۆدیلی ئابوری سەرمایەداری نیو لیبرالیزم لە هەموو بوارەکانی ئابووری و خزمەتگوزاری و ژیانی کۆمەڵایەتی ورۆشنبیری لە عیراقدا، و ئەمەش بە ناوی چاکسازی ئاوبوریەوە ئەناسێنن، وە وەک مۆدیلێکی گەشەسەندنی ئابووری بۆ وولات لە قەڵەمی ئەدەن.

وەک پیشەی بورژوازی دەسەڵاتدار لە هەر شوێنیکی تری ئەمرۆی جیهان، حکومەتی کازمی و هێز و ڕەوتەکانی ڕژێم، کە هەر هەموویان هاوڕان لە سەر خاڵە سەرەکیەکانی ئەم دۆکیومینتە، ئەیانەوێت لە بارۆدۆخی قورسی گوزەران و ژیانی ئەمرۆی جەماوەردا فرسەت بهێنن و بیسەپێنن بە سەر کۆمەڵگەدا و فریودەرانە وەک داواکاری ڕاپەرین لە قەڵەمی بدەن. بیانوەکانیشیان ئەوەیە کە گوایا قەیرانی ئابوری و پوڵی رژێم هەیە و نرخی نەوت دابەزیوە و پارە لە خەزینەی دەولەتدا نیە بۆ دابەشکردنی مووچەی کریکاران و فەرمانبەرانی دامەزراوە پێشەسازی و خزمەتگوزاریە حکومیەکان. هەر لێرشەوە، کازمی و حوکمەتەکەی جەخت لە سەر ئەوە ئەکەن کە ئەبێ عیراق قەرز وەرگرێت لە سندوقی دراوی نیو دەوڵەتی، و لە ئاکامی ئەمش ئەبی مەرجەکانی ئەم دەزگایەی سەرمایەی جیهانی،کە پیادەکردنی سیستمی نیولیبرالی ئابووری و ئەم جۆرە دۆکیومینتەیە، جیبەجێ بکات.

بێگومان "پەرەی سپی" سەرەتای جێخستنی سیاسەتی نیولیبرالیزمی ئابووری نیە لە عیراقدا بەڵکو بە هەمەلایەنەکردنی ئەم سیاسەتەو بە یاسایی کردن و چەسپاندنیەتی بۆ چەندین دەیەی داهاتوو. سەرەتاکانی سیاسەتی نیولیبرالیزم و پرایڤەتایزەکردنی "خەسخەسەکردنی" هەندی لە پرۆژە ئابووریەکانی دەوڵەتی ئەگەرێتەوە بۆ ساڵەکانی ناوەراستی دەیەی هەشتاکان و بە دیاریکراوی ساڵی ١٩٨٧ کاتیک کە ڕژێمی فاشیستی بەعس دەستیکرد بە فرۆشتنی هەندی لە کارگە حکومیەکان بە کەرتی تایبەت و بێمافکردنی کریکارانی کەرتی گشتی لە دروستکردنی نەقابەی خۆیان بە ناوی گۆرینی وەزیفیەوە لە کرێکارەوە بۆ کارمەند. بەڵام ئەوەی کە تەوژمیکی گەورە و هەمەلایەنەی دا بەم مۆدیلە ئابوریە لە عێراقدا داگیرکردنی ئەم وولاتە لە لایەن ئەمریکاوە بوو.

ئیدارەی ریگوزەری ئەمریکا لە عیراق لە ژیر فەرمانڕەوایی پۆڵ بریمەر ساڵی ٢٠٠٣ ، و دواتر هەموو حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی رژیمی ئیسلامی و قەومی عیراق وهەتا ئیستاش، ئەم سیاسەتەیان بە چڕوپڕی و هەمەلایەنەیی و بە تیکەڵ لە گەڵ گەندەڵی و بە تاڵان بردنی سەروەت و سامانی کۆمەلگەدا، بەریوەبردووە، لە سەرانسەری عێراقدا و بە تایبەت لە هەریمی کوردستاندا. سیاسەتی ئەم دوایانەی حکومەتی هەریمی کوردستانیش بۆ پرایڤەتایزەکردنی کەرتی بەرهەمهێانان و گواستنەوەوە و دابەشکردنی کارەبا لە کوردستاندا دریژەی هەمان سیاسەتی نیولیبریزمیانەیانە کە کوردستانی بۆ چەندین دەیەیە کردوە بە شۆینگەی تاڵانوبرۆیی و دژایەتی لە بەرامبەر جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ئەم کۆمەلگەیەدا.

هەروەک ئاشکرایە بە درێژایی ١٧ساڵی رابردوو، حکومەتەکانی رژیمی ئیستای عیراق کەوتنەتە سەر لێسەندنەوەی مافەکانی کرێکاران لەوانە دریژە دان بە بێمافکردنی کریکارانی کەرتی گشتی بۆ دروستکردنی نەقابەکانیان، لابردنی هەر سنووردارکردنی نرخی کاڵاکانی بژیوی، بەرزکردنەوەی نرخی سوتەمەنی بە شیوەکی خەیاڵی، پرایڤەتایزەکردنی کەرتی تەندروستی و خوێندن و کەرتە خزمەتگوزاریەکانی تر و هەر کارگەیەکی سێکتەری پێشەسازی دەوڵەتی کە کاری لە برەودا بوویێت، چەسپاندنی ئەم سیاسەتە ئابوریانە بە سەر هەموو مەیدانە ئابوریەکانی پوڵیی و پیشەسازی و زراعی وولات.

"پەرەی سپی" نەک هەر ئەم هێرشە بەربڵاوە جێگیر ئەکات بەڵکو دەرگای هەموو ئەو شوێنانەش ئاوەڵا ئەکات کە هێشتا نەکەوتونەتە بەر شاڵاوی درندانەی مۆدیلی نیولیبرالیزم و هەر بەو پێیەش ئەیانکاتە شوێنی وەبەرهینانی سوودی سەرمایە و تاڵان وبڕۆی هیزو حزبەکانی رژێم و سەرمایەدارانی هەڵپێکراو بە رژێمەوە. ئەم دۆکیومێنتە شاڵاوێکی هەمە لایەنەیە بۆ سەر هەموو بەشەکانی خزمەتگوزاری دەولەتی و راکێشانیانە بۆ ناوجەرگەی پرۆسەی کەڵەکەی سەرمایە وە بەرهێنانی سود وبۆ ژێردەستی گەندەڵکارانی دەسەلات و تیکشکانی ناوەرۆک و بایەخی کۆمەڵایەتی پێشکەش کردنی ئەو خزمەتگوزاریانە لە لایەن کۆمەڵگە و دەوڵەت خۆیەوە. ئەمە و "پەرەی سپی" دۆکیمێنتێکە بۆ فرۆشتن و فەرهود کردنی موڵک و عەقاراتەکانی دەوڵەت.

لە هەموو ئەم بەرنامە ئابوورییەدا هیچ جێگایەک بۆ گەشەسەندنی تاکەکان نیە بە تایبەت ئینسانی زەحمەتکێش و ژنان و توێژە چەوساوەکانی تری کۆمەڵ، و گەشەی ئابووری پەیوەند کردۆتەوە بەم هێرشە هەمەلایەنە بۆ سەر ئینسانی کرێکارو زەحمەکێش لەپیناوی کەڵەکەی سەرمایە و گەندەڵی زیاتر و هیچی تر.

**ڕۆژنامەی ڕەوت: سیاسەتی ئابوری نیولیبرالیزم، بەتایبەتیکردنی کەرتەکان، ئیراد لەم سیاسەتە چیە؟ ئەگەر هەر سەرمایەدارییە بەرهەم هێنان وپەیوەندییەکانی بەرهەمهینان، جا تیکەڵاو، دەوڵەتی، تایبەتی، بیانی، جیاوازییان چیە، بۆ ئەبێت خەڵک لە دژی ئەم سیاسەتە بوەستنەوە؟**

**موئەیەد:** بێگومان سەرمایەداری دەوڵەتی، سەرمایەداری بازاری ئازاد، وەیا تێکەڵ (مختلط) لە هەردوکیان، هیچ لە جەوهەری سەرمایەداریانەی ئەم مۆدیلە ئابوریانە ناگۆرێت. هەمان پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری زاڵە بەسەر هەرسێکیاندا، کە بۆ خۆیان پەیوەندیەکی ئەنتاگۆنیستیانەیە لە نیوان چینی کرێکار، وەک بەرهەمهێنەری سەرەکی کۆمەڵ ،لە لایەک، وچینی بورژوازی و توێژەکانی و دەولەت، وەک خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، لەلایەکی تر . هەر بۆیە، بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لەم سی مۆدیلەدا لەم یەکە دژ بەیەکەدا بەریوە ئەچێ. لە هەرسێ ئەم مۆدیلانەدا پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە سەر هەبوونی سیستمی کاری بەکرێ و پوڵ و خاوەنداریەتی تایبەتی یا دەوڵەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و کۆمۆنیکەیشن راوەستاوە.

ئەوەندەی پەیوەندی بە مۆدیلی ئابوری نیولیبرالیزمەوە هەبێ، ئەتوانیین بڵیین جۆرێک لە گەڕانەوەیە بۆ شیوازی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری کلاسیک تا لە چوارچیوەی ئەم مۆدیلەدا جوڵە و کەڵەکەی سەرمایە بە شیوەیەکی ئازاد و بەبێ سنووردار کردن گەشە بکات هەم لە سەر ئاستی بازاری ناوخۆیی و هەم لە سەر ئاستی جیهان. بە واتەیەکی تر ، نیولیبرالیزمی ئابوری کۆمەڵە سیاسەت وپلاتفۆرم و مۆدیلێکی ئابوری سەرمایەداریە کە ڕێگە تەخت ئەکات لە بەردەم جوڵە و کەڵەکەی سەرمایە لە جیهانی ئەمرۆدا بە وەلانانی هەر رێگریەک، لەوانە دەستی دەوڵەت یا ڕیزی یەکگرتووی خەباتی کرێکاران، لە بەردەم ئەم پرۆسەیە و لە بەردەم میکانیزمەکانی بازاری ئازاد و گەشە و جوڵەی سەرمایەی فاینانس. ئەمەش، نەک هەر پرایڤەتایزەکردنی پرۆژە و پیشەسازیە دەوڵەتیەکان و خزمەتگوزاریەکان ئەگرێتەوە، بەڵکو پێش هەموو شتێک بنکەنکردن و لاواز کردنی ریکخراوە جەماوەریەکانی کرێکارانە و دەستکۆتا کردنی هەوڵەتەقەلای بە کۆمەڵیانە بۆ بەر گری لە مافە ئابوری و کۆمەلایتیەکانیان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا.

میژووی نیولیبرالیزم لە تەواوی جیهاندا لە ماوەی زیاتر لە ٤ دەیەی رابردوو ، لە پاڵ مەسەلەکانی تردا، بریتی بووە لە هێرش بردن بۆ سەر ریزی یەکگرتووی کریکاران و ریگری دانان لە سەر هیزو توانا وەرگرتنی بە کۆمەڵیان، بەهەر شیوەیەک بوویێت، لەوانە لە ریگەی تازەگەری لە شیوە و تەکنیک و جوگرافیای پرۆسەی بەرهەمهینان و تەگەرەخستنە بەردەم نەقابە کرێکاریەکان و ریکخراوە جەماوەریەکانیان و فیدراسۆنەکانیان. هەر لەم راستیەشدا میژووی نیولیبرالیزم راوەستانەوە بووە بە رووی مانگرتن و خەباتی کرێکاری و هەوڵدان بۆ ڕامکردنی رابەران نەقابە کریکاریەکان و راکێشانیان بۆ ژێر رکیفی پێداویستیەکانی سەرمایەداری نیولیبرالیزم و کول کردنی رادیکالیەتیان.

سەرباری راکێشانی هەموو کەرتەکانی خزمەتگوزاری گشتی و دەوڵەتی بۆ ژیر رکێفی پرۆسەی جولە و کەڵەکەی سەرمایەی تایبەت لە ریگەی پڕایڤەتایزە کردنیانەوە، دەوڵەتە بورژوازیەکانی جیهان بە دریژایی ئەم چەند دەیەیەی رابردوو، هەر یەکە بە پلەی جیاواز، خەریکی بڕین و کەمکردنەوەی بوجەی دەوڵەتی بوون، بە ئیستاشەوە، لە بواری دابین کردنی باشبژێوی و خزمەتگوزاری بۆ جەماوەر. بەم پێیە، بەرنامە و سیاسەتی "تەقەشف" دەوڵەتی بۆ چەندین دەیەیە سەپینراوە بەسەر کۆمەڵگەی بەشەریدا و کارەساتیکی گەورەی خوڵقاندووە بۆ چەند ملیار ئینسانی سەر گۆیی زەوی هەر لە بێکاری و نەبوونی و بیخزمەتگوزاریەوە بگرە تا پەراوێز خستنی کۆمەڵایەتیان ئەمەش لەراستای قازانجی گەورە سەرمایە و سەرمایەدارن و کەمکردنەوەی باج لە سەریان.

هەر بۆیە نیولیبرالیزمی ئابوری هیرشیکی هەمە لایەنەیە بۆ سەر دەستکەوتەکانی چینی کریکار و چەوساوەکان و نەدارانی کۆمەلگەکان کە بە دریژایی زیاتر لە ٢ سەدە لە خەبات بە دەستیان هیناوە. هەموو ئەم دەستکەوتانە لە بواری باشبژێوی و تەندروستی و رۆشنبیری کریکاران وزەحمەکێشان و نەداران، کەتۆتە بەردەم هێرشی قەلاچۆکارانەی سەرمایەداری سەردەم. ئەمە سەرباری ئەوەی کە لە سەد و یەک ریگاوە کەوتونەتە هێرش بۆ سەر ریزی یەکگرتووی کرێکاران و کارمەندان و ئینسانی زەحمەکێشی کۆمەلگەکان و ریکخراوەکانیان.

ژنانی چینی کرێکار و توێژە نەدارەکان لە ژێر سایەی سەرمایەداری نیو لیبرالیزم دا

بۆ ل٤



ڕەوت
البديل OCAI
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# شەنگال، ئەوبرینەی تا ئەمڕۆش خوێنی لێ دەچۆڕێ !

●عەبدوڵا ساڵح

دانیشتوانی ناوچەی شەنگال زوربەیان (( یەزیدین )). یەزیدیەکان لە ناوچەکانی ( موسڵ ، دهۆک، دیاربەکر،، حەلەب و دورگەی ابن عومەر ) نیشتەجێن، ئەوان وەک جولەکە ((ئایین و شوناسی نەتەوەییان)) تێکەڵ بووە، شکانەوەیان بەسەر بیرورا ئایینیەکان و دووره پەرێزی و تێکەڵاو نەبوونی خێزانیان لە گەڵ ئاینزاکانی تر، ئەوانی تا ئەندازەیەک خستۆتە ناو جوغزێکەوە، ئەگەرچی زمانی کوردی کرمانجی شێوازی سەرەکی ئاخاوتنیانە، بەڵام ئەوانەی ناوچەی بەعشیقەی نزیک موسڵ بەزۆری زمانی عەرەبی وەک زمانی سەرەکی ئاخاوتن بەکاردێنن، ئاشکرایە کە قسەکردن بە زمانێکی دیاریکراو ((شوناسی نەتەوەییت)) دیاری ناکا، بەڵکو هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەیمەنەو هەژمونی زمانی باڵا دەست لە ڕوی سیاسیەوە ، هەروەک چۆن دەیان وولآت زمانی سەرەکیان ئینگلیزیە بێئەوەی خۆیان بە ئینگلیز، وەک نەتەوە ، بناسێنن ، یا زمانی ئیسپانی و ....

ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بۆ مێژوو، ڕاستیەکمان بۆ دەردەخا کە یەزیدیەکان بەدرێژایی مێژوو، لەسەر بنەمای باوەر و ئایینیان جینۆساید کراون ، مێژووی ساڵەکانی 1832 / 1844 ئەو ڕاستیەمان پێدەڵێ کە میره کوردەکان کەمتریان بە یەزیدیەکان نەکردوە لەوەی داعش پێیکردن، بۆ نمونە ( پاشای کۆر ) کە هەر ئەمڕۆ ناسیونالیستە کوردەکان پیا هەڵدەڵێن و بە (پاشای گەورە ) ناوی دەبەن، و( بەدر خان بەگ ) میری بۆتان، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەوندا، لە قەزای شێخان تەوەر عابدین و دەشتی نەینەوا و ناوچەی ئاکرێ، چەندین جار جینۆسایدی یەزیدیەکانیان کردوە و بە دەیان هەزاریان لێکوشتون یا خود ناچاریان کردون ببنە موسوڵمان ! . لەهەمانکاتدا بەگوێرەی پلانێکی داڕێژراو ، هەر ئەم پاشا کۆرەیە بەفێڵ میری یەزیدیەکانی بەناوی ( عەلی بەگ ) بانگهێشت کردوە بۆ ڕەواندز و دواتر لەگەڕانەوەیدا لە ناوچەی گەلی عەلی بەگ بۆسەی بۆداناوە وکوشتویەتی ، هەر بۆیەش ئەو شوێنە ئێستا بەناوی گەلی عەلی بەگ ناسراوە .

دوا کوشتاری یەزیدیەکان لەسەر دەستی کوردەکان ساڵی 1915 / 1923 بووە هاوکات لەگەڵ پاکتاوکردنی ئەرمەنیەکان ، کاتێک مەلای خەتێ کوشتنی موسڵمانان حەرام دەکاو کوشتنی غەیره موسڵمان حەڵاڵ!! دواتر ساڵی 1918 لەلایەن برایم پاشاوە پەلامار دەدرێن و ئەمجا پەلاماری ساڵی 1935 لەلایەن سوپای عێراقەوە و دواتریش لەلایەن سوپای سەدام حوسێنەوە .

سەرچاوە کان — ((ویکیبیدیا / الموسوعة الحرة))- (( تاريخ الموصل، الجزء الأول، تأليف القس سليمان صائغ، طبع الكتاب في مصر.))

دوا جینۆسایدی یەزیدیەکان بەدەستی چەکدارانی چەنگ بەخوێنی داعشی ئیسلامی لە 4 / ئابی / 2014 کاتێک غافڵگیر کەوتنە بەر پەلاماری دڕندانەی ئەو هێزە لەکاتێکدا نزیکەی پێنج هەزار چەکدار لەپێشمەرگەو ئاسایشو پۆلیسو پاسەوانی بارەگا حزبییەکان لە شەنگال و دەوروبەری هەبوون کە زوربەیان سەر بەپارتی بوون، هەمویان ڕایانکرد و یەزیدیەکانیان تەنیا جێهێشت وخستیاننە بەر کەڵپەی دڕندانەی داعش .

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، شەنگال لەڕووی کارگێڕی و سیاسی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە ئیدارە دەدرا،بەتایبەت لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە،کە کۆنترۆڵی هەموو جومگەکانی ئەو قەزایەی کردبوو، وە قسەکەری یەکەم و کۆتایی یەزیدیەکان بوو لە ڕێگای هەندێک کەسایەتی یەزیدی وەک ( تەحسین سەعید بەگ ) کە وەک مۆرەی پارتی ناوزەد دەکرێ و دەنگۆی ئەوە هەبوو چەندین ملیار دۆلار لە بردنە پێشی سیاسەتی ( کوردواندن و پارتاندنی ) ناوچەکە و دانیشتوانەکەی سەرف کراوە.

سەرچاوە : (( إضطهاد الايزيديين عبر العصور جريمة يجب ايقافها في القرن الواحد والعشرين د.علاء الجوادي / صفحة مؤسسة النور للثقافة والاعلام )).

ئێستا، بەشی هەرەزۆری یەزیدیەکان ئاوارەن ونەگەڕاونەوە سەر جێ وشوێنی خۆیان و ژمارەیان بە زیاتر لە 300 هەزار ئاوارە مەزندە دەکرێ . دوای تێکشکانی سەربازی داعش ، ئەم شارە کە بەشێوەیەکی فەرمی دەبوو لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی مەرکەزیدابێ ، بەڵام لە ڕاستیدا چەکدارانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزەکانی پەکەکە و حەشدی شەعبی نفوز وهەیمەنەی خۆیان تیادا سەپاند، ئەمەش بووە هۆکاری ململانێیەکی توند لە نێوان ئەم هێزانەدا لەسەر حیسابی ژیان وگوزەران و ئاسایشی دانیشتوانی ئەو شارە .

دوا پەردەی ئەم شانۆگەریە، ڕێکەوتنەکەی هەولێر و بەغدایە لەسەرەتای ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا بۆ (ئاساییکردنەوەی دۆخی شەنگال)، کە هەرێم بە(هەنگاوێکی نیشتمانیی) و بەغدا بە(مێژوویی)و نەتەوە یەکگرتووەکان بە(هەنگاوێکی گرنگ) و واشنتۆنیش بە(شایانی پیرۆزبایی) ناویان برد. بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە، دەبێت سەرجەم هێزە چەکدارەکان بچنە دەرەوەی شەنگال و دۆسیەی ئەمنیی شارەکەش بە پۆلیسی فیدراڵی بسپێردرێت.

ئەم ڕێکەوتنە لە ڕاستیدا ڕێکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە گەڵ دەوڵەتی مەرکەزی ، پارتی بەمەبەستی وەدەرنانی هێزە نەیارەکەیان لە ناوچەکە ، واتا پەکەکە، و زیاتر جووت بوون و بردنە پێشی سیاسەتێک کە لەگەڵ و بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتی کۆنەپەرستی تورکیا دێتەوە . دەوڵەتی مەرکەزیش بەمەبەستی کەم کردنەوەی نفوز و دەسەڵاتی هێزەکانی حەشدی شەعبی وەک سیاسەتێکی گشتی لەسەرتاسەری عێراق و شەنگالیش وەک ئەلقەیەکی دووره دەست و لاوازتری نفوزی ئەم حەشدی شەعبیە .

هەر دوای ڕێکەوتنەکە، لە هەواڵێکدا ڕاگەیەنرا کە وەفدێکی سەربازیی حەشدی شەعبی لەسنوری پارێزگای نەینەوا سەردانی شنگالیان کردووە لەگەڵ بەرپرسانی باڵای پەکەکە لەو ناوچەیە کۆبونەتەوە، دەیانەوێت بەم سەردانە ڕێککەوتنو هاوکاری لەنێوانیاندا دروستبێتو وتویانە، "هەر هێرشێک لەلایەن هەرلایەکەوە لەدژی شەنگال ئەنجامبدرێت، لەگەڵ هێزەکانی پەکەکە لەبەرانبەریان دەوەستنەوە".

ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزی وپارتی لەم ئاقارەدا بەرژەوەندیان یەکی گرتبێتەوە، ئەوا پەکەکە و حەشدی شەعبیش بەهەمان شێوە. هەر یەک لەو هێزانە، لەنێویشیاندا پەکەکە، دەیانەوێ شەنگال و ناوچەکە بکەنە پێگەیەکی تری ململانێی خۆیان لەسەر حیسابی دەرد و ڕەنج وئازاری خەڵکی ناوچەکە .

سەرنجێکی کورت لەم سیناریۆیە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە ئەم ناوچەیە کراوە بە مەیدانی تەراتێن و خۆسەپاندن و فرە کوێخایی جۆرەها گروپ و میلیشیای ناوخۆیی و دەرەکیی وەکیلی ئەم و ئەو. جۆرەها ئەجیندا و دەنگی ناساز و نامۆ و دوور لە بەرژەوەندی و ویستی شەنگالیەکان، هەڵتۆقیون و بونە دەمڕاست، ئەوەی نەبیسترا، تەنها دەنگ و ویستی خەڵکەکە و خاوەنە ڕاستەقینەکەی شەنگال بوو کە ئاواتیان گەڕانەوەیەکی بێ سەریەشە بوو بۆ زێدی خۆیان. ئاکامی ئەو دۆخە نالەبارەش، درێژەکێشانی ئازار و مەینەتیی ئەو خەڵکەیە لە کەمپەکانی ئاوارەییدا.



ئەم سیناریۆیانە ، هەر هەمویان ، جگە لە تەشەنەکردنی برینێکی قوڵ بەسەر جەستەی ناوچەکە و دانیشتوانەکەی ناتوانی هیچی تر بێ ، هەر بۆیە دەبێ هەموو دەنگەکان بەئاراستەیەکدا بەرز بکرێنەوە کە خۆی لە وەدەر نانی هەر هەموو ئەو هێزانەو سپاردنی بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە بە دانیشتوانەکەی دەبینێتەوە .

شایانی باسە هەر ئێستا ولە درێژەی ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەی لایەنە چەکدارەکانی ناوچەکە ، پارتی و پەکەکە زەنگی شەڕێکی ترسناک لە کوردستان لێدەدەن، شەڕێک کە باجە ماڵوێرانکەرەکەی دەبێ خەڵکی زەحمەتکێش و هەژار ونەداری کوردستان بیدا، هەر بۆیە ئەرکی خەڵکی ئازادیخواز لەمڕۆدا وەستانەوەیە بەڕوی ئەم سیاسەتی شەڕانگێزیە و جیاکردنەوە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە لە بەرژەوەندی ئەم دوو هێزە شەڕکەرە ، بەتایبەتی پارتی کە بۆتە مۆرەی دەستی دەوڵەتی کۆنەپەرستی تورکیا بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی لە ناوچەکەدا .

2020 / 11 / 5

▶▶

زەرەرمەندی سەرەکی ئەم مۆدێلە ئابوریەن. سەرباری ئەوەی ژنان پشکی سەرەکیان لە ڕیزی بیکاریدا بەرکەوتووە، بە هۆی سیاسەتی تەقشفی دەوڵەتیشەوە بێپەناگا بوون و پەراوێز بوونی کۆمەڵایەتی بە سەریاندا سەپێنراوە. کەرتی تایبەت تەنانەت لە وولاتە گەشەسەندووەکانیشدا جیگەی هەڵواردن و پێشێلکاری جەندەری و جنسیە، ئەم جگە لەوەی لە وولاتانێکی وەک عیراقدا کار بۆ ژنان لە کەرتی تایبەت یا داخراوە یا جیگایەکی پڕ دەردیسەریە. سەرباری ئەمانەش بڕینی بودجەی خزمەتگوازارییەکان و پرایڤەتایزەکردنیان کاریگەری خراپی لە سەر پیر و منداڵ و کەسانی خاوەن پێداویستە تایبەتیەکان داناوە کە زۆربەیان سەر بە چینی کریکارو زەحمەتکێشانن. هەر بۆیە ڕووبەڕووبونەوە لە بەرا مبەر سەرمایەداری نیولیبرالیزم یانی ڕووبەڕووبونەوەی سەرمایەداری هاوچەرخ و بەرگری لە هەموو ئەو دەستکەوتانەی چینی کرێکار و سوشیالیستەکان و ئازادیخوازان و یەکسانیخوازانی کۆمەلگەکان کە بە دریژایی مێژویەک بەدەستهێنراوە.

ناولێنانی ئەم سیاسەتە سۆشیالیستیە و ئەم بەرهەڵستیە چینایەتیەی ئینسانی زەحمەتکێش بە ڕووی سەرمایەداری نیو لیبرالیزم بەوەی کە یەکسانە بە بەرگری لە سەرمایەداری دەوڵەتی یا مۆدیلی ئابووری تەیکەڵ، کە هەندی لە چەپەکان بە نادروست وای بۆ ئەچن، لە ڕاستیدا شتیک نیە جگە لە دۆگمێکی ووشک و بێگیان و نەزەریکی میکانیکی رەق و تەق لە بەرامبەر مێژووی زیندووی خەباتی چیانیەتی کریکاران و نەداران. بەرهەڵستی سەرمایەداری نیولیبرالیزم لە بنەڕەتدا باسی خەباتی چینایەتی و بەرپەرچدانەوەی گەوەرترین هیرشی میژوویيە بۆ سەر ژیان و چارەنوسی چەند ملیار ئینسانی دانیشتوی ئەم ئەستێرەیە، هەر بۆیە ژاکاندن و تیکەڵکردنی لە گەڵ مۆدیلی ئابوری سەرمایەداری دەوڵەتی کولکردنی ئەم خەباتەیە.

ئاشکرایە ئەڵتەرنەتیڤی ئابوری وکۆمەڵایەتی سۆشیالستەکان لە بەرامبەر سەرمایەداری هاوچەرخدا سۆشیالیزمە، نەک مۆدیلی ئابوری سەرمایەداری دەوڵەتی یا تێکەڵ. سۆشیالیزم لە قۆناغی باڵایدا یانی "لە هەر کەس بە گۆیرەی توانا و بۆ هەر کەس بە گۆیرەی پیویستی"، وئەم یاسایەش بە بی ڕۆخاندنی سەرمایە و بە بێ ریخستنی نۆیی ژیانی ئابوری لە سەر بنەمای بە کۆمەڵایەتی کردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و کۆمۆنیکیشن نایەتە دی و نابی بە یاسای سەلمێندراوی کۆمەڵگە. بەدیلی کۆمۆنیستەکان بۆ سەرمایەداری نیولیبرالیزم ئەم سۆشیالیزمەیە نەک سەرمایەداری دەوڵەتی یا هەر شیوازیکی تری تیکەڵ، هەر بۆیە چۆکدادان و واقوڕمان لە بەرامبەر هیرشی ئەمرۆی بورژوازی جیهانی بۆ سەر چینی کریکار و چەوساوەکان و نەوەستانەوە بەرامبەری ئەبێت بە سیاسەتیک کە خزمەت بە بۆرژوازی بکات و هیچ پەیوەندو سەروکارێکی بە بزوتنەوەی کرێکاری وسۆشیالیستیەوە نیە.

هەروەها بۆچونیکی تریش کە پێیوایە پرایڤەتایزەکردنی پرۆژەکان مەسەلەیەکی جیاوازە لە تەقەشفی ئابوری و بێکارکردنی کرێکاران و بڕینی بودجەی خزمەتگوزاریەکان، هەر هەمان بوچونی نادروستە کە لە سەرەوە ئاماژەم پیدا. ئەم جۆرە بۆچوونەش هەر هەمان تێڕوانینی دەرەوەی خەباتی چینایەتیە و لەباری تیوریەوە میکانیکیە چونکە بە سادەیی بڵێم پرایڤەتیزەکردنی پرۆژە ئابوری و خزمەتگوزارییەکان لە پێکهاتەکانی خودی سیاسەتی نیولیبرالیزمە و بەشێکە لەپایەکانی سەرمایەداری نیولیبرالیزم و بۆ خۆی وەڵامە بە پێداویستیەکانی کەڵەکەی سەرمایە و لەیەک جیاناکرێنەوە. پرایڤەتایزەکردن و بودجە بڕینی خزمەتگوزاریەکان و هیرش بردن بۆ سەر هەر کارێکی ریکخراوی بە کۆمەلێ کریکاران و نەدارن و سڕینەوەی هەر شتیک کە پەیوەندەی بە کۆمەل و کاری کۆمەڵگەوە هەبێت و...هتد بۆ خۆیان یەک پاکێجن و لە یەک جیاناکرێنەوە . ناکرێت بڵێین دژی بڕینی خزمەتگوزاریەکان و دەرکردنی کرێکاران و بڕینی بیمە و یارمەتیە کۆمەڵایەتیەکان و بەرزکردنەوەی نرخی سوتەمەنی و کالاکانی بژیوی ین، بەڵام کارمان بە سەر پرایڤەتایزەکردنەوە نیە و بە دژی ناوەستینەوە، بیانوش بۆ ئەم هەڵوێستە ئەوە بێت کە گەر بە رامبەر پرایڤەتایزەکردن بوەستینەوە وەک ئەوە وایە کە بەدیلی سەرمایەداری دەوڵەتیمان قبوڵ بێت.

لە وەڵامدا بۆ ئەم جۆره بوچوون و سیاسەتەش ئەڵیم کە ئەمانە تیرڕوانینی نا کریکاری و نا سۆشیالیستیە بۆ مەسەلەکە. بۆ نمونە گەر تەرازوی هێز لە بەرژەوەندی بزوتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی بێت ئەوا بەدیلی پرایڤەتایزەکردن یەکسەر دامەزراندنی سۆشیالیزمە نەک سەرمایەداری دەوڵەتی. وە هەروەها گەر دەوڵەت کارێکی بە سەرەوە نەبێت و پلەیک لە ئامادەیی بزوتنەوەی کرێکاری هەبێت و ڕەواجی کالاکانی بەرهەمهاتوو هەبێت ئەوا بەدیل ئەتوانی ئیدارەی خۆبەخۆیی کریکاران و کارمەندان بێت نەک مولکیەتی دەوڵەتی.

بۆ نمونە، گریمان پرۆژەی پاریڤەتایزەکردنی کەرتی تەندروستی گشتی بە خەباتی جەماوەری رابگیرێت ئەمە یانی فەرزکردنی دابیکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی بە سەر دەوڵەتی بورژوازیدا کە بۆ خۆی بەشیکە لە داواکاریەکانی چینی کریکار لە سەرتاسەری جیهاندا و هیچ پەیوەندییەکی بە بەرگری لە سەرمایەداری دەوڵەتیەوە نیە، واتە مەسەلەیەکە سەر بە تەرازوی هیز لە مەیدانی خەباتی چینایەتیدا لە نیوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازیدا.

بە هەر حاڵ، داخستنی ئەو کارگانەی کەرتی پیشەسازی لە عیراقدا کە سودیان کەمە و یا خۆد پرایڤەتایزەکردنی بەشیکیان کە سوودمەندە هەر مەسەلەی ماتماتیکی ئابووری قازانج و زەرەر نیە کە بۆرژوازی ئیسلامی و قەومی و لیبرالی عیراق ئەیەوێت وای لە قەڵەم بدات. هەر وەک پیشتر باسم کرد هەموو کاریک لەم بوارانەدا بەشیکە لە پاکێجیک و لە سیاسەتی گشتی دەولەت بۆ ڕێکخستنی ئابووری کۆمەڵگە و پاراستنی بەرژەوەندی چینی بورژوازی دەسەڵاتدار. هەر پڕایڤەتایزەکردنێک بەشیکە لە سیاسەتی گشتی رژیمی لە سەر کاربوو واتە بەشیکە لە سیاسەتی نیولیبرالیزمی ئابوری بورژوازی دەسەڵاتدار و هەر هێرش نیە بۆ سەر کریکارانی پیشەسازی بەڵکو هێرشە بۆ سەر پرۆلیتاریاو سەرجەم نەدارانی کۆمەڵگەدا.

ئەمرۆ لە عیراقدا کەس لە ناو هیزەکانی بورژوازی قەومی و ئیسلامی و لیبرالی و ریفۆرمیستەکان و بورژوا "نیشتمانیەکان" بە دوای مۆدێلی سەرمایەداری دەوڵەتی و تیکەڵەوە نیە، بەڵکو لە ناو دینامیزمی جۆڵە و کەڵەکەی سەرمایەداری نیو لیبرالیزم و سەرمایەی جیهانی و گلۆبلایزەیشندا بە دوای بەرنامەی ئابوری و گەندەڵی و تاڵانوبرۆیەکانیانەوەن. لەم سەردەمەدا هەرچی زیاتر وەستانەوە بە رووی نیولیبرالیزم بۆ خۆی وەستانەوەیە بە رووی سەرمایەداری و سیاسەتی ئابوری چینی دەسەڵاتدار و گرتنی خەندەقێکە لە مەیدانی خەباتی زەحمتکێشی کۆمەلگە بۆ رزگاری خۆی لە کوت و بەندی سەرمایە و سەرمایەداری ، هەر بۆیە ئەبێ بە هەموو هێزو تواناوە بەرەورووی بوەستینەوە. نیو لیبرالیزم هەر لە بناغەوە لە دریژەی قەیرانی سەرمایداری خۆیدا لە ناوەڕاستی دەیەی هەفتاکانی سەدەی رابردووەوە هاتە ئاراوە، و بەدەر لە هەر شتیکی تر هەولی بورژوازی ئیمپریالیستی جیهانیە بۆ گۆرینی تەوازنی هیز لە بەرژەوەندی سەرمایە وسەرمایەداری لە جیهانی ئەمرۆدا بە دژی چینی کرێکارو چەوساوەکان.

کۆتایی ئوکتۆبەر ٢٠٢٠

# بانیژەی ئەدەب و کلتوور

ئامادەکردنی/ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) و جەمال کۆشش

## هونەرمەند ڕزگار حەمەڕەشید بۆ بانیژەی ئەدەب و کلتوور دەدوێت

سازدانی : بانیژەی ئەدەب و کلتوور

ڕزگار گیان دووبارە زۆر سوپاس،تۆ جگە لەبواری شانۆ،لەوتاری ڕەخنەیی،شیعر، ڕۆمانیشدا داهێنانت کردووە. بەتازەیی هۆنراوە ( بەشی کۆتایی/ سەفەرەکانی ریلیس) و ڕۆمانی ( زەریای تابووتە سپییەکان)ت،بڵاوکردەوە، ڕوانگەی جوانناسی ئەدەب و ئینسانییەت ڕوحی تیشکی گۆشە جیاوازەکانی دنیای تۆیە. پرسیارەکەمان چ سیحرێک لەتوانای هونەردایە بۆ جوانکردنی ژیان وئینسانییەت کردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی؟

ڕزگار حەمەڕەشید : سوپاس جەماڵ گیان بۆ ئەم پرسیارە گرنگە، بەڵام بۆ ئەوەی وەڵامەکەی منیش سەرزارەکی نەبێت، ناچارم لە هەندێ پرسی ترەوە لە پرسیارەکەی تۆ نزیک ببمەوە. بە پێویستی دەزانم جارێ پرسیار لە مەبەستدارێتی هونەر بکەین بە شێوەیەکی گشتی، کەسێک بۆچی هونەر هەڵدەبژێرێت و ئامانجی هونەر چییە؟ دیارە ئاسان نییە بە ڕستەیەک وەڵامێکی وامان دەستبکەوێت، چونکە مێژووی هونەر خۆی پڕە لە دید و تێروانینی جۆراو جۆر لەو بارەیەوە. بەڵام بەکورتی دەتوانین بڵێین بەرهەمی هونەری لەپێناوی خودی بەرهەمهێناندا نییە، بەڵکو بەرهەمهێنانی شێوە بیرکردنەوەیە. ڕاستە تەکنیکی کارکردن و هەڵبژاردنی کەرەستەکان کاریگەری لەسەر دروستکردنی کارەکەدادەنێن، بەڵام پرۆسەی داهێنان لەناو تێڕامانە تایبەتییەکانی هونەرمەندەکەدا، لە ئاستی قووڵبوونەوەی خۆیدا بۆ ناو پرسیاری مەبەستگەرایی کارکردن و جۆری کارکردنەکەی، لەوانیتر جیای دەکاتەوە. کەواتە مەبەستگەرایی خۆی چییە؟

مەبەستگەرایی پەیوەندی بە دیوە ئاشکراکانی هۆشیارییەوە هەیە،بەو مانایەی هۆشیاری پەیوەندی بە فاکتەرە ناوەکییەکانەوە هەیە و مەبەستگەرایی بە فاکتەرە دەرەکییەکانەوە. کەواتە مەبەستگەرایی لە بەرهەمهێنانی کارێکی هونەریدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پرسی بەرجەستەکردنەوە هەیە. ئەگەر سادەتری بکەینەوە، مەبەستمان بەرجەستەکردنی بیرکردنەوە و هۆشیارییەکە کە خودی کارە هونەرییەکە لەپێناویدا لەدایکدەبێت و دێتە بوون. کەواتە ئەگەر بێینەوە سەر ئەو خاڵەی سەرەتا باسمانکرد، بەرهەمی هونەری لەپێناوی بەرهەمهێناندا نییە، بەڵکو بەرهەمهێنانی شێوازی بیرکردنەوەیە. بەمە دەمانەوێت بڵێین هونەر دروستکەری کردارە نەک لەکارخەر و نوستوو. دروستکەری کردارە بەوەی ڕێگایەکی تایبەتی بەکاردەهێنێت بۆ چێکردنی زەمینەی شێوە بیرکردنەوەیەکی چالاک لە هەست و ئاوەزی بینەر یان خوێنەرەکانیدا. کاری هونەر ئەوە نییە قسەی دڵی هەموان یان ئیلیتێکی دیاریکراو بکات بۆ ئەوەی دڵی ئەوان لەخۆی ڕازیبکات و دەستخۆشی لێبکرێت و ئەرکەکەی تەواو ببێت. بەڵکو بۆیە هونەرمەند کارێکی نوێ بەرهەمدەهێنێت، چونکە دەیەوێت شتێک لە بیرکردنەوەی گشتی، یان شێوە ژیانی گشتی یان ئەو ئیلیەتەدا، یان خودی خۆیدا بگۆڕێت. ئەم قسەیە ڕەنگە زۆر لاستیکی بێت و هەرکەس بە ئارەزووی خۆی بتوانێت ڕایکێشێت، بەڵام مەبەستەکە ئەوەیە کە هەموو تێڕامان و بیرکردنەوەکانی هونەرمەند



لە یەکەم هەنگاوی ئامادەکارییەوە، بە هەموو سەرکەشییەکانی گەڕانی خۆیەوە بۆ بەخشینی مانای نوێ بە ئیستاتیکا و تەکنیک و شوێنی کارە هونەرییەکە، هەوڵدانە بۆ دروستکردنی ئەو ساتی بەرەوڕوو بوونەوەیەی بەرهەمەکەی لەگەڵ بینەر یان خوێنەرەکانیدا. لەوێشەوە قسەی مەبەستگەرایی و کاریگەری شێوە بیرکردنەوە و شێوە ژیان دێتە پێشەوە.

هونەر ئاوێنەی ژیان نییە( وەک ئەوەی کەسێک کە ئێستا ناتوانم بچمەوە سەر سەرچاوەکەی، باسی دەکات)، بەڵکو ژیان خۆی لاساییکردنەوەی پرنسیپێکی باڵایە کە هونەر دەمانخاتە پەیوەندییەوە لەگەڵیدا. هونەر قوتابخانەی گەل و ئەو شتانەش نییە، بەڵکو قوتابخانەکان لاسایی ئەو پرنسیپانەی بیرکردنەوەن کە هونەر ئاشنامان دەکات پێیان.

جیاوازی هونەر لەگەڵ تێکرای بوارەکانیتری ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەوەیە کە ڕاستگۆیانەترین شێوازی بەرەنگاری و بەرەوڕووبوونەوە و گۆڕانکارییە. کەسێک دەتوانێت چالاکێکی مەیدانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بێت، بەڵام کەسێکیتر دەتوانێت هونەر دروست بکات. کەسێک دەتوانێت خەریکی ڕازیکردنی سیستمی باوو نەریتە باوەکان و هەستە رووکەشەکانی هاوڵاتییان بێت، بەڵام کەسێکیتر دەتوانێت هونەر دروست بکات. جیاوازییەکە ئەوەیە، هونەر ڕێگایەکی جیاوازترە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت. لەم سەردەمەشدا هەموو ئەو شتانەیتر کە باسمانکردن وەک نا-هونەر، بە ناوی هونەرەوە دەبنە پێشەنگ، بەڵام هونەرە ڕاستەقینەکان دەبن بەژێر دەستو پێی ئەو (باو)انەوە. دەتوانێت پێرفێکت بێت بە مانا گشتییەکەی، بەڵام لە جیاتی ئەوە ئەگەر بتەوێت دەتوانێت هونەر بکەیت. مەبەستە ڕەسەنەکەش ئەوەیە کە نابێت هونەرمەند خۆی تەسلیمی هەلومەرجە بەخشراوەکان بکات. سیاسییەکان و داروودەستەکانی دەسەڵات هەمیشە دەیانەوێت ئاگایی خەڵک بە ئاراستەیەکدا پەلکێش بکەن کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا یەکبگرێتەوە. بۆ ئەمەش باس لە هەلومەرجە بەخشراوەکان دەکەن. بەڵام هونەرمەند لەدەرەوەی ئەو نەریتەی بیرکردنەوەوە نەریتێکیتر بۆ بیرکردنەوە دادەهێنێت، ئەو زۆرجار ناتەبایە لەگەڵ هەلومەرجە بەخشراوەکاندا و هەلومەرجی تایبەت بە خۆی دەخوڵقێنێت. لێرەدا من دەمەوێت باس لە پێکهاتنی چێژ و هەستی ئیستاتیکی بکەم لە جیهانێکدا کە ئازادی تاک بە هەموو وەسیلەکانی کۆنترۆڵگەری گەمارۆدراوە و لەوێوە ئەم پەتایەی هامچێژی بڵاو بۆتەوە.هامچێژی، مەبەستم ئەو جۆرە لە چێژ بینینەیە کە هەمووان بەیەکەوە پێیدەگەن، ئەو جۆرە لە چێژی ئاراستەکراو لەلایەن داسەڵاتی کۆنترۆڵگەری گشتگردا، کە جۆرێک لە ڕەنگ، جۆرێک لە جوانی، جۆرێک لە مرۆڤ دروست دەکات و ئاراستەی دەکات.

لە جیهانی ئەمڕۆدا کە فیکری باڵادەست و ئایدیۆلۆژیای فەرمانڕەوا"بەپێی عیبارەکەی مارکس" باڵی بەسەر بەشێکی زۆری جیهاندا کێشاوە و لە هەوڵی ڕامکردنی بەشە بچووکەکانی تریشدایە. بە چەکی ئایدیۆلۆژیای لیبرالیزم شەڕی هەموو فیکر و ئایدیۆلۆژییەکانی تریش دەکات، بەوەی کە لەڕێگەی میدیاوە ڕای گشتی ڕابهێنێت لەسەر ئەو بڕوایەی کە زەمەنی بیرکردنەوە لە "گشت" درۆیەکی گەورەیە، وە دەرەوە و ئەوانیتر "بە پێی بەکارهێنانەکەی هۆبز" تەنیا دڕندەن و تاک چارێکی نییە ئەوە نەبێت کە سیستمەکە بەهێز بکات بۆ خۆپاراستن لەبەرامبەر هێرشی ئەوانیتر دا. ئەم ئیشکردنە سیاسییە وردە لەسەر میدیا کە گوایە میدیایەکی سیاسیش نییە، هەوڵدانێکە بۆ ئاراستەکردنی وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکان، کە بە هەمووی میزاجی جیاواز، بەڵام "هامچێژی" دروستدەکات. ئەم هامچێژییە، بە کورتی مەبەستمان مۆدێلی شتەکان و بینینە، لە جلوبەرگەوە تا هونەر، هامچێژی لە گوێگرتن و بینین و تەنانەت بۆنکردنیشدا. لێرەوەیە کە ئیستاتیکا لە سیستمێکی سەرمایەداری کۆنترۆڵگەری گشتگردا "بەپێی بەکارهێنانەکەی مارکۆزە" تەنانەت دزگکردنیش پێی، لەدەرەوەی ماس میدیا، پێویستی بە چاڵێنج و سەرکەشییەکی سەرەتا فەلسەفی، پاشان هونەری هەیە بۆ گەیشتن بە ئیستاتیکایەکی پاراو و بێبەرژەوەندی و کاریگەر.

بەهەرحاڵ ئیستاتیکای پاراو لە بینین و دارشتنیشدا دەبێت خۆی لە خەوشەکانی واقیعی لەخشتەبەر ڕزگار بکات. ئەمە ڕێگەیەکە بۆ بینینی ڕێگە ڕاستەقینەکە کە لە ئەنجامدا واقیع دەداتە بەر ڕەخنە و خوێندنەوەیەکی نوێوە. وە میتۆدێکیش هەڵدەبژێرێت بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ڕابردوودا و دووبارە خوێندنەوەی ئەو ڕابردووەی کە خزمەت بە ئێستا و ئایندەی دەکات بەرەو ئیستاتیکای پاراو. لێرەوەیە کە لە "وشەکان و جیاوازی"دا باسم لە ڕاهێنانەوەی چاو کردووە لەسەر بینینی ئیستاتیکا لە پرۆژەیەکی یاخیگەرانەدا، یاخیبوونێک کە لە پێناوی نوێکردنەوە و شوێنپێدانانەدایە. دروستکردنی ئیستاتیکا بەم مانا پاراوە، خزمەتکردنی گوتاری ژیاندۆستییە و ڕێگایەکە بۆ جوانکردنی ژیان و مرۆڤانەکردنی کۆمەڵگە.

## ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا و فاشیزم

ناڵە حەسەن

### یەکەمجار کە هاتن

یەکەمجار بۆ کۆمۆنیستەکان هاتن
من هیچ قسەیەکم نەکرد
چونکە من کۆمۆنیست نەبووم
دواتر بۆ سۆشیالیستەکان هاتن
من هیچ قسەیەکم نەکرد
چونکە من سۆشیالیست نەبووم
پاشان بۆ کرێکارەکان هاتن
من هیچ قسەیەکم نەکرد
چونکە من کرێکار نەبووم
پاشان بۆ جولەکەکان هاتن
من هیچ قسەیەکم نەکرد
چونکە من جولەکە نەبووم
دواجار بۆ منیش هاتن
بینیم هیچ کەسێک لەوێدا نەماوە
تا قسەیەک بۆ من بکات .

مارتن نیمۆلەر



### تێگەیشتنێک بۆ فاشیزم

فاشیزم ئایدیۆلۆژییەکی ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە، فۆرمێکە بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات، ڕەگی فاشیزم لە نێو ئایدیۆلۆژییاکان بەتایبەت، ناسیۆنالیزم و نەتەوەپەرستیی چەکەرە دەکات، هەر ئایدیۆلۆژیایەک کاتێک دەگاتە ئاستی دۆگمایی فاشیزم بەرهەم دەهێنێ، بەمانای ( ئایدیۆلۆژیا - دۆگما - فاشیزم ). دەسەڵاتی فاشیزم دەسەڵاتێکی عەسکەرتاری تاکڕەوانەیە، باوەڕیان بە یەکسانی و دادپەروەری نییە. لە ڕێگەی توندوتیژییەوە مامەڵە لەگەڵ نەیارەکانییان دەکەن و تاکەکانی کۆمەڵگە سەرکوت دەکەن، فاشیزم زۆرجاران بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان( شەڕ ) بە باشترین ئۆپشن و چارەڕێگە دەزانن ، کاریان بەوە نییە لە ئاکامدا چ کاولکارییەک و قەسابخانەیەکی لێدەکەوێتەوە. لەمبارەوەش کەم نین نموونەی کاولکارییەکان و کۆمەڵکوژییەکان، ( هۆلۆکۆست و جینۆساید ) لە مێژووی فاشیزم هەمیشە دووبارە دەبنەوە، لە سەرەتا لەساڵی ١٩٢٢ - ١٩٤٥، فاشیزم لە ئیتالیا بە ڕابەرایەتی مۆسۆلینی سەریهەڵدا، پارتی فاشیستی نەتەوەیی پێکهێنا، دواتریش لە ئەڵمانیا، بە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، لە ٥ی کانوونی دووەمی پارتی کرێکارانی ئەڵمانیا دادەمەزرێ، هیتلەر لە ١٦ی ئەیلوول دەبێتە ئەندامی ئەم حیزبە، لە ٢٤ی فێبرووەری ئەم حیزبە لە پلاتفۆرمێک ناوی خۆی دەگۆڕێت بۆ پارتی کرێکارانی ناسیۆنال سۆسیالیستی ئەڵمانیا ، دواتر دەبێت بە حیزبی نازی. هیتلەر لە ساڵی ١٩٢١ دەبێتە سەرۆکی ئەم حیزبە، بە شێوەیەکی ئاسایی هەموو فاشیستێک دیکتاتۆرە بەڵام، مەرج نییە هەموو دیکتاتۆرێک فاشیست بێت. لە سەرەتا فاشیست بوون ناوێک و شوناسێکی ئاسایی بوو بەڵام، دوای کارەساتی هۆلۆکۆستی جولەکەکان کە شەش ملیۆن مرۆڤ تیابوونە قوربانی، دوای ئەوە بوو بە شوناسێکی شووم، بەدوای ئیتالیا و ئەڵمانیا، فاشیزم پەڕییەوە بۆ هەندێک. لە وڵاتانیتر وەک ئیسپانیا، ئەرجەنتین و زۆرێک لە وڵاتی تریش، فاشیزم تاکو ئەمڕۆش بە ماسکی جۆراوجۆر درێژەی هەیە .

### ئەدەب و فاشیزم

گوتاری ئەدەبی و گوتاری فاشیستی بە دوو ئاراستەی پێچەوانە ڕێدەکەن. هەروەکو گوتمان، فاشیزم لەسەر توندوتیژی و سەرکوتکردن و کوشتن و تۆقاندن، درێژە بە تەمەنی خۆی دەدات. پەیوەندییەکان لە فاشیزم نارێک و نا تەندروستن، چ پەیوەندی نێوان تاکەکان یان پەیوەندی نێوان دەسەڵات و تاک، هەروەها بە تێزی حەقیقەتی ڕەها ئیشدەکەن. واتە هیچ نرخێک بۆ باوەڕی ئەوانیتر دانانێن، هەروەک ئەوەی کە دەڵێن ( گەر لەگەڵم نەبیت - دوژمنی منیت ! ) ئەمە بیرکردنەوە و ئاراستەیەکی فاشییانەی لە پشتە. بەڵام ئەدەب ڕێک پێچەوانەی فاشیزمە. ئەدەب ئامانجی گەیشتنە بە جوانی و هەوڵدانە بۆ گەیشتنی ژیان بە کەناری ئارامی، هەروەها گەڕاندنەوەی هەموو سەروەرییەکە بۆ مرۆڤ. لە نێو ئەدەب چ پەیوەندی تاکەکان یان پەیوەندی نێوان دەسەڵات و تاک پەیوەندییەکی تەندروستن. حەقیقەتی ڕەها بوونی نییە. بەڵام لە فاشیزم بوارێک بۆ کەناری ئارامی و پێکەوە ژیان نامێنێتەوە. لە جیاتی پێکەوە ژیان ملکەچبوون و دەستەمۆیی ڕەواجیان هەیە. هەر نووسەر و شاعیرێک گەر بە ئاگاهانە بەرگری لە فاشیزم بکات، ئەوا بەبێ هیچ گومانێک ئەدەب و شیعر و داهێنانەکانی دەکەونە ژێر پرسیارەوە، تەنانەت گەر لەنێو ئەدەبەکەشی بەم ئاراستە کاریی نەکردبێت. دەکرێ لەم ڕاستایە باسی ئەزرا پاوەند بکەین، کە نووسەر و شاعیرێکە لایەنگر و بەرگری لە فاشیزمی ئیتالیا کردووە. پاوەند قسەیەکی هەیە دەڵێت ( ئەگەر کەسێک ئامادەیی موجازەفەکردنی نەبێت لەنێو بیرکردنەوەکانیدا، ئەوا ئەو کەسە یان بیرکردنەوەکانی نرخێکی ئەوتۆیان نییە ) یان خۆی ئەمجۆرە بیرکردنەوانە لەبنەڕەتدا بیرۆکەی فاشیزمی بەرهەم دەهێنن. هەرچەندە ئەزرا پاوەند شاعیرێکی نوێخواز و داهێنەر بووە، کاریگەری بەرچاوی هەبووە لە نێو ئەدەبی ئەمریکیی و پێگەیاندنی زۆرێک لە نووسەرانی سەردەمی خۆی و داهێنانی قوتابخانەی(وێنەیی)، لای خۆشمان کەمنەبوون ئەو نووسەر و شاعیرانەی بەباڵای سەدام حوسەینیان دا هەڵدەدا و هانیاندەدا، لە کۆمەڵکوژی و توندوتیژییەکانی بەردەوام بێت. یان ئەو نووسەر و پیاوە ئایینیانەی لە مینبەرەکان بە گوتارەکانییان پاڵپشتییان لە ئۆردوگانی فاشیست دەکرد، بۆ کۆمەڵکوژییەکانی کوردانی باکوور و ڕۆژئاوا. ئەوانە پێبزانن یان نا، بە ئەدەب و گوتارەکانییان خزمەتییان بە فاشیزم کردووە. ڕەنگە ئەو شیعرەی مارتن نیمۆلەر کە لە دەسپێکی ئەم وتارە داماننواە، ئەم ڕەشبگیرییە و کۆمەڵکوژییە ، باشترین وێنە بێت، کە سیمای فاشیزمی بە ڕۆشنی تیا بخوێنینەوە.

ڕەوت البدیل OCAL ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لەعێراق
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# والتەر بنیامین:

# یەکەم لێکدانەوە و ڕاڤەی مارکسیستیی بۆ فیلم

نووسینی: پێشڕەو محەمەد



### والتەر بنیامین دەیگوت مارکسیزم تیۆری بێداربوونەوەی مێژووییە.

شەڕ و ململانێی سەرەکیی نێوان ئێرنست بلۆخ و والتەر بنیامین دەربارەی «خەونە هێزەکییەکان» بوو. بلۆخ دەیگوت ئۆنتۆلۆژیای بوون پێمان دەڵێت ئێمە هەمیشە، بە جۆرێک لە جۆرەکان، بەرەو یۆتۆپیاکان ئاراستەمان گرتووە. بنیامین بە سیلەی چاو لە بلۆخی گەیاندبوو کە مارکسیزم زیاترە لە تیۆرەیەکی بێداربوونەوە.

بۆیە لای نووسەری «تێزەکان دەربارەی چەمکی مێژوو»، سەرمایەداریی ئەو خەونەیە دەبێت ئێمە لەناکاو لێی بەئاگا بێینەوە: خۆ ئەگەر لەڕێگای تارمایی و کابووسەوە بێت، ئەوە باشتر. کاتێک تۆ لە خەوێکی قوڵدایت و لە ناکاو بەهۆی کابووس، شەوە(nightmare)یەکەوە خەبەرت دەبێتەوە و لەخەو ڕادەبیت، ئەوا زۆر لات سەختە ڕەوشی خەونەکەت بیر بکەویتەوە.

لە وێستگەیەکی دیکەدا، بنیامین گفتوگۆی لەسەر هونەر و ئێستاتیکا لەگەڵ بلۆخ دەکرد. لای بنیامین، ئەدەبیات، شیعر (با ئەوەمان بیربکەوێتەوە کە لە نامەیەکدا بۆ گرێتل کارپلوس -پاشان گرێتل ئادۆرنۆ- باس لەوە دەکات کە دەیەوێت ببێتە یەکەم ڕەخنەگری ئەدەبیی) لەڕێگای ئەلیگۆرییەوە بەشداریی لە بێداربوونەوە لە خەونی سەرمایەدارییدا دەکات. بلۆخ وایدەبینی هونەر و ئێستاتیکا هەمیشە مێژوو بەئاراستەی پێشەوەدا دەبات لەڕێگای پێشبینیکردنی ئەو شتەی لە مرۆڤایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە.

بنیامین زۆر هەڵوەستەی لەسەر دوا هەڵوێست نەدەکرد، بەڵام دەیگوت

ئەدەبیات دەتوانێت پێشبینیکەرانە بێت: ئەدەبیات ڕەنگە ئاگادارمان بکاتەوە نەبینە هاوسەفەری پۆزەتیڤی ڕەوتی ڕاستەهێڵی مێژوو، بەڵکو دەتوانین دیوە نێگەتیڤ و نەرێنییەکەی مێژوو بەهەند وەربگرین. ئایا تێزی نۆیەم، دەربارەی فریشتەی نوێی پاوڵ کلە نەبوو لە جەنگی مەزنی جیهانیی ئاگاداری کردینەوە؟[١].

### سینەما، کاری هونەریی لەسەردەمی بەرهەمهێنانەوەی تەکنیکییدا

بنیامین یەکەم نوسخەی وتاری کاری هونەریی لەسەردەمی بەرهەمهێنانەوەی تەکنیکییدا لە ١٩٣٥ و دووەم نوسخە لە ١٩٣٦دا دەنووسێت، واتا لە گەرمەی دەسەڵاتی فاشیزمدا. بنیامین لەنێو ڕەهەندەکانی دیکەدا، بەشێوەیەکی سەرەکیی هەڵوەستە لەسەر دوان لەم ڕەهەندانە دەکات: وێرانبوونی ئەزموونی ئێستاتیکیی و زەرووڕەتی لادان لە تەکنیکی سەرمایەداریی.

بنیامین دەڵێت ئێستاتیکا دەبێت لەڕێگای کاتیگۆریی خەرمانەوە دەرک بکرێت[٢]. لە گۆشەنیگای ڕەخنەی هێزی بڕیاری ئەمانوێل کانتەوە، جوانیی، بریتییە لە ئەزموونی تاقانەیی، دووبارەنەکراوەیی، باڵایەتیی و خوایەتیئاسایی. سەرمایەداریی، بە تەکنیکە هەمیشەییە بەرهەمهێنانەوەکەی، واتا بەرهەمهێنانی کاڵاکان، دەستدەکان بە لەناوبردن و وردوخاشکردنی خەرمانەی ئەزموون، خەرمانەی جوانیی بەهۆی بەرهەمهێنانەوەی هونەرەکانەوە. لە جەوهەردا هونەر دەبێت تووشی سەرسامیمان بکات، بەڵام نەک لەڕێگای تاقانەییەوە،

بەڵکو لەڕێگای بەرهەمهێنانەوەی تەکنیکییەوە.

ئایا ڕوونەداوە کاتێک یەکەمجار گوێ لە گۆرانییەک دەگرن، شەیداتان بکات، بەڵام کاتێک دەبێتە شتێکی باو ئیتر لەوە دەکەوێت سەرسامتان بکات؟ بەرهەمهێنانەوەی هەمیشەیی مۆنا لیزا قورس نابێت لەوەی بزانین چ شتێک مێژوونووسانی هونەر سەرسام دەکات؟

### پێداگۆگیی و پێشبینیکردنی سینەمای میلیتانت

سینەما لای بنیامین وەک ئامێرێکی مەزنی پروپاگەندە لە سەرمایەدارییدا بەکاردەهێنرێت. تەنها ئەوەندە بەسە ئاگامان لە کورتەمێژووی سەرکەوتنی ئیرادەی لێنی ڕیفنشتال (پروپاگەندەی فاشیستیی) هەبێت، فیلم و فیلمسازێک لە خزمەتی ڕایشتاگ و ڕایشی سێیەمدا یاخود مێژووی هۆلیوود وەک بەرهەمهێنەرەوەیەکی ئایدیالەکانی سەرمایەداریی لیبراڵ و ئەمڕۆش نیۆلیبراڵیزم. لەبەر ئەوە، یەکەم کتێبی مەزنی مارکسیستیی زیگفرید کراکاوەر[٣] دەربارەی هۆلیوود بەبێ تێگەیشتن لە کاریگەریی ئەرێنیی بنیامینی هاوڕێی، مەحاڵ دەبێت.

بەڵام سینەما دوو خەسڵەت و تایبەتمەندیی هەیە. بنیامین بەرەو خاڵی دووەمیان دەچێت، بیرکردنەوە لە سینەما: کۆتێزی زۆربەی هونەرەکان. لە سینەمادا، شانۆ، مۆسیقا، فۆتۆگرافیی، شێوەکاریی و شیعر لەڕێگای بەرهەمهێنانەوەی تەکنیکیی وێنەوە کۆتێزیان دروستکردووە و یەکیان گرتووە و پێکهاتەیەکی نوێیان خوڵقاندووە.

ئەم ڕەهەندە، واتا تەکنیک، خاوەن ڕەگەزێکی ئەرێنییە: بۆ یەکەمجار ڕێیتێدەچێت بگات بە بینەرێکی فراوانتر. خەرمانە دەمرێت، ئاوا دەبێت، بەڵام لەپاڵ ئەم مردنەی خەرمانەدا، ئەگەر و توانای ناوەکیی بەکۆمەڵایەتیی و سۆسیالیزە دەبێت. بۆ بنیامین، سینەما یەکێکە لەو هونەرانەی خاوەنی زۆرترین ئەگەر و وزە و توانا ناوەکییە شۆڕشگێڕییەکانە. بەڵام دەبێت بەلایەکی دیکەدا ببرێت، چونکە شۆڕشگێڕبوون هەروا شتێکی خۆکرد و عەفەویی نییە.

لە کاتێکی کەمدا و بەشێوەیەکی پەروەردەیی، سینەما دەتوانێت هەزاران خەڵک والێبکات پرسیار لە ڕەهەندە کوشندەکانی ژیانی مۆدێرن بکەن. بنیامین لە یەکێک لە پەراوێزەکانی نوسخەی دووەمی وتاری کاری هونەرییدا، دەڵێت، «لە فیلمدا، بەرهەمهێنانەوەی تەکنیکیی بەرهەم ئەوە نییە بەشێوەیەکی دەرەکیی هەلومەرجی بڵاوکردنەوەی فراوان و جەماوەریی خۆی سەپاندبێت، واتا وەک ئەوەی لە ئەدەبیات یان شێوەکارییدا هەیە. بەرهەمهێنانەوەی تەکنیکیی فیلمەکان ڕاستەوخۆ لەسەر سەرجەمی تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنانەکانیان دادەمەزرێت». بەرهەمهێنانی فیلم بۆ جەماوەرە، بەپێچەوانەی شیعر، ڕۆمان یان شێوەکارییەوە. لێرەوەیە ئەگەر و توانای ناوەکیی فیلم دەبینینەوە. فیلم وەک بنیامین دەڵێت تەقاندنەوەی زیندانی جیهانە.

فیلم دەتوانێت بگۆڕێت بۆ ئامرازێکی پروپاگەندەی جەماوەریی و ئەکتی سیاسیی چینەکانی کۆمەڵگا لە خەباتیاندا دژی سەرمایەداریی. بنیامین ئەگەرچی وتارەکەی لە ١٩٣٥دا نووسیوە بەڵام پێشبینیی سینەمای میلیتانتی دەیەی ١٩٦٠ی کردووە، کە بە سەرتاپای جیهاندا بڵاوبووەوە. لە ١٩٦٨دا، وتارەکەی وەک دۆکۆمێنتێکی مەزنی شۆڕشگێڕانە، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سینەمای میلیتانت هەبوو. لە ئەڵمانیا هارون فارۆقی و ئەلێکساندەر کلوگە، لە ئەرژەنتین ڕایموندۆ گلایزەر، لە بەڕازیل گلاوبە ڕۆچا، لە بۆلیڤیا خۆرخە سانخینز، لە مەکسیکۆ ئۆسکار مینێندز، لە فەڕەنسا ژان لوک گۆدار، لە ئیتالیا پییر پاولۆ پازۆلینی.

سەرجەمی بزووتنەوەی ئەنتەرناسیۆنالی فیلم دەبوو بچێتە شەقامەوە و هاوپشتیی و سۆلیداریتیی خۆی لەگەڵ خەباتی خوێندکاران و کرێکاراندا پیشان بدات. فیلم هەروەها دەبوو یارمەتیدەر بێت لە بێداربوونەوە لە خەونەکانی سەرمایەداریی، ئەم کارەش لەڕێگای ئەلیگۆرییەوە یاخود بەسادەیی لەڕێگای دۆکۆمێنتکردنی ئەو دیمەنانەی مێژووەوە ئەنجام بدات کە دەسەڵاتداران و براوەکان سڕیبوویانەوە.

ئایا چەندان کرێکار، خوێندکار، ژنانی ماڵەوە و جووتیاران لە دەیەی ١٩٧٠دا دەچوونە یانەکانی فیلم تا ژیانیان بەسیاسیی بکەن؟ بنیامین دواجار پێسبینیکەرێکی ئەو شتەیە کە پێیدەگوترێت بۆشایی و بواری دەرووشاوەی دەرەناوەند و پەراوێزییەکانی بەشداریی سیاسیی گروپە چەوسێنراوە و سەرکوتکراوەکان.

سەرچاوەکان

[١] بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر فریشتەی مێژوو بگەڕێنەوە بۆ: پێشڕەو محەمەد: کەرنەڤاڵی شکستخواردوان (خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ تێزەکانی مێژووی والتەر بنیامین)، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانیی، ٢٠٢٠.

[٢] سەبارەت بە چەمکی خەرمانە و ئاوابوونی و پاشان گەڕانەوەی لە سینەمای فاشیزمدا، بگەڕێنەوە بۆ: پێشڕەو محەمەد: دیالەکتیکی هونەری سێیەم (دەربارەی مۆدێرنیتە، شار، سینەما، فۆتۆگرافیی، تەکنیک)، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانیی، ٢٠٢٠.

[٣] دەربارەی کتێبی تیۆری فیلم و کاریگەریی بنیامین لەسەر کراکاوەر، بگەڕێنەوە بۆ: پێشڕەو محەمەد: لە کۆدگۆڕینی کانتەوە بۆ تیۆری فیلم (دەروازەیەک بۆ فینۆمینۆلۆژیای ماتریالیستیی زیگفرید کراکاوەر)، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانیی، ٢٠٢٠.

Walter Benjamin, The Work of Art {4} in the Age of its Technological Reproducibility and Other Writings on Media, Edited by Michael W. Jennings, Brigid Doherty, and Thomas Y. Levin, Translated by Edmund ]ephcott, Rodney Livingstone, Howard Eiland, and Others, The Belknap Press of the Harvard University Press, Cambridge, Massachusetts London, England 2008.

## شیعری : بەندی عەلی



لە زۆر جێیا باسیی دەکەن
زۆریش بە شوێنیا دەگەڕێن
هەندێک دەڵێن
پێرێ لە ماڵی ئێمە بوو،
ڕەنگی گوڵ و بۆنی بارانی لێدەهات
شەو لەوێ بوو ،
لەسەر دۆشەکی خەونەکان ڕاکشابوو
وەلێ دەمەو بەیان هەر زوو بەجێی هێشتین
هەندێکی تر ،
دەڵێن دیومانە ئەو زاتە
پیرەمێردێکی چەماوەی چاو زەیتونیی ریش خەنەیی
.. گەرچی بەگۆچانیش دەڕۆی ،
کەچی کەسمان دەستمان نەگەیشتە دامەنی ..
ئێمە لەسەر شۆستەی خەیاڵ ڕاوەستا بووین ،
ئەو بەخێرایی تیشکی خۆر ،
بەخێرایی، دواهەناسەی بەر لەمردن
خۆیدا بەلاماناو .. گوزەشت !
-مام عە داله ت-، پیاوە نازدارەکەی بەهەشت ..

## کاریکاتێری هونەرمەند ڕێباس عارف



## سەفەر دەمبا



### خولیا حوسێن

کەنەدا/٧،٦،٢٠١١

سەفەر دەمبا و
چاوەکانم پراو پڕن لە حەسرەتی چاوەڕوانی
ئەم جێژوانە پاییزییە
سەفەر دەمبا و
ملوانکەی مرواری عەشقت
لە گەردنم نابێتەوە.
سەفەر پاڵم پێوە دەنێ و
خۆشەویستیت تەسبێحێکی ملیۆنەها دانە مووروی
ڕەنگاو ڕەنگی یادگارییە و
هەزاران خەتمی بەڵێنم پێی کردووە
سەفەر دەستم ڕادەکێشێ و
دەستەکەی ترم دەرنایە
لەناو دەستی ئەوینی تۆ!
سەفەر گۆرانیم بۆ دەڵێ و
دڵی منیش لێوان لێوە
لە سەردوولکەی نائومێدی و
لە برینی دابڕان و لە خەمی تۆ
سەفەر دەمبا و من و تۆ و ئەستێرەکانیش
من و تۆ و باڵندەکانێش
من و تۆ و گشت ساڵ و مانگ و
شەو و ڕۆژ و چرکە ساتە درێژەکانیش
لامان ڕوونە
لە شوێن پێی هەر هەنگاوێکم
لافاوێک فرمێسک دەڕژێ
لە ڕوانگەی هەر نیگایەکم
هەزارەها خەون دەمرێ
سەفەر دەمبا بۆ هەوارێک
نە چرای عەشقی تێدایە و نە یاداشتێکی منداڵیم
سەفەر دەمبا
ڕۆحم دەکوژێ
خەندەم دەمرێ
دەست دا دەگرێ بەسەرهەتاوی ڕەهاییم

# نان و ئاگر

## حەمەی شانۆ

پێش
ڕۆژ هەڵاتن
پێش توانەوەی
زوقمی نێو جۆگەلەکان
پێش ئەوەی شەیتانەکان هەڵسن
پێش ئەوەی بارانەکە خۆشی بکاتەوە
من بەخەبەرم دەچمە دەرێ لەماڵ
مەیدانی کرێکاران قەرەباغە
لەو پیاوانەی بە هێزی شانەکانیان
دەژین کەسانێکیش
چەک لەسەرشانن لەتەوێڵەی
ئاغاکانیان



عەشق بەتامی کرێکاری سوێر سوێرە
دەستە زامدارەکانم
بۆنی ئارەقی کراسەکەم
ڕوومەتی هەڵقرچاوم
پشتەکۆمەوەکەم
ڕووی ڕاوەستانیان نییە
بەرامبەر کچێک
کچان زمانێکی شیرینیان دەوێت
حەزیان بەقسەی شاعیرانەیە.
شاعیرە تەسکەکانم خۆشناوێت
ئەوانەی منالی بەردەم سپلیتن
بەسپۆنسەر
بەمیدیا
بەمیدالی زێڕین
بوونەتە شاعیر
کرێکارەکان شاعیری ڕاسەقینەن
ئاخی ئێمە و ئەوان مەودای ئەرز و ئاسمانە
ئاخی ئێمە لەدەست
ماندوویتی وچەکوش وەشانە
هی ئەوانیش لەعانی گان و و
ڕەحتبوون و تەکانە
خودا گەر لەو دنیا پێم بلێ تۆ کێی ؟
ناو لەپی دەستەکانمی پێشان ئەدەم
پسولەی بەهەشت ، چەکوشەکەمە
کە سیمبولی ڕەنجدەرانە
تەنها بەشی تێرکردنی سکێک و
دەفتەر و پێنوسێک و
کرینی کتێب و فیلمێک دەکات
پارەکەم
ئا ئەمەیە ژیانم ناشتوانم ناوی بنێم خەون
ئەژدادی ئەوخەونانەش بسوتێنم
کە بەپارەی کرێکاری دێنەدی.
هەندێ شەو هێندە هیلاکم
گەر فریشتەی مەرگیش بێت
پێی دەڵێم تخوا برۆ سبەی وەرەوە
باهەرنەبێ ئارەقەکەم وشک بێتەوە.
نیوەڕۆیەکی کرێکارانە بژێ
بەخواردنی نان وئاگر.
بەکارکردن لەژێرپلەی گەرمی پەنجا
ژیان هەموومانی گا
هێشتا پێمان دەڵێن تەحەمولت هەبێ
هەرنەبێ تۆزێ کەمتر
ئازار بچێژین
هەرنەبێ چەقوکانتان توندتر بوەشێنن
وەک وەشیانی چەکوشەکانمان
جغارەیەکم داگیرساندوە و
قەترە قەترە دەبمەئاو
قەترە قەترە لەبری فرمێسک
ئارەقە دەکەوێتەسەر
وێنەکەت کە خەریکە کاڵ دەبێتەوە
خەریکە وەستا بانگم بکا
پێش ئەوەی ئارەقەی سینگ
وپشتم وشک بێتەوە ،
ئەم دێڕانەم نووسی
ببورە ڕەنگە کەمێ تامی سوێربێت
ڕەنگە کەمێ سەرت بێتە ئێش
چونکە دەنگی تاق وتریقی چەکوش کاست ئەکا.

# " پۆتانسیالی زمان لەشیعری نان وئاگردا"

## خوێندنەوەیەک بۆ دەقی (نان و ئاگر)

بەشی یەکەم — عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ) — یانزەی ئەیلوولی ٢٠٢٠

شیعری (نان و ئاگر) دەقی شاعیری لاو حەمەی شانۆیە(١)، ئەم دەقە مۆنۆلۆجێکی ناوەوەیی شاعیر یان کارەکتەری ناو دەقەکەیە کە کرێکارە و لەڕێگەی بەراوردکارییەکەوە، بەراوردکارییەکی کۆمەلایەتی و ئابوورییەوە ، لەڕێگەی زمانێکی سفت و سادەوە خوێنەر کەمەندکێش دەکاتە نێو هەستیارترین بابەتی ڕۆژ و ژیان، ئەویش فەلاکەتباریی و مەینەتباری ژیانە. شاعیر زۆر بە وردکارییەوە ئیشی لەسەر ئەو بەراوردکارییە، لەڕێگەی وشە و دێر و وێنە چێکراوەکانی نێو دەقەکەوە کردووە، ئاشنامان دەکات بە دۆخێکی ناخوازراو و نالەباری کۆمەلایەتی. پرۆسەی بەراوردکارییەکە ئەبستراکت نییە و شاعیر چینێکی کۆمەلایەتی تاسەر شۆڕشگێڕ و نوخبەیەکی وردەبۆرژوازی ڕاڕامان نیشان دەدات و بەرپرسیارێتی هەردوولا سەبارەت بە ژیان و کۆمەڵگە دەخاتە ڕوو. ئەو زمانەی شاعیر بەکاری بردووە، زمانێکە ئاسایی و سادە و تەنانەت مرۆڤە سادە و بەشمەینەتەکان بەکاری دەهێنن و دوورە لە زمانی نوخبە، دوورە لە زمانی بۆینباخ لەبەرەکانی نێو ئۆفیسی پشت مێزە زەبەلاحەکان، ئەوانەی وشەی نامۆ نامۆ و دەقی نامۆ نامۆ دەنووسن. حەمەی شانۆ هێزی وشە زۆر سادەکان دەناسێت و زیرەکانە دەستی بردووە بۆیان و ئەو هێزەش بووە بە پۆتێنشیالی نووسینەکەی.

پێش
ڕۆژ هەڵاتن
پێش توانەوەی
زوقمی نێو جۆگەلەکان
پێش ئەوەی شەیتانەکان هەڵسن
پێش ئەوەی بارانەکە خۆشی بکاتەوە
من بەخەبەرم دەچمە دەرێ لەماڵ

بەڵێ ئەوە کرێکارەکانن، ئەو ئینسانانەن کە نانی ڕۆژیان نییە و ئامادەن هێزی کاری خۆیان بفرۆشن و لەکازیوەی بەیانییەوە لەماڵ دەردەپەڕن و ئێوارە بە شەکەتی و ماندوویی دەگەڕێنەوە ناو ماڵ، ئەوان ئەو چینێکی تاسەر شۆڕشگێڕن.جیهانی کرێکاران، لێوڕێژە لەعەشق و تووڕەیی و ئومێد و خەون و شەڕەقسە و ململانێ و خەبات. لەم جیهانە سادەیەدا ئاخاوتن و گفتوگۆشیان سادەیە وەک دڵە پاکەکانیان. جنێوەکانیشیان خاکییە و پڕە لە ئیدیۆم ومیتافۆر. شاعیر هاتووە لەم جیهانەوە باس لە عەشق و شیعر و شاعیر دەکات تا دەگات بە سکاڵا لە دەست نەهامەتییەکانی ژیان.

عەشق بەتامی کرێکاری سوێر سوێرە
دەستە زامدارەکانم
بۆنی ئارەقی کراسەکەم
ڕوومەتی هەڵقرچاوم
پشتەکۆمەکەم
ڕووی ڕاوەستانیان نییە
بەرامبەر کچێک
کچان زمانێکی شیرینیان دەوێت
حەزیان بەقسەی شاعیرانەیە.

بەشێکی بەرچاوی کچانی ڕۆژهەڵات، ئەوانەی وابەستەی کۆمەڵی نەریتی کۆمەلایەتین و هێشتا هەناسەی دەرەوەی قەفەسەکانی کلتووری ڕۆژهەڵاتیان هەڵنەمژیوە، وا بار هاتوون کە دەبێت کوڕ ئەرکی لاوانەی ئەوینی کچان لە ئەستۆ بگرن. بەڵام کارەکتەری نێو دەقەکە ( کە هەر خودی شاعیرە و ڕاناوی کەسی یەکەمە) کە بۆنی ئارەقەی لێدێت و بە پشتی کۆم و دەستی زامداری ڕووی ئەو

لاوانەوەی ئەوینەی نییە. هەرچەندە ئەم دیاردەیە لەدەقەکە گشتیگیر نیشاندراوە، بەڵام لایەنە نێگەتیڤەکەی بریتییە لەوەی کە کرێکار و جیهانی کرێکار ڕووی ئەوین و عەشقی نییە. بەڵام لە ڕاستیدا و لە دونیای واقیعدا جیهانی کرێکار پڕە لە خۆشەویستی و دەیەها چیرۆک و حیکایەتی ئەڤینداری لەهەناودایە، یانیش ڕێی تێدەچێت کەپلەکەی ئەم کرێکارە هەڵگری ڕوحییەتێکی بۆرژوازییانە بێت و بەم جیهانە مەینەتبارەی عاشقە کرێکارەکەی نامۆ بێت. هەرچۆنێک بێت شاعیر بێئەوەی باس لە سیاسەت بکات و دروشم بەرز بکاتەوە، هاتووە بە دیوەکەی تر بە دیدگایەکی چینایەتییەوە بابەتەکەی خستۆتە ڕوو. ئەوەش ڕوونە کە(ئەو ئەدەبەی گوزارشت لە دیدگای چینایەتی دەکات، ئەدەبێکی سیاسییە.)(٢) و بەم پێیە ئێمە لەم دەقەدا ڕووبەڕووی شیعرێکی چینایەتی — سیاسیی بووینەتەوە و سیحری زمانەکەی ئێمەی هێناوەتە سەر کەڵکەڵەی خوێندنەوەی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە وشەکانی دەقەکە لەنێو هەناوی ڕەخنەی چینایەتی کرێکارەوە نەهاتوون.

شاعیرە تەسکەکانم خۆشناوێت
ئەوانەی منالی بەردەم سپلیتن
بەسپۆنسەر
بەمیدیا
بەمیدالی زێڕین
بوونەتە شاعیر.
کرێکارەکان شاعیری ڕاسەقینەن
ئاخی ئێمە و ئەوان مەودای ئەرز و ئاسمانە
ئاخی ئێمە لەدەست
ماندوویتی وچەکوش وەشانە
هی ئەوانیش لەعانی گان و
ڕەحتبوون و تەکانە

ئەگەر شاعیربوون لێرە مەجازیش بێت،هێشتا لەبەردەم پرسیارێکی جیدیی دایە. ڕۆڵی شاعیر لە ئاڵوگۆڕە کۆمەلایەتییەکان چییە؟ چونکە منداڵانی بەردەم سپلیتەکان شاعیر نین و تەنها چەکووش بەدەستەکەی نێو ئەم دەقە شاعیری ڕاستەقینە و نووسەری ئازارەکانی ئینسانە. ئەوەی نیشاندراوە، وێنای جیاوازی ئابووری دوو چینی جیایە. یەکێکیان گوزارشتی دڕۆیینە لەگەڵ شیعر و واقیع دەکات و هەموو خەمی ئارەزوو و حەزەکانییەتی و ئەو حەزانەش لە کاتی هەناسەبڕکێی تەکانەکانیدا وێنا کراوە. ئەویتریان کرێکارەکەیە کە بێ دوودڵی و بێ ڕتووش گوزارشت لە واقیعی ژیانی خۆی دەکات کە حەمەی شانۆ سەر بە جیهانی کرێکارەکەیە، (کە جغارەیەکی داگیرساندووە و قەترە قەترە دەبێت بە ئاو). بەکاربردنی جغارە لەبری جگەرە، لانەدانە لەو ئینتمایەی کە زمان دەقەکە هەیەتی بۆ سادەیی جیهانی ئاخاوتنی شاعیر. دوا دیمەنی ئەم کۆپلەیە وشەگەلی ( گان و ڕەحەتبوون و تەکان) گەر بەشێوەی ئەبستراکت وەریان بگرین دەبنە هۆی ناحاڵیبوون لە دەقەکە و دواجاریش ڕێگە خۆش دەکات بۆ لێکدانەوەی نادروستی وەک بێحورمەتی بە ژن. بەڵام لە سیاقی دەقەکەوە لێی بڕوانیت، دەبینیت کە ئەو وشانە گوزارشتێکی ئابوورییان هەیە و دەلالەتن لەسەر مەدلوولێکی تر کەئەویش دۆخی ئابووری چینێکی تر(بۆرژوازی) ی خاوەن بەرژەوەندی جیاوازە لە بەرژەوەندی چینایەتی شاعیر .خوێندنەوەی هەڵە بۆ زمانی شیعریی و لێکدانەوەی موجەرەدانەی وشە لەدەرەوەی هەیکەلەی دەق، جگە لە ناحاڵیبوون لە دەق و زمان و شیعر، بەرهەمێکی تری نابێت.

بەشی دووەم لە ژمارە ٩ دا بڵاودەبێتەوە.

# بڕوانە



## فوئاد عزیز

١٠-٢٠١٧

بڕوانە
وەک ئەو پەروانەی
لە سوتانی مۆم دەڕوانێ
وەک چۆن مۆم لە نێو ڕوانینی پەروانە
خۆی دەسوتێنێ
تۆش نەورەس بەو لەباڵی بەرزەفڕت
بڕوانە
بڕوانە
وەک چون هەور لە ڕێژنەی خۆی
یا وەک چۆن باران
لەگۆنای وشکی باخچە دەڕوانێ و
پایز چۆن لە پرچی زەرد هەڵگەڕاوی
شۆڕەبی و
لە لێوی وشکی بیابانی بێ خونچە دەڕوانێ
تۆش
لە پرتەوی بەرەبەیانی ڕۆژێکی تازە
بڕوانە،
بڕوانە لە گەڕانی ئەو پێنوسە گەڕیدەیەم
چۆن لەوشە بە جێماوەکانی دەڕوانێ
وەک چاوەکانی خۆت
چۆن لە کاتژمێری باسکت دەڕوانێ
یان وەک سەرچاوە
چۆن لە ڕووبارێکی بێوچان دەڕوانێ
یان وەک تیشک
چۆن لەئاوابوونی خۆی دەڕوانێ
دەسا تۆش دەریا بەو
لەبەرزترین شەپۆلی خۆت
بڕوانە
بڕوانە
وەک نالی بۆ حەبیبە
وەک بێکەس بۆ شیعرو
وەک پەیکەرتاشێ
بۆتاشینی چیرۆکێ لەبەرد
تۆش لە عشقی قەسیدەیی بڕوانە
بڕوانە وەک من چۆن
لە ئازادی و
ئازادی لە کۆتوبەندو
کۆتوبەند لەدایکم و
دایکم لە وێنەکانی ئاو دەڕوانێ
تۆش لەحیلەی ئەسپێکی
سەرکێش بڕوانە
بڕوانە
وەک شەمەندەفەری هەژاران
بۆ دوا وێستگەی هەڵدێری خۆی
وەک منالێ بۆ ژیانێکی باشتر
وەک کاپیتانێک بۆ کەناری عشق و
وەک ژنێک بۆ ئەوجی خۆشەویستی
وەک مەعشوقێ بۆ لوتکەی میهرەبانی
دەتۆش ئەی هاوڕێم
چیایەک بەو لەخرۆشان و
گری تورەیی
بورکانت خۆت بڕوانە

# شیعر و هونەر لە ڕاپەڕینەکەی ئۆکتۆبەردا

## لە نێوان نوێنەرایەتی کردنی ئاگایی شۆڕشگێرانەی جەماوەر و کۆت و بەندەکانی دەسەڵات و سەرکوتیدا

بەشی دووەم و کۆتایی

ئامادەکردنی جەلال الصباغ

وەرگێرانی لە عەرەبییەوە :

شیرین عەبدوڵا

### علی الرکابی



شاعیر علی الرکابی لە شارۆچکەی ئەلحەی لە پارێزگای واسط بەشدارییەکی چالاکی هەبوو لە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر بەتایبەت لە ڕێی ئامادەبوونی لە گۆڕەپانی تەحریر هەر لەیەکەم ڕۆژەکانییەیە. علی الرکابی جەختی لەوە کردەوە کە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر نەک هەر لایەنی سیاسی، بەڵکو هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتەوە، ئەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە ویژدانی هونەری و ڕۆشنبیری بە ئاگا هێنایەوە بە تیشک خستنە سەر کێشمەکێشەکانی ژیان، وە هونەر هەروا بووە لە شۆڕشەکانی مێژوودا هەر وەک لە شۆڕشی فەرەنسی و شۆڕش وراپەڕینەکانی تردا وراپەڕینی ئۆکتۆبەری بە شۆڕشێکی گەورەی شیعری وهونەری مەزن ناساند کە چەندین تابلۆی جوانیی کێشا لە گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندانداندا کە تەعبیر بوون لە ڕەت کردنەوە و خۆشەویستی و ئازادی فیکریی وە هەروەها شیعر و شانۆ. علی الرکابی دەرچووی کۆلێژی میدیا بەشی ڕۆژنامەوانییە تەمەنی ٣٢ ساڵە وچەندین هۆنراوەی شۆڕشگێرانە و ئازادیخوازانەی هەیە و کۆمەڵە شیعرێکی بەناوی (خەونەکانی نیشتمان وخاک) لە ژێر چاپدایە وە لە حاڵی حازردا سەرقاڵی نوسینی ڕۆمانێکە بە ناوی (خۆشەویستی لە قوتودا). لەوەڵامی پرسیار دەربارەی ئاگایی لە هۆنراوەبێژ و ئەدیبەکان وکارەکانیان،عەلی الرکابی وتی : ئەو لەبەر مەشغەڵەتی لەم کاتەدا نەیتوانیوە بە شێوەی پێویست پەیوەندی لەگەڵ ئەدیبەکانی کوردستان بگرێت وە هەروەها ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستی و هاوپشتی دەربڕی لەگەڵ چینی چەوساوە کە خوازیاری ئازادی و یەکسانی و دادپەروەرییە لە عێراق و کوردستان.

لەهۆنراوەکانی علی الرکابی :

بمکوژە، ناتوانیت دەنگی شۆڕشگێڕێک بێ دەنگ بکەیت

بمکوژە، سبەینێ خوێنی دەمارم بە قەد بەرزایی منارەکان سەوز دەبێت

بمگرە، وناوم لەدەفتەرکاندا بسڕەوە

کۆت وبەندیشم لە یەشماغی باوکی فەرهود کراوم

تەپوتۆزی مەتەرێزەکان

سونبوڵی ئازادی هات و زنجیری داسەکانی شکاند

و لافیتەکانی ئایین شۆستەکە دڕاندی

وە بوو بە زەنگیانە بۆ پرچەکان

کوپی قاوەی بەیانیم بۆ ڕاوەشێنە و

کراسەکەت بسڕە

ناوت بسڕەوە

هێڵی ڕاست و چەپ بەسەر ژمارەی حیزبەکان دابێنە.

ماچی خەونەکەم بکە

بە هیممەتی ئەم هەموو ئازایانە نیشتیمانێک ئەگەڕێنینەوە بە سەلامەتی

بۆ ڕۆژانی گەنجی

### مالیک عبدون

شاعیر مالیک عبدون لە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەردا بە بوونی فیعلی لەناو گەنجانی خۆپیشاندەردا وە هەروەها بە هۆنراوە چاونەترس و ئازادی و یەکسانیخوازەکانی، ئامادەییەکی بەرچاوی هەبوو. عبدون لەدایک بووی شاری بەغداد ١٩٨٥ ە ودەرچووی کۆلێژی مامۆستایانە. مالیک لە گەڵ ڕوخانی ڕژێمی سەدام دا دەستی بە شیعر نووسین کرد. ئەو دەڵێت کە لەلایەن زۆربەی دەزگا ڕۆشنبیرییە فەرمییەکانەوە ڕەت کراوەتەوە چونکە پەیڕەوی لە مەنهەجی ئەوان ناکات وپابەند نابێت بە مەرجەکانیان، ئەو دەڵێت کە ' ئەوە دەنوسم کە ویژدانی مرۆڤانە و فەلسەفیم پێم دەڵێت'. مالیک لەوەڵامی دەربارەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و کاریگەری لەسەر گەنجە ئەدیبەکان و گۆڕانکارییەک کە بەدەستی هێناوە لە باری ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە عبدون وتی : 'ئەدیبەکان بوون بە دوو بەشەوە،




نیوەی لەگەڵ میلیشیاکان و حکومەتی (قەناسەکان) وپڕوپاگەندە بۆیان و لەکەدار کردنی سومعەی شۆڕش و شۆڕشگێڕەکان'، وە نیوەکەی تریان کە 'نوێنەرایەتی من و نووسینەکانم دەکەن لە شیعر و گێڕانەوە کە لە خزمەتی شۆڕشەکەدایە وبەرگری لێی بە هەموو شێوەیەک وبە ئاگاهێنانەوەی جەماوەر' وە هەروەها وتی ' لەوانەیە دێڕە شیعرێک جەماوەرێکی گەورەی تووڕە لەبەر زوڵم وزۆری حیزبە کۆنەپەرستەکان، بجوڵێنێت. هەروەها دەربارەی پەیوەندی و ئاگایی لە ئەدەبی کوردی عبدون وتی : من یەکجار بایەخ دەدەم بە ئەدەبی کوردی و شاعیر و نووسەرەکانیان و زۆریان لێ دەناسم و پەیوەندی خۆشم هەیە لەگەڵیاندا وە هەندێکیان زۆر یارمەتی پێناساندنیان دام بە شاعیرە تازەکارەکان لە شیعری کوردیدا ولەمانە (تەیب جەبار) وە شاعیری کۆچ کردوو شێرکۆ بێکەس وە زۆرێک لە گەنجەکان وەک ئاریان عەلی وە چەندین ناوی تر کە ئاگاداری بەرهەمە ئەدەبیە وەرگێڕدراوەکانیانم و هیوام ئەوەیە فێری زمانی کوردی ببم بەتەواوی وە هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا بیخوێنم.

قەسیدەیەکی مالیک عبدون دەربارەی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر :

ئەی ئەو کەسەی کە سییەکانم بەتاڵ دەکەیتەوە

لەهەناسەی ئەوانی تر و

دەچییە کوشتارگا و گرێک

لە ناو سنگما دادەگیرسێم

من ئەو گیان بەختکردووم

کە لە دەمی پەپوولەوە هاتە دەر

لەڕێگەدا بەرەو لام خودکوژی کرد و

لەسەر تەرمەکەی نوێژیان کرد

پەیکەرەکانی (نصب الحريه)

هەموو ئەو چۆلەکانەی کە پەڕیان بە خوێنم تەڕ بوو

ئێستا لەسەرینی خەو بینەکاندا دەفڕن نایەنەدەر لێی

نە پرسیاری بۆراقەکەم لێبکە

کە بێ باڵ فڕی و

لە پێشبڕکێی سەر زەویدا دۆڕاندی

نە ئەو پێغەمبەرانەی کە نەیانتوانی

خەم بکوژن لەم جیهانەدا

نەئەو هەورانەی کە

وەک بێڕەنگیی مردووەکان ئاسمانیان داپۆشیوە

نە ئەو پشکۆ دێرینەی ناو دڵمان

کە چۆن بە یادەوەری و پەشیمانی ناشتمان

چۆن وەک گوێدرێژێک لەسەر شانمان هەڵمان گرت

نە لە منداڵێکی داماوی خەڵکی بەسرە

کە چووە ناو شووشەیەکی بەتاڵ و

بوو بە مۆلۆتۆڤ و خۆی داگیرساند

وە نە لەو ژنانەی لەبرسانا مەمکیان بڕییەوە

وە فڕێیاندا بەسەر سەربازەکاندا

لە سەری "مطعم تورکی" دوە

چونکە تۆ خۆتیت کە

سییەکانم لە هەوای ئەوانی تر خاڵی دەکەیت

وە تۆ بوویت کە فڕێت دا

بۆ بوزا سابونی ڕۆح لە قوڕاوی جەنگەڵدا

بۆی دەموچاوی پێ بشوات!

وە تۆ بوویت کە مانگت وا لێکرد

لە شەوی بەغدادا لەچاوی پشیلە بچێت

گۆشتی ناسکمان مێشی ناچێتە سەر و نائاوسێت

جەنەراڵ و شێخەکان کەوتنە سەری و

دانیان بە گومبەز پاک کردەوە!

# ڕیالیزمی سۆشیالیستی

بەرزان بابەشێخ

٢٠٢٠/١٠/٣٠

کەسانی شۆڕگێر، گەر ئامانجەکانیان دوور و نزیکش بێ لە کەسانی سادەی مت بوو، زۆر جیاوازیان لە کەسایەتیدا هەیە. جا کەسەکە شۆڕگێری مەیدانیی بێ یان ئەدیبێک بێ. ڕاستە ئەوان لە دەوامەی خەباتدا بۆ دونیایەکی باشتر تێدەکۆشن، بەڵام بیانەوێ و نەیانەوێ، لە ئاریشەی هاوەڵدووانەی تەغریب بە خۆیان ئازاد بوونە. ئەوان بۆ ڕووخانی قییەمە کۆنەکان تێدەکۆشن لەجێگای قییەمی نوێی ئینسانی دائەنێن. نەک وەک کەسە متبووەکان، نەک وەک ئەدیبە ناشۆرگێڕەکان کە لەسەر ئەم زبلخانە نامرۆڤانەیەدا دابنشن و گلەیی بکەن و ئەم جەلادخانەیە بڕازێننەوە. ڕیالیزمی سۆشیالیستی چەکی ئەدیبە شۆڕگێڕەکانە لە ئحساسدا و پارتی کۆمۆنیستیش چەکی تێوری شۆرشگێرانە لەزهن و پراکتیکدا . هونەری دادوەری لەم دوو چەکە، ئەگەرەکانی ڕێک دەگەڕێتە وە بۆ ئەوەی ئاخر. ئەم دوانە جیا لە بەدەستهێنانی ئازادی و بەرابەری، هەر ئێستا منداڵدانی ئاشت بوونەوەی ئینسانە بە خودی خۆی و بە خودی ئەویتر. وای تر، ون بوون و بوون بە ئەسیرێکی زنجیر کراو .

# گرێژنە

## ڕۆشنگەری کرێکاری



عەبدوڵا سلێمان ( مەشخەڵ)

دەینوسێت

ڕۆشنگەری کرێکاریی هۆشیارکردنەوەی سەرتاپاگیری چینی کرێکار و خەڵکی بەشمەینەتە لەبوارە جیاجیاکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی. شۆڕشێکە بەمانای دووبارە ژیاندنەوەی تەواوی جومگەکانی ژیان و کۆمەڵگە و ڕەونەقدانە بە مەسەلەکانی جوانناسی و بەها ئینسانییەکان .ئەدەب و فیکر، ئیستاتیکا و هونەرە جوانەکان، دەستکەوتە زانستییەکان و لایەنە پڕشنگدارەکانی کلتووری ئینسانیی، کرۆکی ئەم ئەم بزاڤە ڕۆشنگەرییە پێک دێنن. گوتارێک کە ڕۆشنگەری کرێکاریی ئاراستەی دەکات تەریبە لەگەڵ ئەو میتۆدەی کە ئیش لەسەر گێرانەوەی ئیرادە بۆ ئینسانی تێکشکاوی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و زیندووکردنەوەی گیانی تێکۆشان و خەبات لەپێناو ئازادی و یەکسانی ئینسانەکان و دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا دەکات. ئاراستەیەک کە ڕۆشنبیری باوی کۆمەڵگە، وەک ڕۆشنبیری لیبرالیزمی نوێ ڕای گەیاندووە و بەرگری سەرسەختیشی لێدەکات، خۆی لەبەردەم نوێبوونەوەدا نامۆ دەبینێت. لە هەلومەرجی ئەمڕۆی ململانێی چینایەتی، دەکرێت جووڵانەوەیەکی ڕۆشنگەریی بە چ ماهییەتێک ولەسەر چ پانتاییەک وەگەڕبخرێ و کێن ئەوانەی ئەو جووڵانەوەیە وەڕێدەخەن و بەرەوپێشی دەبەن و خۆیان لە بەردەم ئەم ئەرکە مێژووییەدا بە بەرپرسیار دەزانن؟ کێن ئەوانەی دەتوانن لە حەقیقەتی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی چینایەتی سەرمایەدارییەوە ببنەوە توخمێکی چالاک و کاریگەر و ببنە ڕەگەزێکی بنەڕەتی گۆڕینی ئەو کۆمەڵگەیە. ببنە توخمی گۆڕینی جەوهەری ئەو سیستەمەی کە مرۆڤایەتییان دووچاری کۆیلایەتی کردووە؟ کۆمەڵگە کۆمەڵگەیەکی چینایەتیی سەرمایەدارییە بە سەرخانێکی سیاسی دواکەوتووانەوە. پایەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازی تا دێت پتەوتر دەبێت و ئاسۆی ژیانی ئینسانەکان تاریکتر خۆی دەنوێنێ. جیهان بە جەنگ و بێکاری و تەنگەژەی ئابووری و بازاڕی ئازاد ئارایشتی خۆی داوە و مەینەتی و نەهامەتی لەناو جەستەی ژیان هەڵتۆقیون و مۆرانەئاسا کەوتوونەتە وێزەی جوانییەکانی ژیان. ئەدەبی نیولیبراڵییش جگە لە جوان نیشاندانی ڕووی دزێوی ئەم سیستەمە نا ئینسانییە کارێکی تری نییە و نایکات. گرەنتی مانەوە و درێژەکێشانی ئەم چارەنووسە تاریکە، بەندە بە هیمەت و چالاکییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەی ئینسان. بزووتنەوەی ڕۆشنگەری ئەم سەدەیە دەبێت دژ بە تەواوی ڕووخسارە قێزەوەنەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی بەرپا بکرێت. وەکچۆن ڕۆشنگەری ئەوروپا، جیهانی فیوداڵی مەسیحییەتی خستە ژێر پرسیارەوە و توانی ڕەخنەی جیددی لە تەواوی کۆمەڵگە بگرێت، هەر لە مافی مرۆڤ و دادگاکان و سیستەمی پەروەردەو فێربوون و ئازادییەکان و ژنان و چاپەمەنی و میدیا تا دەگات بە ئایین، ئەوا ڕۆشنگەری کرێکاریی ئەرکییەتی جووڵانەوەیەکی گورجکبڕ لەبوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دژ بەم هەمەجییەتەی سەرمایەداری بەرپا بکات. بۆ بەرپاکردنی ئەو بزاڤەش دەبێت چەندین مایکڵ ئەنجلۆ و لیۆناردۆ داڤنشی قۆڵی کارکردنی لێ هەڵماڵن و تا بتوانن کاروانی ئەم بزاڤە مەزنە بگەیێنن بە مەنزڵی خۆی. ڕۆشنگەری کرێکاریی بە پشت بەستن بە بەها مرۆییەکان و گەشە کلتوورییەکان، دەبێت گەوهەری کارەکەی لە هۆشیاری چینایەتیدا چڕ ببێتەوە و بنەمای سۆشیالیزم و ڕزگاری بەشەرییەت بکاتە هەوێنی هەنگاوەکانی. دەقە ئەدەبییەکان، پەیکەر و تابلۆ هونەرییەکان، شانۆکان و تەنانەت سروود و مۆسیقاش بچنە ئەو بوارەوە و بەرەو ئەو ئامانجە هەنگاو هەڵبگرن. ئەگەر نا ئەوا نەزانیی و کۆنەپەرستیی بۆ هەمیشە دەبنە هەوری ئاسمانی ژیانی ئینسان.

تەمووزی ٢٠٢٠

# ئەو کاروانەی بۆ هەواری ئێمە نەچوو...

## یەک هەنگاو بۆ پێشەوە، دوو هەنگاو بۆ دواوە

### دیدار و گفتوگۆ لەگەڵ "سالار ڕەشید"

### (نووسەر و هەڵسووڕاوی لە مێژینەی خەباتی کرێکاران و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی)

سازدانی: جەمال کۆشش

**جەمال کۆشش:** زۆر سوپاس هاوڕێ سالار بۆ قەبووڵکردنی گفتوگۆکەم، تۆ لەم ماوەیەدا کتێبێکی گرنگت بڵاوکردەوە، "ئەو کاروانەی بۆ هەواری ئێمە نەچوو"، جگە لەوەی چەندین کەس لەبارەیەوە نووسییان ( دکتۆر ئەحمەد حەمەد ئەمین، عاسی مەحموود، مەلا ڕێباز، سەریاس محەمەد ساڵح، غازی محەمەد، ئاوات عەلی، عەلی محەمەد، نەوزاد مەدحەت، ئەحمەد شوان، ئازاد عەلی ...) بەڵام لەم یەک دوو مانگەدا ئەو بابەتانەی کە تۆ لە کتێبەکەتدا لێکۆڵینەوەیانت کردووە، کێشمەکێشی گەورەی سیاسی و فکری نایەوە. بە دوای بڵاوبونەوەی کتێبەکەی مەلابەختیار "لە بری بیرەوەری"

با جارێ هەندێک لایەنی تری کتێبەکە تاوتوێ بکەین. لایەنی شارستانی و کلتووری و زمان و تەقالید. کەرکووک وەک شاری کارگەی بچوک، پێستە و هەلاجی و ئاسنگەری، دەورانی گواستنەوەی لادێ و شار، ئاژەڵداری و باروبنە، وەک پەیدابوونی نەوەیەکی خوێندەوار و چالاکی سیاسی ... ئایا بە لاتەوە چەند بە بایەخە، ئەم مێژووە بۆ تێگەیشتنی کەسایەتییەکانی نێو ئەو دەورەیە بنووسیتەوە؟

**سالار ڕەشید:** کتێبی "ئەو کاروانەی بۆ هەواری ئێمە نەچوو" بیرەوەریی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردووە، بیرەوەریی خۆم و هاوڕێکانمە لەو بڕگە مێژووییەدا، کە بۆخۆی گۆشەیەک لە بیرەوەریی شاری کەرکووک و چەندین ڕووداوی گرنگی کوردستانیش یاداشت دەکات.

ئەو بیرەوەرییانە زیاتر پەیوەستە بە کار و هەڵسووڕانمان لەنێو ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتیی خوێندکارانی کوردستانەوە. کۆمەڵە لەو دەورانەدا توانی وەکوو ڕێکخراوێکی چەپ و مارکسی، ڕێکخراوێکی چوست و چالاک و تێکۆشەر و قوربانیدەر کاریگەریی گەورە لەسەر هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەوێ ڕۆژێ دابنێت و باسکردنی مێژووی ئەو دەورانە لە مێژووی سیاسیی کوردستان بەبێ باسی کۆمەڵە ئیمکانی نییە.

بەڵام دیاردەی کۆمەڵە و تێکۆشەرانێک کە هەڵسووڕاوی نێوی بوون، بێگومان زادەی ڕۆژگار و زەمان و زەمینی خۆیانن، بۆیە بۆ لێکدانەوەی ئەو دیاردەیە، من چوومەتە سەر باسی ئاڵوگۆڕە ئابووری و سیاسییەکانی ئەو ڕۆژگارەی کوردستان و عێراق و جیهان و لەنێو ئەو زەمینەیەدا ئاماژەم بە ڕیشەکانی ئەو بابەتە کردووە.

لە پەیوەند بەو ڕێکخراوەشەوە، شاری کەرکووک هەر لە سەرەتاوە یەکێک بووە لە مەڵبەندەکانی و هەر لە سەرەتاوە بنکەیەکی گرنگ و کۆڵەگەیەکی پتەوی بووە. کاتێکیش من دەچمە سەر بیرەوەریی منداڵی خۆم و باسی زیندەگی و جۆنیەتیی ژیانکردن و کار و کاسبی و بازاڕ و دوکان و کارگا و کارخانە و ژیانی شارنشینی و هاتنەکایەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و وەک چین و توێژگەلی کۆمەڵ و پەیوەندی شار بە لادێ و بە جووتیاران و بازاڕی ساغکردنەوە و بەبازاڕکردنی بەرهەم و بەروبوومەکانیان و هەروەتر باسی خوێندنگا و خوێندەواری و هاتنەکایەوەی توێژێکی خوێندەواری شاری و سەروکاریان لەگەڵ کتێب و کتێبخانە و کەوتنە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەی بیرمەندانی جیهان و بزووتنەوە و شۆڕشەکانی ئەو ڕۆژگارە ... بێگومان لەوێوەیە کە ئەمانە گشت دەرهاویشتەی ئەوانەن.

لەو بەشەی کتێبەکەدا، ئەگەرچی من باسی خۆم و ژینگەی خۆمم کردووە، وەلێ لە ڕاستیدا لەو ڕێگەیەوە من باسی توێژێکی کاریگەری ئەو سەردەمە و شارێک کردووە، کە لەنێو کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو شارە و کوردستانیش بە گشتی ڕۆڵی دیار و بەرجەستەیان گێڕاوە.

**جەمال کۆشش:** ڕاستە ئەم کتێبە وەک بیرەوەری نووسراوە، بەڵام هەمیشە و بە بەردەوامی بە چاوێکی کراوەوە دەنواڕێتە خۆی و دەوروبەری و ماکی گەشەکردن و هۆکاری شکست و سەرکەوتنەکان پێشبینی دەکات. لەسەر کێشەکان دەوەستێت و لەسەر ئەوەی دەبووایە چی بکرایە، قووڵ دە بێتەوە و لە مێژووی پێکهاتنی کۆمەڵە دەکۆڵێتەوە و دەگات بەو ئاکامەی ئەم ڕێکخراوە، یان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناتوانێت خزمەت بە کرێکاران و هەژارانی کوردستان بکات، لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٨٤ دەست لە ئەندامەتی دەکێشێتەوە، ئێستا پاش ئەو مێژووە، ناسیۆنالیزمی کورد و حکوومەتی هەرێم و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**سالار ڕەشید:**

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر کرێکاران، زەحمەتکێشانی شار و لادێ، پیشەوەران و خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی شار دانا و بووە جێگای کۆبوونەوەی ئینسانە چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخواز و یەکسانیخواز و ڕادیکاڵەکانی ئەو ڕۆژگارەی کوردستان. بەڵام چونکە ئەم ڕێکخراوە لە بنەڕەتدا لە پێناوی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هێنانەدی دنیای ئازاد و بەرابەر بنیات نەنرابوو، چونکە ئەم ڕێکخراوە تەنها بۆ کەڵک وەرگرتن لە خۆشناوی مارکسیزم ئەو ناوەی لە خۆی نابوو، چونکە تەنها بۆ هەڵخڕاندنی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بەکارهێنانی بۆ گەیشتن بە شەریکبوونەوەیان لە دەسەڵاتی سیاسیی ناوەندیی، باسی ئەوانی دەهێنایە گۆڕ، بەردەوام کێشە و ململانێ لەنێویدا، لەمەڕ کرێکاریبوون، مارکسیبوون، پێشکەوتنخوازبوون، یەکسانیخوازبوون، یان نەبوونی هەبووە و ئەوانە بووبوونە بەشێک لە زیندەگی ئەو ڕێکخراوە.

لەنێو ئەو ڕێکخراوەدا هەمیشە دوو بەرە لە ئارادا بووە، بەرەیەک داکۆکی لە بەرژەوەندیی خەڵکی کرێکار زەحمەتکێش دەکرد و بەرەیەکیش داکۆکی لە بەرژەوەندیی چینی سەرمایەدار و خاوەن مڵکەکان دەکرد. دیارە من لێرەدا مەبەستم لە فراکسیۆنێکی دیاریکراوی نێو ئەو ڕێکخراوە نییە، بەڵکوو مەبەستم ڕوویەکی گشتی مەسەلەکەیە.

بە مانایەکی دیکە: من لێردا مەبەستم ئەوە نییە کە فراکسیۆنی ئاڵای شۆڕش

نوێنەری کرێکارانی کردووە، نەخێر! من مەبەستم لەو قسەیە، کێشمەکێشمی ئەو کۆمەڵە تێکۆشەرەیە، کە بە ڕەخنەی سادە لە هەڵسوکەوتی بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوە دەستی پێ دەکرد، هەتا بە هەڵوێستە سیاسییەکانی ئەو ڕێکخراوە و دواتریش بە ڕەخنەی قووڵ لە فکر و بنیاتی ئەو ڕێکخراوە کۆتایی دەهات.

هەروەکوو ڕۆشنە، لە هەر دەورەیەکدا پۆلێک تێکۆشەر دەستیان لەکار دەکێشایەوە، سەرەنجام باڵی ڕاستی ئەو ڕێکخراوە، کێشەکەی بە قازانجی خۆی چارەسەر کرد و بە ڕێگای فریودان، هەڕەشە، دەرکردن و گرتن و کوشتن دیدگای خۆی سەپاند و ڕێکخراوەکەی لە هەر چەپبوونێک تەکاند.

ئەوەی ئێستا لە کوردستان بەرچاومان دەکەوێت، لە چەوسانەوە و زوڵم و زۆر و نادادوەری و نایەکسانی ... چەتەگەری و مافیاچێتی و تاڵانکاری مشتێک دەسەڵاتداری کوردستان، زادەی ماهییەتی ئەو بزووتنەوە و حیزبانەن و لە خۆڕا و لە شەو و ڕۆژێدا هەڵنەتۆقیون.

واتە، مەسەلەکە ئەوە نییە، ئەمانە هەتا لە دەسەڵاتدا نەبوون، وا نەبوون! نەخێر ئەمانە هەر درێژەپێدەری ئەو شێوازە کارکردنەن کە پێشووتر و لە سەردەمی شاخدا هەیان بوو.

واتە، ئەگەر تێبینی ڕووداوەکانی ساڵانی زوو بکەین، هەر وەکوو لەبیرەوەرییەکاندا بە ڕۆشنی دەرئەکەوێت، ڕەگوڕیشەی ئەم شێوازە لە حوکمڕانی بۆ ئەو ڕۆژگارە دەگەڕێتەوە.

بێگومان بە سەدان و هەزاران تێکۆشەر لەو نێوانەدا بە نیازی ئازادی و بەختەوەریی ئینسانەکان گیانی خۆیان بەخشی و قسەیەک لە پاکی و دڵسۆزی ئەوان لە ئارادا نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، هەر لەو خاڵەوە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت، کە کرێکاران و بەشمەینەتان ئامادەی گشت فیداکارییەکن بۆ هەر جووڵانەوەیەک کە ئەوان ئومێدی ڕزگاری و سەرفرازی و باشتربوونی ژیانی خۆیانیان تیا ببینێت.

هەر بۆیە منیش کە هاتووم بیرەوەرییەکانی خۆمم نووسیوەتەوە، تەنها بیرەوەرییەکی ڕووتم نەنووسیوەتەوە، بەڵکوو هاتووم هەڵسەنگاندنیشم بۆ کار و هەڵسووڕانی خۆمان کردووە و ململانێ و کێشمەکێشەکانیشم بەرچاو خستوون و دەرس و ئەزموونم لێ وەبەر هێناون.

**جەمال کۆشش:** با هەندێک بێینە نێو بەشی کۆتایی کتێبەکەت، نەک بە مانای چاوپێکەوتنەکان بەڵکە بە مانای ئەوەی

وەک خۆت لە پێشەکییەکەیدا دەنوسیت، "گەورەترین ئەزموون و ئەنجامگیری من لە دەورکردنەوەی ئەم بیرەوەریانەدا ئەوەیە ... هەر بۆیە گرنگترین خاڵێک لێرەدا ئەوەیە، خەڵکی چەوساوە و بێبەش لەو نێوەدا چ میکانیزمێک بگرنە بەر، تاوەکوو خەبات و ڕەنج و قوربانییەکانیان بە تاڵان نەبرێن و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان پێچ و دەورەی زۆر نەکەن، ئیدارەیەک بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بەرپا بکەن، کە خۆیان حاکمی خۆیان بن و هیچ کەس و دەستگا و دامەزراوەیەک لە بانسەری ئەوانەوە و لەبری ئەوان حوکم نەکەن".

وەک دەزانین، ماوەیەکی زۆریشە تۆ لەو پێناوەدا بۆ ئەوەی کاروان بە ئاقاری تردا نەڕوات، لە خەباتێکی بێوچانداى، لە نێو ریزەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا، وە لێرەشدا بە ڕێکخراوەی جۆراوجۆرەوە پەیوەست بوویت و دەستت لەئەندامەتی کێشاوەتەوە، کاروانی ئایدیالی تۆ چییە؟

**سالا ڕەشید:** هەر وەکوو ئاشکرایە، کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی سەرباری هەنگاوی گەورەی لە مێژووی تێکۆشانی بۆ ئازادی و بەرابەری و بەختەوەری، بەڵام هێشتا لە نائارامییەکی گەورەدا زیندەگی خۆی




بەرێ دەخات. هەتاوەکوو ئێستاش بەشێکی زۆری مرۆڤەکان کێشەی نان، هەژاری و برسێتییان هەیە، کێشەی کاریان هەیە، وە یان لە ترسی لەدەستدانین. کێشەی شوێنی ژیان و داو و دەرمانیان هەیە، کێشەی نەبوونی ئازادی و هەڵاواردنیان هەیە، لەژێر هەڕەشەی جەنگ و لەناوچووندان ... ئەمانە گشت وایان کردووە، ژیانی مرۆڤ لە ئارامی و ئاساییشدا نەبن، بۆیە مرۆڤەکان ڕۆژانە لە هەوڵ و تەقالای ئاڵوگۆڕی ژیانی خۆیانن. دیارە بۆ کەسانی هۆشیاری کۆمەڵگا ئەوە ڕۆشنە کە سەرچاوەی گشت ئەو نەهامەتییانە، نیزامی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری و شێوازی بەڕێوەچوونی ئابووری و چۆنیەتیی ئیدارەکردنی کۆمەڵگایە، کە بەشێکی کەمی کۆمەڵگا بە قازانجی خۆی ڕێکی خستووە.

بۆیە، تێکدانی ئەو شێوازە لە بەڕێوەچوون و ئەو مۆدێلە لە ئیدارە، کە ئاستەنگی بەردەم ژیانێکی ئازاد و بەرابەر و خۆشگوزەرانە و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بێ چین و چەوسانەوە، ڕێگای بەختەوەری مرۆڤەکانە.

**جەمال کۆشش:** ڕەخنەیەکی سەرەکی تۆ لە ڕێکخراوەکان، لە شێوەی ڕێکخستنیان دایە بۆ چینی کرێکار، ئایا شێوازی مارکسیستی بە بۆچوونی تۆ بۆ پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی و سۆشیالیستی چۆنە؟

**سالار ڕەشید:** من پێم وایە، زۆرێک لە شێوەکاری هەتا ئێستای حیزبایەتی و ڕێکخستن، کە کۆمۆنیستەکان گرتوویانەتە بەر، لەژێر پرسیاردان. بێگومان بەبێ خۆ ڕێکخستن، کارێک بە ئاکام ناگات، بەڵام خۆڕێکخستنێکیش کە ئاکامەکەی دوو بارە لەبنپێخستنی ئیرادەی کرێکاران و چەوساوەکان بێت، ئەوە بێجگە لە نائومێدی، شتێکی دی لێ سەوز نابێت.

بۆیە زۆر گرنگە شێوازی ڕێکخراوبوون، ئیرادەی کرێکاران و بەشمەینەتان بەهێز و توندوتۆڵ بکات نەک بە پێچەوانەوە.

کەسانێک هەن لەو نێوەدا، خودی حیزبیش دەخەنە ژێر پرسیارەوە و پێیان وایە، حیزب هەر حیزبێک بێت، چوارچێوەی بێئیرادەکردن و بە کۆیلەکردنی کرێکاران و زەحمەتکێشانە، بەڵام من پێم وایە، کێشەکە لە خودی حیزبدا نییە، بەڵکە لە سیستەم و میکانیزمەکانییەتی. بێئیرادەکردن و بە کۆیلەکردن لە بونیاتی کۆمەڵگادایە، هەر لە خێزان و قوتابخانەوە بیگرە، هەتا دەگاتە کایەکانی دیکەی ژیان.

**جەمال کۆشش:** جارێکی تر دێمەوە نێو کتێبەکەت، تۆ لە زۆر شوێندا ، لێکهەڵپێکانی سیاسەت و ئایدیۆلۆژی و حیزب و دەسەڵات و چینەکان پێکەوە گرێ دەدەیتەوە، ئەگەر سەرکوت هەیە، ئەوە سیاسەتە، ئەگەر مەسەلەی ژنان و بێدەنگی و ڕەخنە نەگرتن لە دین هەیە، سیاسەتە ...

پرسیارەکەم ئەوەیە، بە بۆچوونی تۆ نەدەکرا ئێستا خەڵکی کوردستان و عێراق لە ژیانێکی باشتردا بژین؟

**سالار ڕەشید:** هەر وەکوو لە سەرەتای کتێبەکەشدا ئاماژەم پێی داوە، چینە چەوساوەکان و مافخوراوانی کۆمەڵگا لە پێناوی باشترکردنی ژیان و گوزەرانیان و گەییشتن بە هیوا و ئامانجەکانیان لە تێکۆشان و هەوڵی هەمیشەیی دان، ئیتر ئەوەیان بە هەر ڕادە و ئاست و توانستێک بێت. بێگومان چینە باڵادەست و زاڵم و چەوسێنەراکانیش لە بەرامبەردا و بە هەموو هێزێکیانەوە، لەمپەری سەر ڕێی ئەوانن و سەرسەختانە بەرگری لە جێگا و ڕێگای چەوسێنەرانەی خۆیان دەکەن.

کەواتە، باشتربوونی ژیان و زیندەگی خەڵکی لە هەر کاتێکدا دەکرێ و ئیمکانی هەیە و واقیعییە، وەلێ ئەویش لە خۆڕا یان بە خێری دەسەڵاتداران وەدی نایات، بەڵکە بە ڕادەی هۆشیارییان بۆ مافەکانیان و بە ئاستی یەکگرتووییانەوە گرێی خواردووە.

هەر وەکوو ئاشکرایە، خەڵکی کوردستان و عێراقیش هەتاوەکوو ئێستا چەندین جار نارەزایەتی و خۆپیشاندانی گەورە و مەزنی بەرێ خستووە، ئەگەرچی ئەو خۆپیشاندانانە نەبوونە هۆی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، وەلێ هەندێک جار دەسەڵاتی خستووەتە لێواری قەبر و نیوە ڕۆحی کردووە. بێگومان ئاکامی ئەوانە بە دەسکەوت بوونە و ئەگەر ئەوانە نەبوونایەن، ژیانی خەڵکی لە هەنووکە خراپتریش دەبوو.

کەواتە دەکرا نەک هەر ژیانی خەڵکی لە ئێستا باشتر بووایە، بەڵکوو دەکرا ئەم دەورودوکان و دارودەستەی دەسەڵاتە هەر تەفروتوناش بکرایە، ئەوەش پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاری و یەکگرتوویی زیاتریانەوە.

ئەبێت لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، لە ئێستادا زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان و عێراق هیچ خۆشخەیاڵییەکیان بەم دەسەڵاتە نەماوە و بەو ئاکامە گەییشتوون، باشبوونی ژیان و گوزەرانی خەڵکی لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتە چەتە و هەمەجییە هیچ ئیمکانێکی نییە و بایی چەند شۆڕشیش ئامادەی فیداکارین بۆی، وەلێ ئەوەیان لەلا ڕۆشن نییە، سبەی ڕۆژ ئیدارەدانی کۆمەڵگا بە چ شێوازێک ڕۆ بنێن.

٢٠٢٠/١٠/٢٦

سویسرا

ڕێوت
البديل OCAI
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# هێزی دەربڕین لە جەنگی ئازادیدا

.( بە بي أزادي هە موو شتيكي دي هيچە. ما ريو فيرگاس لوسا)

جەمال کۆشش

## چاوێک لە دەوروبەرمان..

کۆماری ئیسلامی ئێران لەریزبەندی ١٧٣ یەمین دایە، بەیەکێک لە سەرکوتکەرترینی" ئازادی دەربڕین" لە جیهان دادەنرێت. سەدان هەڵسوڕاوی میدیایی سەر پەڕێنراو ئیعدامکراون، زیندانی و ئەشکەنجەدراون وڕاونراون. تورکیا لە "١٥٧" دایە، ٩٤٪ میدیاکان لە ژێر کۆنترۆڵی ئەردۆگاندایە. عێراق" بە حکومەتی هەرێمیشەوە" بەپلەی ١٦٢ ەمین دێت. لە ریزی خراپترین ئەو دەوڵەتانەن کە ئازادی ڕۆژنامەگەری لەلایەن ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی پەیامنێرانی بێسنوور، لە نێو ١٨٠ دەولەتدا لە ساڵی ٢٠١٩ بڵاویانکردۆتەوە.

ئازادی ڕۆژنامەگەری فاشسترین ڕژێمی دونیا ناتوانێت کۆنترۆڵی بکات. بەدواداچوونە ڕۆژنامەوانیەکان لەسەر گەندەڵی وقۆرخکردنی کۆمپانیاکان وقاچاخبردنی بارزگانی مافیایانەی نەوت، لەسەر پەیوەندی داعش وبە حزبەکانی نێو دەسەڵات و بازرگانیکردنیان لەگەڵ بەرپرسان، لەسەر لەشفرۆشی، هەژاری و بێکاری، بندیوارو موچەی خانەنشینی و چەند موچەیی، تووڕەیی وهەڵسانی جەماوەروسوتاندنی بارەگاکان ، بڵاوکردنەویان لە دەزگاکان و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا دەیانیان لەسەری کوژران، سەدان لە زیندانەکانن. ئازادی ڕۆژنامەگەری، دایکی هەموو ئازادییەکانەو یەکێک لەهەرە گرنگترین مافەکانی مروڤە، جەوهەری وبنچینیەیی یە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لە دەوڵەتی دیکتاتۆری بپارێزێت.

ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی دەربڕین ناتوانن لێکیانبکەینەوە. هیچ ئازادییەک نیە ، کە ئازادی دەربڕین نەبوو.

## سەردەمی دەرنەبڕین




ڕێبوار کەریم وەلی، ئیکس وتارنوسی سیاسی دەزگای ڕاگەیاندنی ڕووداو، وتارێکی بەناوی( ئازادی لەسەردەمی دەرنەبرین دا ) بڵاوکردەوە، دوا دێر دەنوسیێت: ( ئازادی لە سەردەمی دەرنەبرین دا درۆیەکی شاخدارە/پریس میدیا ).

نزیکەی ٥٠٠٠ هەزار کەس لە ٨٥٠ دەزگای ڕاگەیاندندا لە کوردستاندا کاردەکەن هەن، وەک لە ڕاپۆرتی نیشتمانیانەی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوریشدا هاتووە " زۆرە بەڵام زۆر بەکەمی بواری میدیای ئازاد هەیە". ئەم ژمارەیە هەمە ڕەنگ ودەنگی میدیایی نین. ترسی دەسەڵات وکۆنەپەرستانە لە میدیای جددی و بۆ شاردنەوەی خودی ئەو ترسە یە وکۆنترۆڵکردنی دەربڕینە. نابودکردنی دەربڕینە بەناوی دەربڕینەوە.

مەترسیدارتر لە گەندەڵی

پێش دەرچوونی هەر یاسایەک بۆ چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەی، هاوشانی دەرچوونی یاساکانیش (١٩٩٣، ٢٠٠١، ٢٠٠٤، ٢٠٠٧، ٢٠١٣ ..) تیرۆر وکوشتن و ڕاودونان وشوێنبزرکردن و فەلاقەو دارکاری هەرهەبووە. کێ فەرهاد فەرەج، سۆرانی مامە حەمە، سەردەشت عوسمان، کاوە گەرمیانی، ویداد حسێن و ...تیرۆر کرد، کێ هەوڵی لەنێوبردنی هاوژین ئەمین و سەروەر پێنجوینی و مەریوان هەلبجەیی و دەیانی تر یدا، نامەی هەڕەشە بۆ چەند ڕۆژنامەنوسی ئازاد " بەشدار عوسمان وفەرمان خێلانی و نیاز عەبدوڵلا کەمال چۆمانی ..." نەنارد، کام ڕۆژنامەنوسی ئازادیخواز ماوە پڕ شەق وتیهەڵدانتان نەکردبێت ولەسەر کۆمینتێک "دڵشاد هیمو وهەرێم جاف وزریان محەمەد وئاودێر عومەروهیمن مامەندو شیروان شێروانی و ئەحمەد زاخۆیی گۆهدار بەروشکی. لە زینداندا توندتان نەکردبێت...دەیانتان ڕاکێشاوەتە بەردەم دادگا بەبیانووی " زڕاندنی نێو بانگی سەرۆک- بەهرۆز جەعفەر.. ".

هەرگیزدەسەڵاتداران وبکوژانی ڕۆژنامەنوسان لە لێپێچینەوەیی دادگایی و سزادانیان لەبەرامبەر ئەو هەموو تاوانە" لەتیرۆر، ڕفاندن و زیندانی وتێهەڵدان .." نەترساون. بەدرێژایی ٣٠ ساڵی حوکمڕانیان یەک کەس لە تاوانبارانی پلە یەک، لەگوڵ کاڵتریان پێنەوتراوە. بەڵام هەر شکایەتێکی دەسەڵاتداران لە ڕۆژنامەنوسان یەکسەرە بە زیندانی وغەرامەی گەورەو داخستنی دەزگاکە کۆتاییان دەهات.

چاولێکردنی مۆدیلی تورکی لە یاساکانی ڕۆژنامەگەریدا، پەیڕەوکردنی هەرە خراپترینەکانە .(یاساکانی خراپ بەکارهێنانی میدیا ئەلکترۆنیەکان، یاسای پارێزگاری لە پیرۆزییەکانی ئاڵاو سمبولە نەتەوەییەکان، ئاسایشی نەتەوەیی). لەتەواوی دونیادا هێندەی تورکیا ڕۆژنامەنوسی زیندانیکراوی نیە(لانی کەم ١١٤)، شکات لێکراوی نیە(١٥٠٠)، بێکارکراوی نیە( ١١ هەزار). تەوەرەکانی" کورد،ئیمان، کۆمۆنیزم ، کۆڤید، نهێنی ئابوری " وەک پشتیوانی لە تیرۆر بەهانەیان بۆ داتاشیون ولەیاسادا جێگیر کراون. پارتی بە خێرایی بەم ئاراستەیەدا ملدەنێت. کاوە محمەد لەم کابوسە ئاگادارماندەکاتەوە(ئەو ڕەشبگیرییە ی ئیستا زۆر لە گەندەڵی مەترسیدار ترە -سایتی شار پریس ) .

## تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ئازادی دەربڕین

بەخاترجەمیەوە، تۆڕی ویکیلیکس" جولیان ئەسەنج وهاوڕێکانی" ، بەئاشکراکردنی تاوانە جەنگییەکانی ئەمەریکا لە عێراق و ئەفغانستان، گەورەترین ئاڵوگۆڕی مێژوویان لە دەربڕین دا خوڵقاند. ئەوان بۆ گەیاندنی زانیارییە گرنگەکان بە ئاگایی گشتی" ڕۆحی کاری میدیا" یی، ژیانی خۆیان خستە بەردەم جەبەرووتی گەورەترین هێز، دەربەدەر بوون، بێخانە ولانەبوون وبەمانگ و ساڵ لە ترانزیت و قونسلییەکان گیریان خوارد، تا حوکمی ١٥٧ ساڵیان بە غیابی بۆ دەرچوو. لەبەرامبەردا تاوانەکانی ئەمەریکا لە ئاستیکی گەورەی نێو نەتەوەیدا ڕیسواکرا، ئەفسەرە جەللادەکان دادگایی کران، بوون بەسەرچاوە بۆ ملیۆنان کتێب ولێکلێنەوەو دەرگای بەڕووی هەموو ڕۆژنامە جیهانیە گرنگەکان کردەوە." گاردیان، واسنتون پۆست، لئبس، لۆمۆند.."

سەدا ٧٠ تا ٨٠ ی بینەران وبیسەرانی زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، لەڕێگای دیجیتالیەوەیە. گروپە نارازییەکان " بەتایبەت لاوان" بەهۆی هەرزانی و خێرایی میدیای ئەلکترۆنی ونەناسینی کەسایەتیانەوە ، ئەم کاناڵانە بەتایبەت فەیس بوک بەکاردەهێنن. لەم ماوانەدا سەران و کاریزما وپێشەواکانی شۆڕشی کورد، لە میدیای دجیتالی و بەتایبەت فەیس بووک، حەشریان پێدەکرێت. چەندین پێشمەرگەی دێرین، مێژوی خۆیان بەرابەرەکانیان شەرمەزار کرد، نەبەردانە داوای لێبوردنیان لە خەڵک کرد. کەڵکەڵەی ئەم پرۆژە یاسایەی فراکسیۆنی پارتی " پاراستنی ئاڵاو ڕابەرەکان وپێشمەرگە" دەمکوتکردنی ئازادی دەربڕین وهەمان سیناریۆی تورکیایە لە کوردستان بەناوی " بێڕێزی بە سمبولەکان..".

## چۆن ئازادییەکان بە گشتی و دەربرین بەتایبەت بپارێزین؟

ئۆپۆزسیۆنی فەرمی ئیسلامی کە خۆیانیش قوربانی ملهوڕی دەسەڵاتن و لێیان تیرۆرکراوە ، ئێستاش هەندێکیان لە زینداندان، خۆیان هاوبەش وخولقێنەری هەمان سیستەمی پیرۆزییەکانن.( لە تیرۆری عەبدولخالق مەعروف وسەلاح هەوارمی وفەرهاد فەرەج وشاپورو قابیل ..وسوتاندنی کتێبخانەکان و و بە قەدەخەکردنی شانۆو ڕاوەدونانی نوسەران وفەتوا لەدژی سەرجەم ئازادیە سەرەتاییەکانی ئینسان...) تا دەگات چوونە پشت ئەردۆگانی فاشیست لە کێشەی ئەم دواییەی تورکیا/فەرەنسادا.

هەروەها بەشێک لە توێژی ڕۆشنبیران ورۆژنامەنوسان وهەندێک توێژی چەوساوەکان پێیانوایە بە کاری پەرلەمانی دەتوانن ڕێگری لە تێنەپەراندنی یاسا کۆنەپەرستەکان بگرن، بزوتنەوەی گۆڕان و نەوەی نوێ یش ئەم کوێرە ڕێیە دەکەنە دەستکەوتی ئۆتۆیان و بە میدیا زەبەلاحەکانیان بیرورای گشتی دەشێوێنن.

" نەخۆشی شۆ" ، نەخۆشیەکی زگماکی چەپی دابڕاو لە کێشە چینایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستانە. تەواوی هەڵسوڕانی کەمپینی وهستریکی وخۆنوندانێکی بێ بەرنامەو بێستراتیژە، لە ڕاستیدا پەلەقاژەیە بۆ دەنگدانەوەی " هێشتا نەمردوم". فەتوای داعشیانەی مەلایەک، کەمپینی ئازادکرنی ڕۆژنامەنوسێک، گۆرانیبێژێک، دەیانباتە پەڕی ئاسمان .ئەم ڕەواڵە لە پراتیک و ئەم شێوازە بۆ خەباتی ئاڵوگۆڕی واقعی لەژیان، بۆئازادییەکان، بۆمافەکان بێمتمانییەکی هەتاهەتایی بە چەپ لە نیو جەماوەردا جێگیرکردووە.

بۆ ئەوەی دەربڕین ببێتە هێز، پێویستە لە ڕەگەی دەربڕین دا هیزهەبێت، وەک چۆن مارکس بۆتیۆردەڕوانێت، دەربڕین دەبێت ئەم توانایە پراتیکیەی هەبێت و ئەویش لەناو دڵی دەربریندایە. سەردەشت عوسمان ، "ووتەنی هەمیشە شتێکت بۆ ووتن هەبێت کە ئەوانی دی/ دەسەڵاتداران" نایانەوێت ببیستن. بوونی ڕێکخراوەی سیاسی کۆمۆنستی کە ئامانجی دابینکردنی ئەوپەڕی ئازادی سیاسیەو سەنگەر بە سەنگەر دەستپێشکەریی بێ و هێزی دەربرین بەبەردەوامی هەمەڕەنگ وفراوانتر بکات ونەداران بۆ ماف وئازادییەکانیان مۆبیلەزە بکات.

٣٠.١٠.٢٠٢٠٢

## لەڕوانگەی چینایەتیەوە ....

# حکومەت .... بۆ مشەخۆری

عوسمان زیندانی

ماوەیەکە حکومەت لەڕێگەی سەرۆکایەتیەکەی و وەزیری کارەباوە کەوتۆتەکار بۆ فرۆشتنی تەواوەتی هەموو بوارەکانی کارەبای گشتی (حکومی) بەکەرتی تایبەت وکەوتۆتە پڕوپاگەندە بۆی سەرۆک لەکۆبوونەوەی پەرلەمان و وەزیر لەکاتی سەردانی وەزارەتی کارەبا بۆلای لیژنەی ووزەو سامانی سروشتی لەپەرلەمانی کوردستان ،دواتر لێدوانی بۆکەناڵەکان کەپوختەکەی دیعایە کردن بوو بۆکۆمپانیاکان وکەرەتی تایبەت گوایە بەکەمترین خەرجی زۆرترین کارەبا دابین دەکرێت بۆهاوڵاتیان . دیارە کەرتی تایبەت لەکوردستان قۆرخکراوە بۆ کۆمەڵێک کۆمپانیای دیارکراوی سەر بەهەردوو حزبی دەسەڵاتدار و چەند کەس وگروپی دەست ڕۆیشتووی ناودەسەڵات ، ئالێرەوە بەئاشکرا دیارەکە بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان دەخەنە پێش بەرژەوەندی نیشتمانی و بەرپرسیارێتی حکومی و سیاسیەی کەلەئەستۆیاندایە .

سەرۆکی حکومەت لەکۆبوونەوەی پەرلەماندا دەڵێ چاکسازیمان کرد لەبواری کارەباو (٣٠٠ملیون)دینارمان کەم کردۆتەوەلەخەرجی و کارەباشمان زیاترکردووە بەهۆی پێداچونەوە بەگرێبەستەکان وکەمکردنەوەی قەرەبووی وەبەرهێنەر و گۆڕینی جۆری سوتەمەنی. ئالێرەدا پرسیارێکی گرنگ وجەوهەری دێتە پێشەوە لەهەوڵێکی کەم وماوەیەکی کورتدا ئەم گۆڕانگاریانەتان کردووە ، ئەی خێرە و لەبەرچی کەرتی کارەبا دەدەن بە کۆمپانیا ؟!

بۆ بەردەوام نابن لەوچاکسازیە و خزمەتی خەڵک بکەن؟

ئەگەر لەڕوانگەی چینایەتیەوە خوێندنەوە بکەیت بۆ ئەم کردارە وەڵامەکەی ڕوون دیارەکەژیان وگوزەرانی مووچەخۆر و کرێکار و هەژارانتان لا گرنگ نیە و

توانای حکومەتتان بۆ سەرمایەداران تەرخانکردووە ،تەنها بۆ بەرژەوەندی دەستەیەکی بچوکی مشەخۆرە.

پاشان وەزیری کارەبا دەڵێ لە (٧٠٪) کارمەندەکانماندەخەینە ناوپرۆسەی بەتایبەت کردنەوە لێرەدا پرسیارێکی تر دێتە پێشەوە بەرژەوەندی کرێکاران وکارمەندانی چی لێ دێت؟

لەکاتێکدا پرۆسەی کارو سیستەمی کاری حکومی لەکاتی کارکردن و ڕەوشی کار وکرێ ودەرماڵە جیاوازە لەکەرتی تایبەت ، کەدیارە لەهی حکومیدا ڕەچاوی ماف و خانەنشینی ودەرماڵەو مەترسی کارو زۆر ئیمتیازاتی تر دەکرت و هەیەبەڵام لەکۆمپانیاکان هێندەی هەژمون لە ئەرک و توندوتۆڵ کردن و لێپێچینەوەی تاک لایەنە

لەلایەن خاونکارو کاری زۆر وکرێ ودەرماڵەی کەم بۆ کریکاران دەبێتە بەشێک لەسیستەمی کارکردن چونکە ئامانجی کۆمپانیاکان قازانجە نەک خزمەت گەیاندن.

هاوکات کاک (محمد وەزیری کارەبا ) پێمان نالێت چارەنووسی لە( ٣٠٪) کەی تری کارمەند وکرێکارو ئەندازیاران چیان لێ بەسەردێت ؟ ئایە مووچەو دەرماڵەوئیمتیازاتەکانیان وەکوخۆی دەمێنێت ؟

پارسەنگی چینایەتی بەقازانجی کێ لاسەنگ دەبێت ؟ سبەینێ خاونکار ناپرسێ لەپای چی دەرماڵە بدەم بە کەسانێک کەلەناو پرۆسەی کاردا نین ؟

ئالێرەدایە بەرژەوەندیەکانی خەڵک کە پێکهاتووە لە ( کارمەندوکرێکارو ئەندازیارانی کارەبا )دەبێتە قوربانی بەرژەوەندی چینایەتی دەسەڵات وخاوەنکار کەدیارە یان

هی خۆیانە یان هاوبەشن لەگەڵیان ،ئێمەبێگومانین کە دوارۆژیان وەک چارەنووسی کرێکاروکارمەندانی گارگە فرۆشراوەکانی (ڕستن وچنین و چیمەنتۆکان) ی لێ دێت یان خانەنشین دەکرێن بە مووچەیەکی کەم یان دەگوازرینەوە بوشوێنیکی تر کەناگونجێت لەگەڵ خزمەت وشارەزایی و ئیمتیازاتەکانیان .لەلایەکی ترە کێ دەتوانێ زەمانەتی تەواوەتی بدات بە هاوبەشانی کارەبا (هاووڵاتیان) کە لەداهاتوودا خاوەن کۆمپانیای کارەبا نرخی کارەبا زیاد ناکات لەسەر خەڵک کەدیارە ئابووری بازاڕ بەردەوام لەقەیران و بەرزونزم بوونەوەی نرخدایە بۆیە ئێمەدڵنیاین کەڕەنگە بەشێوەیەکی کاتی نرخی کارەباوەک خۆی بێت چونکە پێشتر حکومەت خۆی نرخی بەرزکردووە لەسەر هاوڵاتیان و خاوەنکارو پرۆژەکانیش ، بەڵام لەداهاتویەکی نزیکدا بەدڵنیاییەوە نرخی کارەبا زیاد دەکات ئەوکات حکومەت و وکۆمپانیاکان ماکینە ئیعلامیەکانیان دەخەنە گەڕ بۆ پاساو هێناوەوخەڵەتاندنی فەرمانبەران و هەژاران کەدەبێت نرخ گران بکەن.ئەم پرۆسەی بەتایبەتکردنە جگە لەپاراستنی بەرژەوەندی چەند ناوەندێکی بچوکی دەسەڵات یان شەریک بەدەسەڵات هیچ بەرژەوەندیەکی ئابووری وکۆمەڵایەتی خەڵکی تیادانیە، بەتایبەت لەم دۆخە

ئابووریەی ئێستاشدا کەبێکاری وبێ مووچەی سەراپای ژیانی زۆرینەی هاوڵاتیانی داگرتووە کەگران کردنی نرخ دەبێتە بارێکی قورستر بۆیان لەبارێکدا کە خەڵک نەیتوانی کرێ کارەبا بدات یەکسەر خاوەنکار کارەبای لێ دەکوژێنێتەوە ئەوکات کارەبا لەسەرچاوەی ڕووناکیەوە دەبێت بە سەرچاوەی گرانی و تاریکی بۆخەڵک و لەولاشەوە دەبێت بەسەرچاوەیەکی دارایی باش بۆ بۆرجوازی مشەخۆر لەسەر حسابی گیرفانی خەڵک ، ئەمە ئەوتابلۆ ڕاستەقینە چینایەتیە کە حکومەتی هەرێم لەسیاسەتی خۆیدا نەخشاندوویەتی کەدەرئەنجامی قەیرانەکان پەنایان بۆ دەبات کە گوزارشتی ڕاستەقینە دەکات لە ململانێی چینایەتی ، بۆیە دەبێت هەموو حزب ولایەنێکی سیاسی و مەدەنی و کەسایەتی کە خۆی لەسەنگەری خەڵکی هەژارو زەحمتکێشدا دەبینێت و بڕوای بەژیانێکی هاوبەش هەیەلەهەموو ڕوویەکەوەو بوارێکەوەبکەوێتە ململانێ لەگەڵ سیاسەتی سەرمایەداری دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان بەهەموو شێوازەکانی خەبات هەرلەهەڵمەتی ڕاگەیاندن و واژۆ کۆکردنەوەتا بە مانگرتن و ڕێپیوانی جەماوەری دەکات تابتوانرێت زەبرێکی کەمەرشکین لەم بڕیارو سیاسەتانەی حکومەت بدرێت لەپێناودابین کردنی کارەبادا کەمافێکی سەرەتایی و ژیاری جەماوەری گەلی کوردستانە.

٢٠-١٠-٢٠٢٠

# هیچ ئەگەرێک لە پێشماندا نەماوە، تەنها سەرکەوتن نەبێت!

## پەیامی جەماوەر لە یەکەمین ساڵڕۆژی بەرپاکردنی ڕاپەڕین دا..

## ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی هاوڕێیان " تارق فەتحی و جەلال سەباغ " ە کەلە ژمارە ١٣ی غەدولئیشتراکی بڵاوکراوەتەوە و گروپی وەرگێڕانی ڕۆژنامەی ڕەوت لە زمانی عەرەبی یەوە بۆ کوردی وەریگێڕاوە.

هەزاران کەس لە پارێزگا جیاوازەکانەوە بۆ بەشداری لە شەپۆلێکی نوێی تر لە نارەزایەتیەکان بەرەو گۆڕەپانی تەحریری ناوەندی بەغدا و هەروەها ناوچەی عەلاوی دەهاتن. ئەو هێزە ئەمنیەی بەرپرسیارەتی ناوچەی سەوز، وە هێزەکانی نەهێشتنی پەشێوی ، هەڵیکوتایە سەر ڕاپەڕیوان لە ناوچەی عەلاوی و دەیان کەسیان لێبریندار بوو، وە هەروەها دوریان خستنەوە وناچار بوون بەرەو گۆڕەپانی تەحریر بپەڕنەوە. وە لەلایەکی تروە لە گۆڕەپانی تەحریرو پردە نزیکەکانی، پردی کۆماری و سەنک ، پاش ئەوەی لەلایەن ڕاپەڕیوانەوە تەوژم وتینێک بەرزبووەوە، لەلایەن ئەو هێزەی کە نیو نراو " ئاژاوە" نارنجوکی دوکەڵیان بەکارهێنا کە کە بووە هۆی بریندارکردنی جۆراوجۆری چەند کەس لە ڕاپەریوان .

بەمجۆرە لە یادی یەکەمین ساڵیادی هەلایسانی جەماوەری ڕاپەڕین دا ، کە وەک سەرەتای دەستپێکردنەوەی شەپۆلی دووەمی ڕاپەڕین لە ٢٥ ئۆکتۆبەردا کە جەماوەرێکی فراوانی لە چین وتوێژە کۆمەڵایەتیەکان کە بەدەیان هەزار کەس دەخەملێنرا بەشدارییان کرد. هەر لە قوتابیان وکرێکاران وبێکاران وژنان ولاوان لە شەوی ٢٤.١٠ جەماوەرێکی فروان ڕێپێوانیان دەستپێکردبوو. ئەبێت بوترێت هێزەکانی دژە شۆڕش دەستیان لە زۆر ڕوداو لەوانە سوتاندنی خێمەکان ناو گۆڕەپانەکە و ئەندامانی حزبە دەسەڵاتدارەکان چەندین ئاژاوەیان و دەمەقاڵە وهێرشیان کردە سەر ڕاپەڕیوان. وەک عادەتیانە دەیانویست وەرەقەکان تێکەڵ بکەن بەتایبەت کاتێک چەندین هیزی لە ڕاپەڕیوان دەیانویست خۆیان ڕێکخراو بکەن کە ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ هەڕەشەکانی دەزگاکانی دەولەت و حزبە دەسەڵاتدارەکان . وە کاتێک دڵنیا بوون کە ئەم یاخیبوونە کۆمەڵایەتیەی ڕاپەڕیوان بۆ کۆتایهینانە بە سەرجەم پرۆسەی سیاسی و دەیەوێت تەواوی ڕەگوڕیشەیان کۆتایی پیبهێنیت.

ئێستا لە زمانی یەکێک لە ڕاپەریوانەوە پانۆرامای ئەو کاتانەتان بۆ دەگێڕینەوە:

خەڵکێکی زۆر بە تاسەوە چاوڕێی بەیانی ڕۆژی ٢٥.١٠ یان دەکرد، شەوەکەی ئاهەنگێکی شەوانەیان بەرپاکرد، وەک زۆرێک لە لە گۆڕەپانی شارەکانی تر، شەوێکی چڕ، شەوێکی پڕ هیوا بۆ بەیانیەکی پڕ پرشنگدار، تینوو بۆ ژیانێکی نوێ، ئەبێت سبەینێ وداهاتوویان چەند دروەشاوە بێت، هەمانکات شەوێک پڕ یادگاری و بیرەوەری لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەیان کەلەلایەن دەسەڵاتی ئیسلامیەوە لەو پێناوەدا کوژران . ئەوانەی بێسەروشوێنکران لەلایەن دەسەڵات ومیلیشیا ئیسلامیەکانەوە. وە ئەو باندانە کە هێشتا سزانەدراون. بیرەوەری ئەو کەسانەیان دەهێنایەوە کە بەتاسەوە دەیانویست لەم شەوەدا لەگەڵیان بن، بەلام بەناچاری لەترسی مەرگ و لەناوبردنیان لەلایەن باندەکان ودەسەڵاتی ئیسلامیە سیاسیەکانەوە خۆیان شاردۆتەوە. ئەوان چەندین جار کارەساتەکانی بێسەرشوێنکردن وڕفاندن وتیرۆری هاوڕێییانیان ، چاویان پڕ فرمیسک دەبوو کە گفتوگۆکانیان دەهاتە سەر یادی سەفاء و عومەرو ئەمجەد وتەحسین وفەهام و خێزانەکەی وریاە وزوهراو وووو..دەهری دەبون چونکە تا ئیستا تاوانباران بە سزا نەگەیەنراون، چونکە تاوانباران بەئازادانە دەسورێنەوەو بە ڕاگەیاندنەکان و ووتەکان وکۆمینتەکانیان دونیا پڕ ژاوەژاو دەکەن. بە ڕاستی مانای ئەم ژیانە چی یە؟ ئایا دەگەڕێننەوە ژیانە پڕ کوێرەوەرییەکەمان؟،ئایا دیسانەوە عەمامە حوکمان دەکاتەوە؟ ئایا تاکەی ئەم هەژارییە ؟ ئەمە هەر کەس لەبەر خۆیەوە دەیوت.

دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی لە حاڵەتێکی زۆر ناوازەدا بوو، هەموو ئەو ڕێگایانەی داخستبوو کە بەرەو گۆڕەپانی تەحریر دەهاتن. تەنانەت پردی سەنک وتەحریریشی داخستبوو. وە هەزاران سەربازی لە دەوروبەر وکۆڵانەکانی پشتەوەش بڵاوە پێکردبوو. تەنانەت کۆمەڵێک کەشتی سەربازی بەرووباری دجلەدا نارد. تەنانەت دەسەڵات هەموو هیزەکانی بەکارهێنا" لە جەیش، پۆلیس، هێزی خێرا، پاراستنی نیزام، نەهێشتنی تاوان، پارێزگاری دامەزراوەکان..." وە هەروەها جاسوسەکانشی لە سیخوڕ وئاسایشی نیشتمانی " دابەشکرد. وە هیشتا میلیشیاکانیش تەواوی ئەندامەکانی خۆی بۆ ناو گۆڕەپانەکە بۆ ناو ڕاپەڕیوان دابەزاند، بەلام جێشتخانەی تورکی کە میلیشاکان داگیریان کردبوو، ژمارەیەکی زۆریان تیایدا کوکردبووەوە ، هێزەکانی دەسەڵات ومیلیشیاکان زۆر دەترسان و واقیان وارمابوو ئەبیت لەوەی بەیانی چی ڕوو دەدات؟

تیشکی خۆری بەیانی ٢٥مانگی دە، لەسەر بەیداخی ئازادی پرشنگی دەدایەوە. جەماوەری ڕاپەڕیوو وەها ڕێککەوتبوون-یان بڵێین وەها دەستیان پێکرد- کە بەدوو تیم بن، یەکێک لە تیمەکان کە کۆببنەوە لە گۆڕەپانی عەلاوی ، کە نزیکی وەزارەتی دەرەوەیە ودواتر بەرەو ناوجەی سەوز بڕۆن، ئەم تیمە نێوی خۆیان نابوو" بەرەی تشرین" کە لەزۆر هێزو کۆمەڵە پێکهاتبوون، بەکردەوەش لەگەڵ گزنگی بەیانیدا بەڕێکەوتن بەئامانجی ناوچەی سەوز، هێزێکی یەکجار زۆر ، زیادەڕۆییمان نەکردووە ئەگەر بڵێین زیاتر لە ڕاپەڕیوان دەبوون ، تێلاو داریان پێبوو، ئەم هێزە بە شێوەیەکی زۆر هستریانە بەربوونە گیانی نارازییان، بە شێوەیەک کە زۆرییان بریندار بوون وهەندێکیان برینەکانیان سەخت بوو، سەرکەوتن بەسەر پردی سەنکدا کە هێزە ئەمنیەکان بەدیواری کۆنکریتی دەرگایان داخست بوو، بەمجۆرە نارازییان گیرییان خواردبوو، زۆرێک لەوانەی لە گۆڕەپانی تەحریر کۆببونەوە، بەهانایانەوە چون وتوانیان دیوارەکان لاببەن و تەواویان ئازادییان بکەن لەگەڵ ئەوەی کە دەنگی ئەوە هەیە کە هەندێک لە خۆپیشاندەران گیراون. وە هەندێک لەم پلانە سەر دەر ناکەن کە بۆچی وەها هاتە ناوەوە.

تیمە گەورەکە لە سەر پردی کۆماری وسەنک و لەناو گۆڕەپانەکە و لەنەفەقەکە کوببونەوە. بەڵام ووزەو هێزی جەماوەر بە بەشداری " یەکیتی قوتابیان " بەرز بووەوە کە بە هوتاف وگۆرانی وسرودی شۆڕشگێڕانە پێیانەوە پەیوەست بوون. " یەکیتی قوتابیان" لە نەفەق جێگایا ن گرت و وەک هەمیشە بە گۆرانی وسرودی شۆڕشگێڕانە تەوژمی نوێیان بە ڕۆژەکە بەخشی.

دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ ژمارەیەکی زۆر لە جەماوەری نارازی کۆبونەوە، دیمەنی سەر هەردوو پردەکە یەکجار دڵخۆشکەرو حەماسی بوو، سەراپا بە خۆپیشاندەران پردەکان داپۆشرابوون، هەزاران کەس هوتافیان لە دژی دەسەڵات دەدا. وە هێزەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی کە لەوبەری پردەکەوە کۆببونەوە ، دەستیان کرد بە تەقەکردنی بۆمبی فرمێسکرژێن و ڕژاندنی ئاوی گەرم ، ئەم کێشمەکێشە تا چەند کاتژمێرێک درێژەی کێشا، تا ئەو کاتەی کە ووتە وڕاگەیاندنێکی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی و عەسابە ئیسلامیەکان بڵاو بووەوە وداوایان کرد کە سەرکوتی خۆپیشاندەران بکەن، ئەمەش بە مانای ئاشکرا یانی کوشتاری خۆپیشاندەران بوو. پەتی تەحەمولیان پسا و بە مەش ڕووی حەقیقی تیرۆریستی خۆیان نەشاردەوە.

بەلام جەماوەری نارازی لەسەر بەردەوامی دان بە خەبات و نارەزایەتی سور بوون، سەرەڕای چەرمەسەرییەکانی ئەم ساڵە، لە ساردی، لە قرچەی گەرمای هاوینی بەغدا، لە کەمپینی ناو زڕاندن کەلەلایەن میلیشیا ئیسلامیەکانەوە ئاراستە دەکرێن ، ڕفاندن، بێسەرشوێنکردن، ئازاری جەستەیی و فیزیکی، ترساندن و تۆقاندن و هەڕەشە، سەرەڕای هەموو ئەمانە بێئومێد نەبوون، پاشەکشەیان نەکرد، وە بەردەوامن تا کۆتایی بە کابوسی دەسەڵاتی ئیسلامی و قەومی دەهێنن.

# دەست لەناو دەست . با پێکەوە ڕاپەڕین بەرەو سەرکەوتن بەرین !

البديل OCAI
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

ڕۆژی ٢٥ ی ئۆکتوبەر بەڕێوەیە و پاش تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر هەڵگیرسانی دا هێشتاش لە عێراقدا بەردەوامە ڕاپەڕین . لەسەر زەمینەی بەرفراوانتر بوونەوەی جیاوازی چینایەتی لە نێوان جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشانێک کە دووچاری بێ دەرەتانی ئابووری و پەراوێزە بوونی کۆمەڵایەتی و خنکاندنی سیاسین لەلایەک وە بورژوازی ئیسلامی و قەومی دەسەڵاتدار و ڕژێمە سیاسیە میلیشیاییە گەندەڵەکەیان لەلایەکی تر ، جارێکی تر ڕاپەڕین خەریکی تازەکردنەوەی هێزەکانیەتی .

لەمڕۆدا بە دەیان ملیون کەس لە سەراسەری عێراق و کوردستان دا، نەبوونی و بێدەرەتانی یەخەی پێگرتوون لە ئاکامی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و قووڵتر بوونەوەی بێکاری و هێرشە بەردەوامەکانی ڕژێم بۆ سەر ژیان و گوزەرانی خەڵک و دواخستن و پێنەدانی مووچەی چەند مانگەی کارمەندانی کەرتە دەوڵەتیە جیاجیاکانی خزمەتگوزاری و بەرهەم هێنان . دەست گرتنی هەرچی زیاتربەسەر سامانەکان و چالاکیە ئابووریە بنەڕەتیەکان لەلایەن دەسەڵات و سەرمایەدارە گەورەکان و گەندەڵە زەبەلاحەکان و دەست و پێوەندەکانیانەوە . ئەمە سەرباری نالەباری دۆخی گوزەرانی ئەم ملیونانە لە خەڵک کە ئەنجامی نەبوونی خزمەتگوزاریە تەندروستی و فێرکاری و کۆمەڵایەتیە گشتیەکانن و پاشەکشەیەکی مەعنەوی گەورەیان بەسەر خەڵکدا سەپاندوە . جگە لەمانەش، نەبوونی سیستمی بیمەی بێکاری بۆ ژنان و پیاوانی بێکارکراو ، دابین نەکردنی خانووبەرە ، کەڵەکە بونی گرفتی ئاوارە نێوخۆییەکان ، خراپتر بوونی سیستمی پشکی « تموینی» ، بەتایبەتی کردنی بەرهەم هێنان و گواستنەوە و دابەش کردنی کارەبا ، کەمی ئاوی شیاو بۆ خواردنەوە و زۆر بواری تریش لە زەوت کردنی مافە سەرەتاییە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی زەحمەتکێش .

لەجەرگەی ئەم دۆخە کارەسات بارەدا ، حکومەتی کازمی بە ڕێکەوتن لەگەڵ حیزبەکانی دەسەڵات دا ، (لاپەڕەیەکی سپی) پێشکەش دەکات ، لاپەڕەیەک کە شتێک نیە جگە لە بەرنامەی ئابووری چینی دەسەڵاتدار بۆ چەسپاندنی پایەکانی سەرمایەداری نیۆ لیبرال دا لە وولاتەکەدا بەشێوەیەکی دڕندانە و ڕووخێنەرانە کە ئاستەکانی هەژارکردنی جەماوەر بەرەوژوورتر هەڵدەکشێنێ و بێکاری و پەراوێز خستنی زیاتری لێ دەبێتەوە . ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەم حکومەتە و حیزبەکانی دەسەڵات جەنگێکی بێ پەردە دژ بە هەموو ئەو دەستکەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریانەی کە چینی کرێکار لە عێراق دا بە درێژایی مێژوویەک لە خەبات بەدەستیان هێناوە بەرپا دەکەن ، وە مانای تاڵان کردنی سەروەت و سامانی وولاتەکەیە لەلایەن کۆمەڵێک سەرمایەدار و جێبەجێکارانی گەندەڵکاری ناو دەسەڵات. .

کازمی و بورژوازی دەسەڵاتداری ئیسلامی و قەومی و لیبراڵە هاوکارەکانیان ، سوودمەندی لەم بارودۆخە سەختە ئابووریەی کە کرێکاران و زەحمەتکێشان دەرگیرین دەکەن ، لە دابەزینی نرخی نەوت و دەیکەنە بیانوویەک بۆ پێویستی وەرگرتنی قەرز لە سندووقی دراوی نێو دەوڵەتی و ڕازی بوون بە مەرجەکانی ، لەم نێوانەدا پرۆژەکەیان جێبەجێ دەکەن . ئەڵبەتە لێرەدا دەیانەوێت دوو ئامانج بەدەست بێنن ، ئەویش لەلایەک بە سوود وەرگرتن لە دۆخی نالەباری ژیانی جەماوەر بۆ تێپەڕاندنی ئەم وەرەقەیە ، وە لەلایەکی ترەوە بۆ لەباربردنی ڕاپەڕین و بێ هێز کردنی و بەتاڵکردنەوەی لە ناوەڕۆکە سیاسی و کۆمەڵایەتیە شۆڕشگێڕانەکەی لەڕێگەی ئیدیعای درۆ بەوەی کە ئەم لاپەڕە سپیە ، ئەو لاپەڕە چاکسازیی یە کە ڕاپەڕین پشتگیری لێ دەکات . بەم شێوەیە دەسەڵاتداران دەیانەوێت نەک هەر لە ڕاپەڕین بدەن ، بەڵکو هەژاری و نەداری زیاتر و پاشەکشەی زیاتری مادی و مەعنەوی بەسەر ملیونەهادا تا دەگاتە نەوەکانی داهاتووش داسەپێنن..

بە نزیکتر بوونەوەی ٢٥ ی ئۆکتوبەر و پێنانی ڕاپەڕین بۆ ناو ساڵی دووەمی ، مەترسی هێرش کردنی بورژوازی و ڕژێمە سیاسیەکەی بۆ سەر ملیونان کرێکار و خەڵکی بێبەش و زەحمەتکێش زیاد دەبێت ، لەبەرئەوە هەرگیز چاوەڕوانی لە بەسەرکەوتن گەیشتنی ڕاپەڕین و هەنگاو نانی مەزن ناکرێت ئەگەر گرێ نەدرێتەوە بە کۆشش و خەبات و بەرگری ئەم ملیونانە وە بەڕووی ئەم هێرشەی ئێستا و تەواوی ئەو دۆخە کارەساتاویەی کە تیایدا دەژین .

کرێکاران و زەحمەتکێشان بێکارکراوانی ژن و پیاو و لاوانی شۆڕشگێڕ و ژنان و خوێندکارانی سەر بەم چینە و توێژە کۆمەڵایەتیەکانی ، ئەمانە ڕاپەڕینیان هەڵگیرساند و بەرەنگاری دەسەڵاتدارانیان کرد و قوربانیان دا و دەیدەن . لەبەرئەوە ٢٥ ی ئۆکتوبەر ڕۆژی کۆکردنەوەی توانای ئەم هێزە کۆمەڵایەتیانە و پێداگری سەرسەختانەیە لە زەمینەی ڕاپەڕین و ئامانجە ئازادیخوازەکانی دا و بەردەوامی خەباتە تا سەرکەوتن و بەدیهێنانی گۆڕانکاری ڕیشەیی و ڕاستەقینە..

ئەم هێزە کۆمەڵایەتیە زەحمەتکێشە پێویستە بە دیدگا و ئەجینداکی سیاسی شۆڕشگێڕ چەکدار بکرێت، کە ئامانجە بنەڕەتیەکانی ڕاپەڕین لەخۆ بگرێت ، لە کۆتایی هێنان بە تەواوی ڕژێمی سیاسی بورژوازی قەومی و تائیفی دەسەڵاتدار و ڕاوەستانەوە بە ڕووی هاوپەیمانەکانیان دا لە هێزە ئیمپریالیستی و ناوچەییەکان ، هەروەها دەست بردن بۆ بەدەستهێنانی خۆش گوزەرانی و ئازادی و یەکسانی بۆ هەموان . ئەمە ئەو دیدگا ڕوونەیە کە کە توانایی بە خەڵکی ئازادیخوازی ڕاپەڕیو بۆ ڕێکخراو کردنی ڕیزەکانیان لەناو ڕاپەڕین دا دەبەخشێت، وە هەر ئەمەشە کە ئامادەیان دەکات بۆ گێڕانی ڕۆڵی مێژووییان و بۆ بەدەستهێنانی ئەرکی ڕێکخستن و ڕابەرایەتی ڕاپەڕین و جەماوەری ڕاپەڕیو بەرەو سەرکەوتن . ئەم دیدگایەیە ش کە بەڕوونی و بە بەردەوامی لە تەواوی سیاسەت و بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دا بەدرێژایی ساڵی ڕابوردوو ، ڕەنگی داوەتەوە .

ڕاپەڕین لەماوەی یەک ساڵی ڕابوردوو دا بە زۆرێک بەرزایی و نزمایی ، سەرکەوتن و پاشەکشە دا تێپەڕی ، کە هەمووی پێویستی خۆڕێکخستنی ڕیزەکانی ڕاپەڕین بەپێی ئەجیندایەکی سیاسی شۆڕشگێڕی دەهێنایەوە پێش. .

هێزە ئازادیخوازەکانی بەشدار لە ساڵی دووەمی ڕاپەڕین دا ، دەبێت بە چەکدار بوون بەم دیدگا سیاسیە خۆیان ڕێک بخەن لە شوورا جەماوەریە شۆڕشگێڕانەکاندا لە شوێنی کار و لە گەڕەکاندا ، لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و زانکۆ و خوێندنگاکاندا ،لەسەرتاپای عێراق دا ، هەروەها دەبێت نەقابە و سەندیکا و یەکێتیە کرێکاریەکان بۆ بەرگری کردن لە مافەکانیان و لە داخوازی و دەستکەوتەکانیان .

پێکبهێنرێت.

ئەی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان

ئەی لاوانی شۆڕشگێڕ ، ژنان، ئازادیخوازان

ڕاپەڕینی ئۆکتوبەر هێمای خەباتی شۆڕشگێڕانەیە و خەندەقێکی ستراتیژیە بۆ پاراستنی جەماوەر لە چنگی ڕژێمی سەرکوتگەری میلیشیایی گەندەڵ ، وە قەڵای بەرگری کردنە لە ئازادی لە کۆمەڵگە دا . هیچ ڕێگەیەکی تر لەبەردەم دا نیە بێجگە لەهەنگاونان بەرەو پێش ، با پێکەوە بەهێزی کەین و ئاستی ئامادەییە سیاسی و ڕێکخراوەیی و فیکریە شۆڕشگێڕانەکەی بەرەو سەرتر بەرین ..

با خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و لاوانی شۆڕشگێڕ و ژنان و تەواوی چەوساوەکان لەسەراسەری وولاتدا ، لە ناوەڕاست و باشوور ، لە کوردستان و ناوچەی غەربی ، لە خەباتێکی سیاسی جەماوەری ئازادیخوازی پڕ لە تواناداا یەکبخەین..

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق بەشێکە لە هەوڵەکانی ئەم جەماوەرە زەحمەتکێش و ئازادیخوازە بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە ، وە خەبات دەکات بۆ بەهێز کردنی ڕاپەڕینی ئۆکتوبەر و ڕێڕەوی شۆڕشگێڕانەی کە پاڵپشتی چینی کرێکار و هەموو توێژە کۆمەڵایەتیە پێشێل کراوەکانە بۆ هەنگاونان بەرەو ئازادی و خۆش گوزەرانی و دادپەروەری..

دروشمی هەموو دەسەڵات بۆ خەڵکی ڕاپەڕیو کە ڕێکخراوەکە بەرزی کردەوە ، هەتا ئێستاش ئەو دروشمە واقعیەیە کە دەربڕی ئاواتەکانی ئەم جەماوەرەیە بۆ بەدەستهێنانی گۆڕانکاری سیاسی شۆڕشگێڕانە و بەدیهێنانی ئامانج و خواستەکانی ڕاپەڕین .

**بژی ڕاپەڕینی ئۆکتوبەر**

**بژی خەباتی جەماوەر لە پێناەی ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و خۆش گوزەرانی دا**

**بژی سۆشیالیزم**

**ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق**

**٢٣/ئۆکتوبەر /٢٠٢٠**

# ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر لە عێراق و ئاسۆی ئازادی ژنان

شیرین عەبدوڵا

ڕۆڵی کاریگەری ژنان وشکاندنی کۆت وبەندە کانی یەکێک بو لە دەستکەوتە هەرە گرنگەکانی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ کە خاڵێکی وەرچەرخانی مێژویی بو. ژنان ئەو کۆت وبەندانەیان شکاند کەبە درێژایی ١٦ ساڵ بەسەریاندا سەپێنرابوو. هاژەی دەنگیان خەوی لە چاوی حیزبە کۆنەپەرستەکانی گەندەڵی وچەتەیی تاراند.

هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی ڕاپەڕینەوە ژنان وەک هێزێکی واقیعی بۆ گۆڕانکاری ڕاستەقینە هاتنە مەیدان. لەشەوو ڕۆژێکدا هەمو ئەو بیرۆکانەی ژنیان وەک زەعیفە وپاشکۆ لەقەڵەم دەدا، پوچەڵ کردەوە وژنان بەوپەڕی توانایانەوە هاتنەدەر، دەمێک بە وێنە کێشان و موزیک، وەدەمێک وەک ڕێکخەر وڕابەری خۆپیشاندانەکان بەڕوی زوڵم وگەندەڵی هاواردەکەن، یان وەک فریاگوزار وشەرکەری چاونەترس لەبەرەکانی جەنگی خۆپیشاندەراندا. ژنان لەم ڕاپەڕینەدا ڕوبەڕوی چەندەها جۆر توندوتیژی وکوشتن ورفاندن وگرتن وئەشکەنجە وترساندن وبەدواداچون لە لایەن میلیشیاکان و حیزبەکانیانەوە بونەتەوە.

ژنان بەشداری وڕابەرایەتی چەندین کەمپێنی ئاگاییان کردوە وچەندین خۆپیشاندان وچالاکیان ساز داوە : کەمپێن بۆ دەرکردنی یاسای توندو تیژی دژی ژنان، کەمپێن لەدژی چاکسازیە کۆنەپەرستەکانی یاسای ئەحواڵی مەدەنی و مافی دایکایەتی منداڵ لەدوای جیابونەوەی دایک وباوکدا ..هتد وەکاتێک کە تەییاری صەدری ئیسلامی سیاسی لە شوباتی ئەم ساڵدا بانگەوازی جیایی ژن وپیاویان کرد لە گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکاندا، دەنگی نارەزایەتیان بە ڕویاندا بەرز بووەوە وهەوڵەکانی ئەو ڕەوتەیان پوچەڵ کردەوە.

هێزەکانی سەرکوت و کۆنەپەرستی هەرگیز لە دەربڕینی ڕق وتوڕەییان بەرامبەر ژنان وبەئاگایی فیکری وسیاسی وکۆمەڵایەتیان نەسڵەمیونەتەوە وە بە چەندین شێوە ئەمەیان دەربڕیوە، ولەلوتکەی هەوڵەکانیاندا تەنانەت پەنایان بۆ دادگا برد ، ئەوە بو حکومەتی عادل عبد المهدی بڕیاری داخستی ڕێکخراوی ئازادی ژنانی دەرکرد، ئەو ڕیکخراوەی کە لەم ڕۆژانەدا ڕایگەیاند کە لە ٢٠٠٣ وە تا ئێستا ١٠٠٠ ژن و کچیان لە توند وتیژی ڕزگار کردوە ویارمەتیان داوە.

ڕۆڵی ئافرەت لە ساحەی خۆپیشاندانەکان واوەترە ، ئەوان ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی لە ڕێی نوسینەکانیانەوە چ لە سۆشیال میدیادا وچ لەبڵاوکراوە لۆکاڵیەکاندا . یەکیک لەوانە بڵاوکراوەی "نیساء الانتفاضە" یە کە پێشوازیەکی فراوانی لەلایەن ژنان وگەنجانی کوڕ وکچ لێدە کرێت، دەیخوێندنەوە وبڵاوی دەکەنەوە وبە بەردەوامی بۆی دەنوسن وە ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی نوسەرانی زیاد دەکات ولەسەر چەندین کێشەی سیاسی وکۆمەڵایەتی کە ژنان دەرگیرین گفتو گۆ دەکەن. ئەم نوسینانە بۆ خۆیان تۆمارێکی زیندون، وبەڵگەیەکن بۆ ئاستی بەرزی فیکری وسیاسی ژنان وتواناییان بۆ بەدەست هێنانی گۆڕانکاری.

لە وتارێکیدا دەربارەی بانگەوازی سەرۆک وەزیر موستەفا کازمی بۆ هەڵبژاردن، ئەسیل ڕەمماح دەڵێت:

-"هەڵبژاردن بژاردەی حیزبەکانی نیزامی طایەفی وگەندەڵە نەک بژاردەی جەماوەری تینوی گۆڕان، لابردنی ئەم سیستەمە سیاسیەی ئێستا ودامەزرانی دەسەڵاتی



جەماوەر لە ڕێی شورای شۆڕشگێرەوە تەعبیرە لەئاواتی جەماوەری ڕاپەڕیو کە خوازیاری سیستەمێکی سۆشیالیستیە کە ماف وئازادیەکان ویەکسانی دابین بکات ئەمەیە خواستی جەماوەر نەک هەڵبژاردنێکی پێشوەختی ساختە بە ڕابەری حیزبەکانی دەعوە وتەییاری صەدری وحیزبی کەرابلە ویان حیزبە ناسیۆنالیستە کوردیەکان. هەروەک چۆن ئەو هەمو شانۆگەریانەی "چاکسازی" حکومەتی کاظمی بە سەرماندا تێ نەپەڕی، هەروەها شانۆگەری هەڵبژاردنی پێش وەختیش تێ ناپەڕێت بە سەر جەماوەر کە ئەزانێت هەرچیەک ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ وشەق وشڕە بیکات هەر گەندەڵ وشەق وشڕە"

دەربارەی کوشتنی دکتۆرە ریهام علی- نەرجس علی دەڵێت:

-"ئەم دەسەڵاتە گەندەڵەی مەلاکان، زەندەقیان چوە لە دەنگی ژن و کچ کەدەنگیان لەناو خۆپیشاندەراندا زوڵاڵە وە داوای مافە ڕەواکانیان دەکەن. ئەوان قبوڵی ناکەن ژن شان بە شانی پیاو خۆپیشاندان ڕێک بخات وە شوێنی ژن هەر بە ماڵ وچێشتخانە دادەنێن ودەیانەوێت ژن هەر لەژێر حیجاب ونیقاب دابێت ..."

ایمان محمد دەربارەی خراپ بونی بارودۆخی ژنان بە هۆی پەتای کۆرۆناوە دەڵێت:

-"دوای ئەوەی زۆربەی وڵاتان قوتابخانەو دایەنگاکانیان داخست قورساییەکی زۆر کەوتە سەر ژن...ژنان دەرگیری چەندین قورسایی بون وبەتایبەتی ژنانی کرێکار لە بواری تەندروستیدا، کە زۆر جار وەرگرتنی پشویان لێ قەدەغەکراوە بە هۆی کەمی ستافەوە وهەروەها لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکاندا باری دەرونیان یەکجار خراپە دەبینین چەندین جار ژنان وکچان بۆیان نیە کارەنتینە بکەن لەبەر ئەوەی ئەمە دژی داب ونەریتی هەندێک وڵاتە، نەک هەر ئەمە بەڵکو ژمارەیەکی زۆریان دەرگیری توند وتیژی بون بەهۆی کارەنتینەتی تەندروستیەوە وە ژنان لەباری ئابوریشەوە زەرەرمەند بون بەهۆی لەدەست دانی کارەکانیانەوە وە قورسی دۆینەوەی هەلی کاری گونجاو بە تایبەتی لە ئێستادا."

دەربارەی دەستدرێژی سێکسی مەلاک طالیب دەڵێت:

-"ژنان ڕۆژانە ڕوبەڕوی دەستدرێژی دەبنەوە وە بەڕادەیەک کە زۆر کەس وەک ڕەوشتێکی ئاسایی نێرەکان سەیری دەکەن بەڵام ئەوەی کە گرنگە هەست و شعوری ئەو ئافرەت یان ژنەیە کە توشی دەستدرێژی دەبێت کە بێ ئاسودەیی بۆ دروست دەبێت.."

لەسەر هەمان بابەت ثورا محمد کاظم نوسیویەتی:

-"بەو پێیەی کەلەوڵاتێکداین کەڕۆشنبیری ئاینی وعەشایری حوکمی دەکات، کە زۆر جار لەتاوانبارخۆش دەبێت ویان بۆی دەپۆشێت، دەبینین چەندین خێزان لەمافی منداڵەکانیان بەرامبەر بڕێک پارە خۆش دەبن .."

حنین الحاتم دەربارەی بەشداری ژنان لەڕاپەڕینەکەدا دەدوێت:

-"ژنان بڕوایان بەخۆیان پەیدا کرد کە دەتوانن تابۆ کۆمەڵایەتیەکان بشکێنن کەلای هەندێک کەس شتێکی خەیاڵی ومەحاڵ بو. هێز وچاو نەترسی پەیدا کرد بۆپێ داگرتن لەسەر مافەکانی، وهەروەها ئەو کۆمەڵگەیەی کە سوکایەتی پێدەکرد وبەکەمی دەزانی، ئێستا سەری ڕێزونەوازشی بۆ دادەنوێنێت، وەلای هەموان ئاشکرا بو کە ژن لەڕێی شۆڕشەکانیەوە دژی دەسەڵاتی سەرکوتگەر ودژی داب و نەریتی کۆنەپەرست، مافە یاسایی وکۆمەڵایەتیەکانی خۆی دەستێنێت.. لەڕاپەڕینەکەدا ژنان بەهێز وچاونەترس بون، توانای ڕابەریان هەبو وبەدژی زوڵم وەستانەوە.ئەم پێداگریەی ژنان ڕۆڵێکی گەورەی لەسەر پیاوەکانیش هەبوو."

لەلایەکی کەوە ئەسیل ڕەمماح دەربارەی ئایدیۆلۆژیای ئاینی وبەکارهێنانی بۆ مەبەستەکانی دەسەڵاتی سەرمایەداری دەڵێت:

-"ئایدیۆلۆژیا ئاینیەکان بۆ بەرژەوەندی هێزە بۆرژوازیەکانی سەرمایە وبۆ سڕینەوەی بەئاگایی کەسەکان وهێنانە ژێر باریان کار دەکەن وشەو ورۆژیان تەرخان کردوە بۆ ئەوەی اینسانەکان وابزانن بۆ خزمەتی ئەم و ئەو مەزهەب دروست بون، لەجیاتی بەرپەرچ دانەوەی زوڵم ونایەکسانی وسەرکەوتن بە سەر کۆتوبەندەکانیاندا کە بە سەریاندا داسەپێنراوە وهانی کەسەکان دەدات کە گیانی خۆیان لە پێناویدا بەخشک کەن. دەسەڵاتی ایسلامی سیاسیش لە عیراق هەر ئەمە دەکات، لەپاش ئاشکرا بونی طایفە گەرێتیە شەرەمەزارەکەیان لەلایەن جەماوەری ڕاپەڕیوەوە تەنها زمانی کوشتن و تیرۆریان هەبوو.. ئەوان لەسەر بڵاو کردنەوەی ئاژاوە ودابەشکردنی جەماوەر بۆ چەندین تایەفە ونەژاد دەژین.."

دوای چەندین دەیە لەگەڕانە دواوەی مەعنەوی ووەلاخستنی تەواوی ڕۆڵی ژن ولێسەندنەوەی هەرچی مافەکانیەتی وەک ئینسانێکی ئەم سەردەمە، ژنانی عیراق سەلماندیان کە ناتوانرێت هەتا هەتایە بێ دەنگ بکرێن وە ئەوان هێزێکی ڕاستەقینەو کاریگەرن لە کۆمەڵگەدا وبەشێکی جیا نەکراوەن لە ڕاپەڕینەکە وبە بێ ئەمان ڕاپەڕین ناتوانێت بگاتە سەرکەوتن و ئامانجی یەکسانی وداد پەروەری کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنێت.

31.10.2020

# حکومەتی هەرێم روناکی ژیانی خەڵکی کوردستان ، بە بازاڕی نیولیبرالیزم دەفرۆشێت..

بە دوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فرۆشتنی کەرتی کارەبای بڵاوکردەوە " ، لەلایەن کرێکارانی کارەبا وخەڵک و لایەنە سیاسی یە لایەنگرەکانی خەڵکی کوردستانەوە بە فراوانی بەرەو نارەزایەتی خۆپیشاندان بووەوە. لە شارەکانی کەرکوک، سلیمانی، کۆیە، قەڵادزێ ..چەندین خۆپیشاندانی جەماوەری بۆ ڕەفزکردنەوەی ئەم سیاسەتی تایبەتیکردنەوەوە بەرپا کرا.

**کەرکوک** / ڕۆژی ٤.١٠.٢٠٢٠ گروپی خەڵک خۆپیشاندانیکی جەماوەری بەرێخست بۆ بەردەم قائمقامیەتی پارێزگای کەرکوک لە دژی بەرزبونەوەی نزخی ئەمپیری مولیدەکان. جەماوەرێکی زۆر لەبەردەم قائمقامیەت کۆبونەوە.چەندین لافیتە وتراکتیان لەدژی سیاسەتی فرۆشتنی کەرتی کارەبا بە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی بەرزکردبووەوە.

کۆیەو دەڤەری ڕانیەو قەڵادزی و هەڵەبجە، بەهەمان جۆر لە مانگی ١٠ دەدا خەڵک بە شێوەی جیاواز نارەزاتیانەکانیان دەربڕیوە، بەخۆپیشاندان و کۆبونەوەو میتینگ و ئیمزا کۆکردنەوە.

## ستەمکاری دەسەڵات وگیرفانی بەتاڵی مامۆستایان، بایکۆتیان فەرز کردووە..



لەسەرەتای مانگی ١٠ ەوە دەیان جار مامۆستایان لە ڕانیە، هەلەبجە، سلێمانی، کەلار ، خۆپیشاندانی جەماوەرییان سازدا، بە بەردەوامی دەسەڵاتیان لە خراپی هەلومەرجی ژیانیان و دواکەوتنی موچەکانیان ئاگاداردەکردەوە. بە شێوازی جۆراوجۆر ئەم نارەزاتیانەیان بە دەسەڵاتداران دەگەیاند.

دەسەڵاتداران و وازەرەتی پەروەردە، گوشارییان خستبووە سەر مامۆستایانی نارازی بۆ شکاندنی بایکۆت بەبێ ئەوەی چارەسەری کێشەکانی مامۆستایان و قوتابیان بکرێت. ئەوەبوو مامۆستایان و ئەنجومەنی مامۆستایانی نارازی بەتوندی وەڵامی حکومەتی هەرێم ووەزارەتی پەروەردەییان داوە یەوە و ئەگەر ئەو ڕێگا چارەسەرەی بڕیار وایە لە ١ مانگی ١١ دا دەردەچیت ، بە دڵی مامۆستایان نەبێت، ئەوا نارەزایەتیەکانیان توندتر وفراوانتر دەکەنەوە.

## دادگای تەفتیشی سەدەکانی ناوەڕاستی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێم

پێویستە بریارەکەی وەزارەتی رۆشنبیری بخرێتە تەنەکەی خۆڵەوە" ، ئەمە وتاری نوسەر بەختیار عەلی لە پەیجی فەرمی خۆی بڵاویکردۆتەوە و کە یەکیک بووە لە ئەندامانی کەمپینی نوسەران بەدژی بەبڕیاری وەزارەتی ڕۆشنبیری کە داوا دەکات سانسۆر بخرێتە سەر کتیبەکان و ڕێگا نەدریت بەو کتێبانە کە ڕەچاوی بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی ونەتەوەیی و پاراستنی بەها پیرۆزەکان " ناکەن، نەدرێت. ئەم کەمپینە کە ٩٧ نوسەر وڕۆشنبیری دیاری کوردستان تیا بەشدار بوون .

## پرۆژەی پێشنیاری فراکسیۆنی پارتی بۆ گەڵالەی یاسایەکی دژی ئازادی دەربرین ، ڕووبەڕووی شەپۆلێک لە کەمپینی نارەزایەتی ڕۆشنبیران و جەماوەر دەبێتەوە.

لە درێژەی هەمان سیاسەتی سەرکوتگەرانە وملنان بەرەو حکومەتی پۆلیسی و بەرتەسکردنەوەی ئازادی و دامەزراندنەوەی سانسۆری دیکتاتۆری،فراکسیۆنی پارتی پرۆژە یاسایەکی ئامادەکردووە بەناوی یاسای هێما نیشتمانی و نەتەوەییەکان ، پارێزگاری لە " ئاڵا وهێماو ڕابەرە مێژووییەکان" و بەنیازە بیداتە پەرلەمان، لەگەڵ بڵاوبونەوەی ئەم هەواڵە، چەندین کەمپینی گەورە لەلایەن نوسەران و خەڵکەوە بۆ بەرپەچدانەوەی و ڕاوەستانەوە بەرامبەر بە م ملهوڕییە و بیرکردنەوە کۆنەپەرستانە بوەستنەوە. لەیەکێک لە کەمپینەکاندا ئیمزای زیاتر لە ٤٠٠ کەسایەتی و نوسەر ودامەزراوەی فەرهەنگی و کلتوری تێدایە.

بۆ پەیوەندی گرتن بە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق و ڕۆژنامەی ڕەوت
البدیل OCA ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
SCAN ME
ڕەوت
مازن محەمەد +9647709658673
نزار عەقراوی +447507070024
نەوزاد بابان +9647501613378
@rawtnews
@AlbadeelAlsheoi
Rawt.news@gmail.com
Albadeel.alsheoi@gmail.com
http://www.Albadeel-alsheoi.org/ar

دەستەی بەڕێوەبردن
نادر عبدالحمید
جەمال کۆشش
عەبدوڵا ساڵح
سوریا تاهیر
شیرین عەبدوڵا
نەوزاد بابان
موئەیەد ئەحمەد
نزار عەقراوی
سەلاح فەتحوڵا

گرافیک و دیزاین : سەلاح فەتحوڵا
Graphics and Design : by Salah Fathulla
E-mail/ salah_fathulla@hotmail.com